A Safer World For The Truth

# تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان
# پەردەهەڵدانەوە لەسەر بێبنەمایی گوتاری فەرمی



# جیهانێکی ئارامتر بۆ ڕاستی

(جیهانێکی ئارامتر بۆ ڕاستی) کاردەکات بۆ بەدەستهێنانی دادپەروەری بۆ ئەو تاوانانەی دژی ڕۆژنامەنووسان ئەنجام دراون. ئەم پرۆژەیە پێک دێت لە زنجیرەیەک لێکۆڵینەوە لە کەیسی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە بەهۆی کارەکانیانەوە کوژراون. لەڕێگەی ئەم لێکۆڵینەوانەوە، ڕاستی و زانیاری نوێ لەسەر ئەو کوشتنانە ئاشکرا دەکرێت بۆ ڕێگە خۆش کردن بۆ دادپەروەری. جیهانێکی ئارامتر بۆ ڕاستی دەستپێشخەرییەکی هاوبەشی چاپەمەنی ئازادی بێسنوور و لیژنەی داکۆکیکردن لە رۆژنامەنووسان و پەیامنێرانی بێ سنوورە.


**سوپاسنامە**

ئەم ڕاپۆرتە لە لایەن (جیهانێکی ئارامتر بۆ ڕاستی) توێژینەوەی بۆ کراوە و نووسراوە. ئێمە سوپاسگوزارین بۆ زانیارییەکانی شارەزایان ڕێنا نێتجێس، ئیگناسیۆ دیلگادۆ کۆلیبراس، ئاوات عەلی، و ڕەحمان غەریب. پێزانینی قووڵی خۆمان ئاڕاستەی هەموو ئەو کەسانە دەکەین کە بە زانیاری و تێڕوانینەکانیان بەشدار بوون لەم لێکۆڵینەوەیەدا.

**دیزاین**

ڕۆکس/ی

**وێنەی بەرگ**

ئەرشیفی خێزان



**مافی چاپ**

چاپەمەنی ئازادی بێسنوور ٢٠٢٢


**ئەم ڕاپۆرتە پێویستە بەم شێوەی خوارەوە وەک سەرچاوە باس بکرێت:**

جیهانێکی ئارامتر بۆ ڕاستی (2022). تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان: پەردەهەڵدانەوە لەسەر بێبنەمایی گوتاری فەرمی.

# ناوەڕۆک


**١. هەلومەرجی وڵات** 8

کوردستانی عێراق: تێکۆشان بۆ سەربەخۆیی
حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستانی عێراق
ئازادی ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستانی عێراق
توندوتیژی دژ بە ڕۆژنامەنووسان و کوشتنیان لە هەرێمی کوردستانی عێراق

**٢. سەردەشت عوسمان: بوێر و بەهرەمەند** 15

ژیان و کار
هێڵی سوور و هەڕەشەکان

**٣. تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان** 20

ڕفاندن و تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان
کاردانەوە بۆ کوشتنەکە

**٤. لێکۆڵینەوە و گوتاری فەرمی** 24

لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی نەناسراو
ئەنجامی لیژنەی لێکۆڵینەوەی تایبەت
گومانلێکراو هیشام مەحمود ئیسماعیل

**٥. کەلێن و لاوازی لە لێکۆڵینەوەی فەرمیدا** 28

هەڕەشەکانی دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێمی کوردستان
چیرۆکێکی باوەڕپێنەکراو سەبارەت بە ڕفاندنی سەردەشت عوسمان
نەبوونی ڕاپۆرتی توێکاری فەرمی باوەڕپێکراو و گونجاو لە کاتی خۆیدا
ڕێتێنەچوونی ئەنسارولئیسلام وەک ئەنجامدەر
لیژنەی لێکۆڵینەوە خانەوادەی سەردەشت، نووسین،و هەڕەشەکانی دژی پشتگوێ خست

**ئەنجام و ڕاسپاردەکان** 38

# کورتکراوەکان

AI – گروپی ئەنسارولئیسلام
CCTV – کامێرای چاودێری (سی سی تی ڤی
CPJ - لیژنەی داکۆکیکردن لە رۆژنامەنووسان
HRW - هیومان ڕایتس ووۆچ
IWPR - پەیامنگای ڕۆژنامەوانی جەنگ و ئاشتی
KRG - حکومەتی هەرێمی کوردستان
KRI - هەرێمی کوردستانی عێراق
KDP - پارتی دیموکراتی کوردستان
KNN - تۆڕی هەواڵی کوردی (کەی ئێن ئێن)
MoI - وەزارەتی ناوخۆ
MoPa - وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە
NRT - دامەزراوەی میدیایی نالیا
NYT - نیویۆرک تایمز
PUK - یەکێتی نیشتیمانی کوردستان
RSF - پەیامنێرانی بێ سنوور

# پوختەی جێبەجێکاری

(سەردەشت عوسمان حەسەن حەمەد) ڕۆژنامەنووسێکی تەمەن (٢٣) ساڵی شاری هەولێر-ی هەرێمی کوردستانی عێراق بوو. سەردەشت سەبارەت بە بابەتەکانی وەک گەندەڵی، پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ، نایەکسانی، کردەوەی سەرکردە ستەمکارەکان دەینوسی و بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارانەدا دەگەڕا کە نەوەکەی ئەوی نیگەران کردوبوو. لە (١٣ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٩)دا سەردەشت وتارێکی تەنز ئامێزی نووسی بەناوی : "من عاشقی کچەکەی بارزانیم". تێیدا بە وردی سەبارەت بە ئیمتیازات و نێپۆتیزمی بنەماڵەی (بارزانی) دەنوسێت و بە ئاشکرا سەرراستی و پاکێتی ئەو بنەماڵەییە دەخاتە ژێر پرسیارەوە. سەردەشت دەستبەجێ هەڕەشەی کوشتنی پێدەگات کە تێیدا ئاماژە بە دواین نووسینەکانی دەکرێت.

لە (٤ی ئایاری ٢٠١٠) سەردەشت لە هەولێر ڕفێندرا و بەهۆی نووسینەکانیەوە تیرۆرکرا. دوای ١٢ ساڵ، ئێشتاش هیچ کەسێک بەتۆمەتی تاوانی ڕفاندن و تیرۆرکردنی سەردەشت دەستگیرنەکراوە و سزا نەدراوە. بانگەشەی باوەڕپێکراو هەیە کە بەرپرسانی پەیوەندیدار بە بنەماڵەی بارزانی بەشداربوون لە کوشتنەکەدا.

ڕۆژنامەنووسانی وەک سەردەشت، کە لەو شوێنانەدا کار دەکەن کە تیایدا ئازادی ڕۆژنامەگەری سنوردارە، زۆرجار ناچارن بکەونە سانسۆرکردنی خۆیان بۆ ئەوەی چەند هێڵێکی سوور نەبەزێنن، چونکە ئەو ڕۆژنامەنووس و میدیایانەی کە ئەم هێڵانە دەبەزێنن زۆر جار لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بە توندی بە ئامانج دەگیرێن. زۆر بەدەگمەن هەڕەشە و هێرشەکان بۆ سەر ئەو ڕۆژنامەنووسانە بە شێوەیەکی خێرا و کاریگەر و تەواو لێکۆڵینەوەیان بۆ دەکرێت و نەبوونی لێپێچینەوە لەم جۆرە تاوانانە زۆر باوە. سەرجەم بکوژانی ڕۆژنامەنووسە تیرۆرکراوەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق تاوانەکانیان ئەنجام داوە بەبێ ئەوەی سزا بدرێن. کەیسی سەردەشت نیشانە و بەڵگەیەکە کە تیشک دەخاتە سەر چارەنووسی زۆرێک لەڕۆژنامەنووسانی گەنج و ڕەخنەگر لە ناوچەکەدا.

لە (٢٢ی ئایاری ٢٠١٠)، سەرۆکی ئەوکاتەی هەرێم (مەسعود بارزانی) هەستا بە پێکهێنانی "لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی تایبەت" بۆ دۆزینەوەی ئەنجامدەرانی تاوانی ڕفاندن و تیرۆرکردنی سەردەشت. پێکهاتە و ڕاسپاردەی ئەم لیژنەیە ئاشکرا نەکرا بۆیە مەحاڵ بوو وردبینی لە بێلایەنی و شارەزایی ئەندامانی لیژنەکە بکرێت. دوای چوار مانگ، لیژنەی لێکۆڵینەوە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە سەردەشت عوسمان لەلایەن گروپی تیرۆریستی (ئەنسارولئیسلام)ەوە کوژراوە بەهۆی بەجێنەهێنانی بەڵێنەکەی بۆ هاوکاری و یارمەتیدانی گروپەکە. لێکۆڵینەوەکەی ئێمە ئەوەی دەرخست کە ئەنجامی لیژنەکە دەربارەی ئەوەی کێ سەردەشت عوسمانی ڕفاندووە و تیرۆری کردووە ڕوونکردنەوەیەکی بێبنەما و ناژیرانەیە.

تیمی لێکۆڵینەوەکەمان چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەیان شایەتحاڵ کرد، فایل و لێدوانە فەرمییەکانی کەیسەکەیان شیکردەوە، و پێداچوونەوەیان بۆ وێنەی سەتەلایتی و بەڵگەی فۆتۆگرافی کرد. ئامانجیان وردبینیکردن بوو لە لێکۆڵینەوە فەرمییەکە و ئاشکراکردنی ئەنجامی نوێ سەبارەت بە کوشتنی سەردەشت. ئەم ڕاپۆرتە کەموکوڕییەکی زۆر لە لێکۆڵینەوەی فەرمی لە ڕفاندن و تیرۆرکردنی سەردەشت ئاشکرا دەکات و ئەو بانگەشە باوەڕپێکراوانە دەخاتەڕوو کە دەسەڵاتدارانی کورد ڕاستەوخۆ بەشداربوون لەو کوشتنەدا.

یەکەم، بۆمان دەرکەوت کە دوای تیرۆرکردنەکە دەسەڵاتدارانی کوردی بەردەوام خانەوادە و هاوڕێیانی سەردەشتیان هەراسان کردووە و هەڕەشەیان لەو ڕۆژنامەنووسانە کردووە کە لەسەر ئەم کەیسە نووسیویانە. سەرباری ئەمەش، دەسەڵاتدارانی کوردی بڵاوکراوەی جۆراوجۆریان لەسەر ژیان و کار و تیرۆرکردنی سەردەشت قەدەغە کردووە. ئەم هەڕەشە و قەدەغەکردنانە هیچ مانایەکیان نییە لەبەر ڕۆشنایی ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوە فەرمییەکە و بەم شێوەیە گومانێکی زۆر گەورە لەسەر باوەڕپێکراویی ئەنجامی لیژنەکە دروست دەکات.

دووەم، لێکۆڵینەوەکەمان نەگونجاوی و ناڕێکی گەورەی دۆزیەوە لە ڕاپۆرت و چیرۆکی لیژنەی لێکۆڵینەوەدا کە پەیوەستە بە ڕفاندنی سەردەشتەوە. ئەو شوێنەی سەردەشتی لێ ڕفێندراوە بە بەردەوامی لەلایەن کامێرای (سی‌سی‌تی‌ڤی) و پاسەوانی چەکدارەوە چاودێری دەکرا، لەگەڵ ئەوەشدا پاسەوانە چەکدارەکان ڕێگریان لە ڕفاندنەکە نەکرد؛ نە لیژنە تایبەتەکەش شیکاری بۆ ڤیدیۆی (سی‌سی‌تی‌ڤی) ڕفاندنەکە کردووە.

لیژنەکە ئەوەش دەڵێت کە ئەنجامدەرانی تاوانەکە توانیویانە سەردەشت لە هەولێرەوە بە زیندوویی بگوازنەوە بۆ موسڵ بە مینی پاسێکی سپی ژمارە کاتی بەغدا. لێکۆڵینەوەکەمان بەلایەنی کەمەوە (١٥) خاڵی پشکنینی ئەمنی لەسەر ڕێگای سەرەکی نێوان هەولێر و موسڵ دۆزییەوە، کە بە ئەگەری زۆرەوە هەر ئۆتۆبیلێکی ژمارە عێراقیان جیادەکردەوە و دەیانپشکنین. ڕێگەی تێناچێت کەسێک لەدەرەوەی دەزگا ئەمنییەکان توانیبێتی سەردەشت بەزیندوویی بگوازێتەوە بۆ دەرەوەی سنورەکانی هەرێمی کوردستان بەبێ ئەوەی لانیکەم جارێک بپشکندرێت.

سێیەم، ڕاپۆرتی فەرمی توێکاری تەرمەکە بەو شێوەیەی لەلایەن لیژنەی لێکۆڵینەوە پێشکەشکراوە متمانەی نییە بەهۆی گەیاندنی ناوەختی بۆ بنەماڵەکەی و نەگونجاوی لەگەڵ لێدوان و گێڕانەوەی شایەتحاڵەکان و وێنەی جەستەی سەردەشتدا. ئەو پزیشکەی کە ڕاپۆرتی توێکارییەکەی دارشتووە، پاش پەیوەندی کردن بە خانەوادەی سەردەشت دیار نەما، خانەوادەی سەردەشت نەیانتوانی کۆپیەکی ڕاپۆرتە ئەسڵییەکە بەدەست بێنن. پاشان کۆپیەکیان لەدەزگای ئاسایشەوە پێگەیشت. ئەم ڕاپۆرتە توێکارییە "ڕەسمی"ە دەڵێت سەردەشت لە ناوەڕاستی ناوچاوانی جێ برینی یەک فیشەک هەبووە، بەڵام بەڵگەی فۆتۆگرافی ئەم وتەیە ڕەت دەکاتەوە. ڕاپۆرتەکە دەشڵێت سەردەشت هیچ برینێکی تری پێوەنەبووە، بەڵام وێنەکانی جەستەی سەردەشت برینی ڕوون و ئاشکرا لە سەر جەستەی و دەموچاوی نیشان دەدەن. لەکۆتاییدا، ڕاپۆرتەکە هیچ ئاماژەیەکی ڕوون و ئاشکرا ناکات بە زنجیرەی کۆنترۆڵ و گواستنەوە و شیکردنەوە بۆ بەڵگە دۆزراوەکان لە شوێنی تاواندا وەک گوللە و مۆبایلەکەی سەردەشت.

چوارەم، لیژنەکە بانگەشەی ئەوەیان کرد کە گروپی تیرۆریستی ئەنسارولئیسلام لەپشت تیرۆری سەردەشتەوە بووە، بۆ ئەمەش چیرۆکەکەیان پشتبەستە بە یەک دانپێدانانی گوماناوی کە دواتر لە دادگا کشێنراوەتەوە. ئەنجامەکانمان ئەوەش دەردەخەن کە ئەو کەسەی لە لایەن لیژنەکەوە وەک تۆمەتبار دەستنیشانکرا هیچ پاڵنەرێکی ڕوونی نەبووە بۆ ئەنجامدانی کوشتنەکە. هەروەها، ئەنسارولئیسلام بە ئاشکرا نکوڵی کرد لە تێوەگلانی لەکوشتنەکە، سەرەڕای ئەوەی زۆربەی کات بە ڕاشکاویی بەرپرسیارێتی خۆیان لەو جۆرە هێرشانە ڕادەگەیاند. سەرباری ئەوەش، ئەنسارولئیسلام توانای ئەنجامدانی هێرشێکی وەها ئاڵۆزییان لە هەولێر نەبوو. بۆیە ڕوونکردنەوەی لیژنەکە دەربارەی ئەوەی کە سەردەشت لەلایەن ئەنسارولئیسلامەوە کوژراوە بەهۆی بەجێنەهێنانی بەڵێنەکەی ڕێی تێناچێت.

پێنجەم، لیژنەی لێکۆڵینەوە چاوپێکەوتنی لەگەڵ هیچ یەک لە ئەندامانی خانەوادە و هاوڕێیانی سەردەشت نەکردووە و نووسینەکانی وەک پاڵنەرێک بۆ کوشتنەکە پشتگوێ خستووە و لێکۆڵینەوەی لەو هەڕەشانە نەکردووە کە لە سەردەشت کراون بەر لە کوشتنی. دیارە ئەمەش وایکرد لیژنەکە بینینێکی تونێلی و یەک ڕەهەندی هەبێت بۆ کەیسەکە و بووە هۆی ئەوەی کە پاڵنەرەکانی تر بۆ کوشتنەکە پشتگوێ بخرێن.

هەڕەشەکانی دەسەڵاتدارانی کوردی لە خانەوادەی سەردەشت و کەموکوڕییە دیاریکراوەکانی لێکۆڵینەوە فەرمییەکە نەک هەر ئەوە دەردەخەن کە هیچ هەوڵێکی ڕاستەقینە نەدراوە بۆ دۆزینەوەی ئەنجامدەرانی تیرۆری سەردەشت عوسمان بەڵکو پێشنیاری تێوەگلانی دەسەڵاتدارانی کوردی و دەزگا ئەمنییەکانیان، کە دیارترینیان ئاسایشە، دەکەن.

(جیهانێکی ئارامتر بۆ ڕاستی) پەیوندی کرد بە لایەنە پەیوەندیدارەکانی کورد، بەڵام هیچ وەڵامێکمان بۆ پرسیارەکانمان پێنەگەیشت.

لەبەر ڕۆشنایی هەڕەشەکان لە خانەوادەی سەردەشت، کەموکوڕییە دەستنیشانکراوەکان لە لێکۆڵینەوە فەرمییەکەدا، و بانگەشەی تێوەگلانی دەسەڵاتدارانی کورد لە تیرۆری سەردەشتدا، بۆیە ئەم ڕاپۆرتە ئەمانەی خوارەوە پێشنیار دەکات:

بۆ دەسەڵاتدارانی لێکۆڵینەوەی کوردی پەیوەندیدار:

- **بە شێوەیەکی سەربەخۆ و شەفاف دووبارە لێکۆڵینەوە لە ڕفاندن و تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان بکرێت بە گوێرەی پێوەرە جیهانییەکان بۆ لێکۆڵینەوەی کاریگەر و ورد و بێلایەن و شەفاف.** دوای نزیکەی (١٢) ساڵ لەتیرۆرکردنی سەردەشت، هیچ پێشکەوتنێک نەبووە و نە هەوڵێکی ڕاستەقینەش بۆ لێکۆڵینەوە لە کوشتنەکە دراوە.

- **لەچوارچێوەی ستانداردی نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوەکانی تاوان وەک پرۆتۆکۆلی مینیسۆتا (Minnesota Protocol)، بەدواداچوون بکرێت بۆ کەیسی ڕۆژنامەنووسانی کوژراو لە هەرێمی کوردستانی عێراق بە شێوەیەکی شەفاف و بێلایەن و کاریگەر و تەواو و خێرا.** لەکۆی ئەو (٢٢) ڕۆژنامەنوسانەی کە بەهۆی کارەکانیانەوە کوژراون لەعێراق لەدوای تیرۆرکردنی سەردەشتەوە، هەشتیان بە پێی ڕاپۆرتەکان لە هەرێمی کوردستان کوژراون. پێشکەوتن لە هیچ کام لەم کەیسانەدا نەبووە یان هێواش و نادیار بووە بۆ ئەندامانی خێزان و هاوکاران و ڕای گشتی. ئەم نەبوونی لێپێچینەوە و سزانەدانە دەبێتە هۆی گەشەکردنی خود-سانسۆرکردن و ڕێگەگرتن لە بڵاوکردنەوەی زانیاری.

بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان:

- **وەستاندنی هەراسانکردن و تۆقاندن و هەڕەشەکان دژی خانەوادە و هاوڕێیانی سەردەشت عوسمان.** دووبارە لێکۆڵینەوە لە کەیسی سەردەشت لەگەڵ داوای لێبوردنێکی فەرمییدا بۆ ڕاستکردنەوەی بەیاننامەکەی لیژنەی لێکۆڵینەوەی فەرمی کە سەردەشتی بە تیرۆریست لەقەڵەم دابوو و دانپێدانان بەوەی کە لێکۆڵینەوەکە ناتەواو و پڕ لە هەڵە بووە. هەروەها دەستبەجێ وەستاندی هەڕەشەی ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆ لەلایەن دەسەڵاتەوە بۆ سەر خانەوادەی سەردەشت و هەر کەسێک کە باسی کەیسی سەردەشت بکات.

- **جێبەجێکردنی تەواوی یاسا و ڕێسای نیشتمانی و نێودەوڵەتی تایبەت بە پاراستنی ڕۆژنامەنووسان و دەستەبەرکردنی لێکۆڵینەوەی شەفاف و گشتگیر لە هەڕەشە و تاوان دژی ڕۆژنامەنووسان.** مادەی (٥) و ماددەی (٦) ی یاسای ڕۆژنامەگەری کوردی ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧) داوای سزادانی توندی هەر کەسێک دەکات، بە هێزە ئەمنییەکانیشەوە، کە هێرش دەکەنە سەر میدیاکاران. لە ماوەی نزیکەی (١٤) ساڵدا، هیچ تاوانبارکردنێکی سەرکەوتوو لەسەر بنەمای ئەم ماددانە جێبەجێ نەکراوە.

- **دانانی میکانیزمێکی بەرگیری سەربەخۆی فەرمی کەئەرکی لێکۆڵینەوە بێت لە هەڕەشە و هێرش بۆ سەر ڕۆژنامەنووسان.** ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە هەڕەشەیان لێدەکرێت و دەکرێنە ئامانج، بە تایبەتی لەو حاڵەتانەی کە سەرچاوەی هەڕەشەکە بەرپرسانی حکومەتن، لە ئێستادا ناتوانن نیگەرانییەکانیان بخەنە بەردەم دەسەڵات و لایەنێکی لێهاتوو. بۆیە داوا لەدەسەڵاتدارانی کوردی دەکەین کە میکانیزمێکی بەرگیری سەربەخۆی فەرمی دابمەزرێنن کە بتوانێت بەدواداچوون بۆ هەموو ئەو بانگەشە باوەڕپێکراوانە بکات کە دەخرێنە ڕوو لەلایەن ڕۆژنامەنووسانی (هاووڵاتی)، بە بلۆگەرەکانیشەوە، کە هەڕەشەیان لێکراوە یان هێرشیان کراوەتە سەر، بە شێویەک کە رۆژنامەنووسان و میدیاکاران بتوانن دەسبەجێ دەستیان بگات بە لایەنە پەیوەندیدارەکان کە توانا و سەرچاوەی پێویستیان هەبێت بۆ ئەوەی ڕێوشوێنی پاراستنی کاریگەر بگرنە بەر.

بۆ یەکێتی ئەوروپا و وڵاتانی ئەندام، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، شانشینی یەکگرتوو، و وڵاتانی دیکە کە پەیوەندی دیپلۆماسی و ئابووریان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە:

- **فشاری بەردەوام بخەنە سەر دەسەڵاتدارانی کورد بۆ لێکۆڵینەوە لە هەڕەشەلێکردن و پەلاماردان و کوشتنی رۆژنامەنوسان بەپێی ستاندارده جیهانییەکان، لەوانەش دووبارە لێکۆڵینەوە لە کەیسی سەردەشت عوسمان.** وڵاتانی ئەندام لە هاوپەیمانی ئازادی میدیا (Media Freedom Coalition) کەپەیوەندی دیپلۆماسی و ئابووریان هەیە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت زامنی ئەوە بکەن کە پێشێلکردنی ئازادی بیروڕا، ئازادی ڕادەربڕین، و ئازادی زانیاری بەشێکی گرنگن لەگفتوگۆکانیان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و  فشار بخەنە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پشتگیریکردن لەم ئازادییانە.

لە (ئایاری ٢٠٢١) ، نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاریی عێراق (یونامی) و نووسینگەی کۆمسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان (OHCHR) پێشنیاریان کرد کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لێکۆڵینەوەیەکی خێرا و کاریگەر و تەواو و سەربەخۆ و بێلایەن و شەفاف ئەنجام بدات لە هەڕەشەکردن و دەستدرێژیکردنە سەر ڕۆژنامەنووسان و ئەندامانی خێزانەکەیان و دەڵێن کە قوربانییەکان و ئەندامانی خێزانەکانیان مافی دادپەروەری و ڕاستی و قەرەبووکردنەوەیان هەیە. پێویستە ئەو دەوڵەتانەی پەیوەندی دیپلۆماسی و ئابووریان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە بەدواداچوون بۆ ئەو ڕاسپاردانە بکەن کە لەلایەن یونامی و (OHCHR) ئارەوە پێشکەش کراون و فشارە دیپلۆماسی و ئابوورییەکانیان بۆ سەر دەسەڵات و تاکەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان چڕ بکەنەوە بۆ جێبەجێکردنی یاسا و ستاندارده نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی تاوان.

- **لەداهاتووشدا، بەبەردەوامی سزای ئامانجدار بسەپێنن بەسەر ئەو بەرپرسانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە پەیوەندیان هەیە بەتاوانی دژ بەڕۆژنامەنووسان، هەروەها بە سەر دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ڕێگریکردن لە لێکۆڵینەوەی خێرا و کاریگەر و ورد و بێلایەن و شەفاف لەتاوانەکانی دژ بەڕۆژنامەنووسان.** سزاکان یارمەتیدەرن بۆ هێشتنەوەی فشار لەسەر کاراکەتەر و لایەنەکان و دوورخستنەوەیان لە درێژەدان بە ڕەفتاری توندوتیژانە. سزا ئامانجدارەکان ئامرازی کاریگەرن کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێن بۆ وەستاندنی سامانی تاکەکان و قەدەغەکردنی چوونەژوورەوەیان بۆ چەند وڵاتێکی دیاریکراو و ڕێگەگرتن لە ئەنجامدانی بازرگانی لە چەند وڵات و بە دراوی دیاریکراو. بۆیە ئەم ڕاپۆرتە پێشنیاری وڵاتانی ئەندامی (هاوپەیمانی ئازادی میدیا) دەکات کە ڕژێمەکانی سزای دەمەزراویان هەیە کە سزای ئامانجدار بگرنە بەر لە دژی بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە پەیوەندیان هەیە بە تاوان دژی ڕۆژنامەنووسان.

پانێڵی باڵای سەربەخۆی شارەزایانی یاسایی لە ئازادی میدیا (The Independent High Level Panel of Legal Experts on Media Freedom) بە دیاریکراوی دەڵێت: ”بەکارهێنانی بەردەوامی سزا ئامانجدارەکان کاتێک رۆژنامەنووسان دەکوژرێن و بە هەڕەمەکی زیندانی دەکرێن یارمەتیدەر دەبێت بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری نێودەوڵەتی و گۆڕینی کەمتەرخەمی سزانەدان بەرەو لێپرسینەوە. دەرفەتێکی گرنگ هەیە بۆ ئەوەی دەوڵەتەکان بە مۆدێلێکی نوێ ڕێبەری بکەن:  کە کاتێک هێرش دەکرێتە سەر میدیا، سزای ئامانجدار دەبێتە دژەهێرش. ئەو حکومەتانەی کە بە ڕاستی دەیانەوێت ڕۆژنامەنووسان بپارێزن، دەبێت ئەو دەرفەتە بقۆزنەوە.“

# ١. چوارچێوەی تیرۆرکردنەکە

## کوردستانی عێراق: تێکۆشان بۆ سەربەخۆیی

کوردەکان ناسراون بە یەکێک لە گەورەترین گرووپە ڕەگەزییەکان کە خاوانی دەوڵەتی خۆیان نین.[1] بزووتنەوەکانی کورد لەسەرانسەری ناوچەکەدا هەوڵیان داوە بۆ بەدەستهێنانی ناسینی سیاسی، مافی کولتووریی، و خۆبەڕێوەبەریی زیاتر و لەهەمووی گرنگتر: سەربەخۆیی. لە عێراق، کوردەکان نزیکەی لە سەدا (٢٠)ی کۆی دانیشتوان پێکدێنن کە زۆرینەیان لە پارێزگا شاخاوییەکانی باکوور دەژین کە هاوسنوورن لەگەڵ ئێران، تورکیا، و سوریا.

دوو حیزبی سیاسی سەرکردایەتی خەباتی کوردەکانی عێراقیان کردووە بەروە خۆبەڕێوەبەریی: پارتی دیموکراتی کوردستان (پ.د.ک) و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان (ی.ن.ک). مستەفا بارزانی - کە لەلایەن زۆر کەسەوە بە باوکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی دادەنرێت - (پارتی دیموکراتی کوردستان)ی دامەزراند لە ساڵی ١٩٦٤ و تا مردنی لە ساڵی ١٩٧٩ سەرکردایەتی کرد.[2] ئەم حیزبە بناغەیەکی بەهێزی خێڵەکی هەیە و ناوی بنەماڵەی بارزانی لە زێدی خۆیان لە (بارزان) لە باکوری کوردستانی عێراق سەرچاوەی گرتووە.[3] گرنگترین پۆستەکانی ناو حیزب و هەرێمەکە بە دەست ئەندامانی بنەماڵەی بارزانییەوەن، (نێچیرڤان بارزانی) وەک سەرۆکی هەرێم و (مەسرور بارزانی) ئامۆزای وەک سەرۆکی حکومەت. لە ساڵی ١٩٧٥دا، (جەلال تاڵەبانی) لە پارتی دیموکراتی کوردستان جیابووەوە و یەکێتی نیشتمانی کوردستانی دامەزراند.[4] دوای زنجیرەیەک یاخیبوونی شکستخواردوو و ناکۆکی توند و تیژی نێوان هەردوو حیزب، لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکان سەرۆک کۆماری ئەو کاتەی عێراق (سەدام حوسێن) فەرمانی بە هێزە نیشتمانییەکانی عێراق کرد کە کۆتایی بە هەر بەرخۆدانێکی کوردی بهێنن. لە چەند ئۆپەراسیۆنێکی دڕندانەدا، لەوانە هێرشی کیمیایی، ژمارەیەکی زۆر کورد کوژران یان ئاوارە بوون.[5]

لە سەرەتای نەوەدەکاندا، سەرکردە کوردەکان و هێزە چەکدارەکانیان توانیان دەسەڵاتێکی مەدەنی نیمچە سەربەخۆ پێک بهێنن.[6-7] سەرەڕای سەرهەڵدانی ئەم دەوڵەتە دیفاکتۆ کوردییە، پارتی و یەکێتی بەشێکی زۆری ساڵانی ١٩٩٠کانیان لە شەڕی ناوخۆدا بەسەربرد. لە ساڵی ١٩٩٦ بەدواوە هەردوو حیزبەکە سیستەمێکی دووبەشی حوکمڕانییان دروست کرد، پارتی دیموکراتی کوردستان لە باکووری ڕۆژئاوا (لە دەوروبەری دهۆک و چەند بەشێکی هەولێر) و یەکێتی لەباشووری ڕۆژهەڵات (لەدەوروبەری سلێمانی و کەرکوک).[8] هەردوو حیزبەکەش هێزی ئەمنیی (ناوخۆیی) خۆیان ڕێکخست کە بەجیا لەلایەن ئەندامانی بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانییەوە سەرکردایەتی دەکرێن.[9] لە ٢٠٠٥ پارتی و یەکێتی ڕێکەوتن لە سەر هاوبەشیکردنی دەسەڵات بە یەکسانی. لە پارتی، مەسعود بارزانی، کوڕی مستەفا بارزانی، لەلایەن پەرلەمانی هەرێمی کوردستانەوە وەک یەکەم سەرۆکی کوردستانی عێراق هەڵبژێردرا. لە یەکێتی، جەلال تاڵەبانی وەک یەکەم سەرۆکی عێراقی دوای جەنگ و ناعەرەبی وڵاتەکە هەڵبژێردرا.[10]

1 چەیس وینتەر (24ی کانوونی دووەمی 2018). کورد کێن؟. https://www.dw.com/en/who-are-the-kurds/a-19515578

2 ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە (2021). هێڵی کات: پرسی کورد بۆ سەربەخۆیی.https://www.cfr.org/timeline/kurds-quest-independence

3 عەزیز، ئێس. و کۆتی، ئەی. (2021) پێشمەرگەی کوردی عێراق: ڕیفۆرمی سەربازی و بنیاتنانی نەتەوە لە دەسەڵاتێکی دابەشکراودا. لێکۆڵینەوەکانی بەرگری، 21:2، 226-241، https://www.tandfonline.com/action/showCitFormats?doi=10.1080%2F14702436.2021.1888644

4 ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە (2021). هێڵی کات: پرسی کورد بۆ سەربەخۆیی. https://www.cfr.org/timeline/kurds-quest-independence

5 بریتانیکا، سەرنوسەرانی ئینسایکلۆپیدیا (13ی ئازار 2020). کوردستان. ئینسایکلۆپیدیا بریتانیکا. https://www.britannica.com/place/Kurdistan

6 گەنتەر، ئێم. ئێم. (٢٠٠٤). پرسی کورد لە ڕوانگە. کاروباری جیهانی، 166(4)، 197-205 http://www.jstor.org/stable/20672696

7 ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە (2021). هێڵی کات: پرسی کورد بۆ سەربەخۆیی. https://www.cfr.org/timeline/kurds-quest-independence

8 عەزیز، ئێس. و کۆتی، ئەی. (2021). پێشمەرگەی کوردی عێراق: ڕیفۆرمی سەربازی و بنیاتنانی نەتەوە لە دەسەڵاتێکی دابەشکراودا. لێکۆڵینەوەکانی بەرگری، 21:2، 226- 241، https://www.tandfonline.com/action/showCitFormats?doi=10.1080%2F14702436.2021.1888644.

9 ئێم. جەی. باکر (6ی تەمموزی 2021). شەڕ لە ناوخۆ: پێویستی چاکسازی کەرتی ئاسایشی ناوخۆ لە کوردستانی عێراق. https://www.mei.edu/publications/war-home-need-internal-security-sector-reform-iraqi-kurdistan

10 ڕۆگ، ئای.،و ڕیمشا، ئێچ. (2007). کوردوەک بەشێک و قوربانی ململانێکانی عێراق. ڕەخنەنامە نێودەوڵەتی خاچی سوور، 89(868)، 842-823.

## حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە کاتی کوژرانەکە (٢٠١٠)

پارتی و یەکێتی لەمێژە و هێشتاش دوو گەورەترین و بەهێزترین پارتی سیاسین لە کوردستانی عێراقدا. لەگەڵ ئەوەشدا لە ٢٠٠٩، ساڵێک بەر لەتیرۆرکردنی سەردەشت حیزبێکی نوێی ئۆپۆزسیۆن پێکهێنرا دوای پچڕانی لە یەکێتی. بزوتنەوەی گۆڕان - کە بەتایبەتی جەماوەری گەنجی بۆخۆی ڕاکێشا - داکۆکی لەچاکسازیی فراوانی سیاسی و ئابووری و سەربازی کرد بۆ ئەو پێکهاتەیەی کە لەلایەن پارتی و یەکێتیەوە دروستکراوە. هەر ئەم پەیامە بوو کە یارمەتی دا ببێتە دووەم گەورەترین پارتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان لە دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٩ کە تێیدا لیستی کوردستانی (هاوپەیمانی نێوان پارتی و یەکێتی) ١٩ کورسییان لە دەست دا.[11-12] بەم ئەنجامانە، بزوتنەوەی گۆڕان بۆ یەکەم جار دامەزراوەی سیاسی کوردی ڕاوەشاند و توانی هەژموونی پارتیی/یەکێتی لە هەرێمی کوردستان تێکبدات.[13] یەکێتی خۆی دۆزیەوە بە بێ هیچ دیدێکی ڕوون بۆ چۆنیەتی هەستانەوەی لە پێگەی بەهێزی خۆی لە سلێمانی کە تیایدا گۆڕان بوو بە پارتی دەسەڵاتدار. پارتیش ترسی هەبوو لە ئەگەری کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی باڵانسی نوێی دەسەڵات لە پەرلەمانی کوردستان.[14]

لەدوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٩ زۆرێک لەخەڵکی کورد بە سەردەشتیشەوە وایان لێهات کە زیاتر باس لەناڕازیی خۆیان لە سیستەمی سیاسی بکەن. بابەتی گرنگی وەک گەندەڵی و هەڵسوکەوتی کەسایەتیە سیاسیە پلە بەرزەکان بە ئاشکراتر تاوتوێ کران.[15] گوتاری گۆڕان ڕێگەی بۆ بزوتنەوە جەماوەرییەکانی ساڵی ٢٠١١ی هەرێمی کوردستان خۆشکرد، کە پاشان بە توندی لەلایەن بەرەیەکی یەکگرتووەی پارتی-یەکێتیەوە سەرکوتکران.[16] سەرەڕای ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٩ بووە هۆی هەڵچوونێکی گەورە، گۆڕان شکستی هێنا لە پێشکەشکردنی تەحەدایەکی درێژ خایەن بۆ پارتی و یەکێتی.[17-18] لە ئێستادا گۆڕان شەشەمین حیزبی گەورەی کوردستانە.

لە هەژموونی خۆیان یان ئەوەی کە هەندێک بە پاوانی سیاسی دوو لایەن ناوی دەبەن، پارتی و یەکێتی کۆنترۆڵی بەشێکی بەرچاو لە دامەزراوە حکومی و کەرتی ئەمنی و سەرچاوەکانی (ئابووری) هەرێم دەکەن.[19-20] ئەو دوو حیزبە بە گەندەڵی تۆمەتبارکراون - بۆ نمونە لە کاتی خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی ئەم دواییەدا[21] - و دەگوترێت کە زۆربەی کات وەک کرێ وەرگر ڕەفتار دەکەن. ئەو دوو حیزبە لە پێشبرکێدان بۆ بردنی سەرچاوە سروشتیەکان لەو ناوچانەی کۆنترۆڵی دەکەن و سیستەمی پشتگیر پەیڕەو دەکەن بە دابەشکردنی سامان و دامەزراندن و گرێبەستەکان بەسەر ئەندام و لایەنگرە باوەڕپێکراوەکانیان و ئەو بزنسانەی کە سەر بە خۆیانن.[22-23]

هەردوولاش کۆنترۆڵی هێزە ئەمنییەکانی خۆیان دەکەن، کە پێشمەرگە - وەک 'دیاریکەری کۆتایی بۆ کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکان'[24] - لەخۆیدا سەرچاوەیەکی گرنگی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریە.

---

11 حەمە، ئێچ. ئێچ. (2020). سەرهەڵدان و ڕووخانی بزوتنەوەی گۆڕان لەهەرێمی کوردستانی عێراق (2018-2009). گۆڤاری ئاسیایی بۆ سیاسەتی بەراوردکاری،
https://journals.sagepub.com/doi/abs/10.1177/2057891120905902

12 عەزیز، ئێس. و کۆتی، ئەی. (2021). پێشمەرگەی کوردی عێراق: ڕیفۆرمی سەربازی و بنیاتنانی نەتەوە لە دەسەڵاتێکی دابەشکراودا. لێکۆڵینەوەکانی بەرگری، 21:2، 226-241،

13 جوست جۆنگردن (2019). حوکمڕانی کوردستان: خۆبەڕێوەبەریی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە عێراق و فیدراسیۆنی دیموکراتی باکوری سوریا، ئێثنۆپۆلیتیکس، 18:1، 61-75، https://www.tandfonline.com/doi/full/10.1080/17449057.2018.1525166?scroll=top&needAccess=true

14 زمکان عەلی سەلیم و ماک سکێلتۆن (28ی ئابی 2019). پاوانی دوولایەنەی کورد: ئابووری سیاسی حوکومڕانی دوو حیزبی.
https://blogs.lse.ac.uk/mec/2019/08/28/the-kurdish-duopoly-the-political-economy-of-two-party-rule

15 چاوپێکەوتن لەگەڵ سام داگەر، پەیامنێری نیویۆرک تایمز، 18ی حوزەیرانی ٢٠٢١.

16 زمکان عەلی سەلیم و ماک سکێلتۆن (28ی ئابی 2019). پاوانی دوولایەنەی کورد: ئابووری سیاسی حوکومڕانی دوو حیزبی.
https://blogs.lse.ac.uk/mec/2019/08/28/the-kurdish-duopoly-the-political-economy-of-two-party-rule

17 هاوکار عەبدوڵا عەزیز (29ی تشرینی یەکەمی 2018). گۆڕان: حیزبێکی وشە، نەک کردەوە.
https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/gorran-party-words-not-deeds

18 حەمە، ئێچ. ئێچ. (2020). سەرهەڵدان و ڕووخانی بزوتنەوەی گۆڕان لەهەرێمی کوردستانی عێراق (2018-2009). گۆڤاری ئاسیایی بۆ سیاسەتی بەراوردکاری،
https://journals.sagepub.com/doi/abs/10.1177/2057891120905902

19 زمکان عەلی سەلیم و ماک سکێلتۆن (28ی ئابی 2019). پاوانی دوولایەنەی کورد: ئابووری سیاسی حوکومڕانی دوو حیزبی.
https://blogs.lse.ac.uk/mec/2019/08/28/the-kurdish-duopoly-the-political-economy-of-two-party-rule

20 داستان جاسم و وینثرۆپ ڕۆجەرس (24ی شوباتی 2021). لە پشت نوخبەوە: بە هەند وەرگرتنی ناڕەزایی و ڕای گشتی لە هەرێمی کوردستان.
https://www.mei.edu/publications/beyond-elite-taking-protest-and-public-opinion-seriously-kurdistan-region

21 یەریڤان سەعید(1ی ئازاری 2020). مەترسی گەندەڵی و سیاسەتی دەستەگەری لە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان
https://www.aljazeera.com/opinions/2020/3/1/corruption-and-partisan-politics-can-bring-down-the-krg

22 عەزیز، ئێس. و کۆتی، ئەی. (2021). پێشمەرگەی کوردی عێراق: ڕیفۆرمی سەربازی و بنیاتنانی نەتەوە لە دەسەڵاتێکی دابەشکراودا. لێکۆڵینەوەکانی بەرگری، 21:2، 226-241،

23 داستان جاسم وینثرۆپ ڕۆجەرس (24ی شوباتی 2021). لە پشت نوخبەوە: بە هەند وەرگرتنی ناڕەزایی و ڕای گشتی لە هەرێمی کوردستان.
https://www.mei.edu/publications/beyond-elite-taking-protest-and-public-opinion-seriously-kurdistan-region

24 عەزیز، ئێس. و کۆتی، ئەی. (2021). پێشمەرگەی کوردی عێراق: ڕیفۆرمی سەربازی و بنیاتنانی نەتەوە لە دەسەڵاتێکی دابەشکراودا. لێکۆڵینەوەکانی بەرگری، 21:2، 226-241،

وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکات لەگەڵ وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە دامەزراو و ئەرکی چاودێریکردنی دامەزراندنی هێزی پۆلیس و ئاسایشێکی یەکگرتووی پێسپێردرا. ئاسایش (هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ) بەرپرسیارن لەلێکۆڵینەوە لەتاوانە گەورەکان، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندیان بەئاسایشی هەرێمەوە هەیە یان ئەوانەی لەڕووی سیاسیەوە هەستیارن (لەوانە تاوانی ئابووری وەک قاچاخ و تاوانی سیاسی وەک سیخوڕی، تێکدان، و تیرۆر).[25-26-27] زۆرینەی ئەو هێزانە، هەر وەک هێزەکانی پێشمەرگە، لە نزیکەوە پەیوەندیان بە پارتی یان یەکێتیەوە هەیە و بەردەوامن لە کارکردن وەک دەزگای جیا و هاوتەریب.[28] لەهەر شار و شارۆچکەیەک باڵەخانەیەکی ئاسایش هەیە کە زیندانێک یان گرتووخانەیەکی تێدایە و دوو بارەگای ناوەندیشیان هەیە، یەکێکیان لە پێگەی هێزی پارتی لە هەولێر و یەکێکیش لە پێگەی یەکێتی لە سلێمانی. لەکاتی شەڕی ناوخۆی نێوان پارتی و یەکێتیدا، هێزە ئەمنییەکانی ئەو دوو حیزبە ناوبانگیان بە ‘سەپێنەری حیزب’ دەرکرد، بەهۆی بەکارهێنانی هیز و چاودێریکردن بۆ دەستنیشانکردن و بە ئامانجگرتنی ئەوانەی گومانی جودابیری و بەرهەڵستیان لێدەکرێت.[29] لە ئێستادا ئاسایش بەردەوام بەشدارن لە بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران (دژ بە حکومەت) و سەرکوتکردنی هەر ناڕەزاییەکی ناوخۆیی.[30] بە درێژای ساڵان، بەرپرسیاریەتی هیزەکانی ئاسایش بۆ پاراستنی ئاسایش درێژکرایەوە بۆ زۆربەی بوارەکانی ژیان لە هەرێمی کوردستان. بۆ نموونە، مۆڵەت لە ئاسایشەوە پێویستە بۆ نیشتەجێبوون لە گەڕەکێکی نوێدا، هەروەها زانیاری کەسی لەسەر زۆربەی دانیشتوانی هەرێم کۆکراوەتەوە.[31]

ڕێکخراوە نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکان لایەنی ناو هێزەکانی ئاسایشی هەرێمیان تۆمەتبارکردووە بەپێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ. تۆمەتاکان - بەتایبەتی ئەوانەی ئاڕاستەی ئاسایش دەکرێن -  بریتین لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، دەستگیرکردنی نایاسایی و هەڕەمەکی، پێشێلکردنی ڕێکاری یاسایی (لەوانە بێبەشکردن لە دادگاییکردن یان دادگاییکردنی دادپەروەرانە)، و ئەشکەنجەدان و بێ سەروشوێنکردنی زۆرەملێی بەندکراوان و دەستگیرکراوان. هەروەها، لێنەپێچینە و سزانەدان بۆ زۆربەی ئەو تاوانانەی کە لەلایەن بەرپرسانی حکومەت و کارمەندانی ئاسایشەوە ئەنجام دەدرێن دەرئەنجامێکی ئاساییە، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی پێناچێت بە پێی یاسا بەرپرسیار بن. زۆربەی ئەو تۆمەتانە دەکرێت ببەسترێنەوە بە دەسەڵاتەوە (بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ) و هەژمونی حیزبەکانی هەرێم و سەرکردەکانیان لەسەر هێزە ئەمنییەکان، کە ڕێگە بە هێزەکانی وەک ئاسایش دەدات لە دەرەوەی یاسا کاربکەن بە بێ هیچ سنوردارکردنێک لە لایەن چاودێری دادوەری یان هی تر. [32-33 34]

25 ئێم. جەی. باکر (6ی تەمموزی 2021). شەڕ لە ناوخۆ: پێویستی چاکسازی کەرتی ئاسایشی ناوخۆ لە کوردستانی عێراق.
https://www.mei.edu/publications/war-home-need-internal-security-sector-reform-iraqi-kurdistan

26 عەزیز، ئێس. و کۆتی، ئەی. (2021). پێشمەرگەی کوردی عێراق: ڕیفۆرمی سەربازی و بنیاتنانی نەتەوە لە دەسەڵاتێکی دابەشکراودا. لێکۆڵینەوەکانی بەرگری، 21:2، 226-241،

27 هیومان ڕایتس ووٚچ (2007). ئەشکەنجەدان و بێبەشکردن لە ڕێکاری یاسایی لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی کوردستانەوە.
https://www.hrw.org/reports/2007/kurdistan0707/5.htm

28 وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، نووسینگەی دیموکراسی، مافی مرۆڤ، و کار (2020). ڕاپۆرتی وڵات لەسەر مافەکانی مرۆڤ۲۰۲۰: عێراق
https://www.state.gov/reports/2020-country-reports-on-human-rights-practices/iraq

29 ئێم. جەی. باکر (6ی تەمموزی 2021). شەڕ لە ناوخۆ: پێویستی چاکسازی کەرتی ئاسایشی ناوخۆ لە کوردستانی عێراق.
https://www.mei.edu/publications/war-home-need-internal-security-sector-reform-iraqi-kurdistan

30 ماریۆ فومێرتۆن و ولادیمیر ڤان ویلگنبێرگ (16ی کانوونی یەکەمی 2015). سوپا سیاسییەکانی کوردستان: تەحەدای یەکخستنی هێزی پێشمەرگە
https://carnegieendowment.org/2015/12/16/kurdistan-s-political-armies-challenge-of-unifying-peshmerga-forces-pub-61917

31 ئێم. جەی. باکر (6ی تەمموزی 2021). شەڕ لە ناوخۆ: پێویستی چاکسازی کەرتی ئاسایشی ناوخۆ لە کوردستانی عێراق.
https://www.mei.edu/publications/war-home-need-internal-security-sector-reform-iraqi-kurdistan

32 وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، نووسینگەی دیموکراسی، مافی مرۆڤ، و کار (2020). ڕاپۆرتی وڵات لەسەر مافەکانی مرۆڤ۲۰۲۰: عێراق
/https://www.state.gov/reports/2020-country-reports-on-human-rights-practices/iraq

33 هیومان ڕایتس ووٚچ (2007). ئەشکەنجەدان و بێبەشکردن لە ڕێکاری یاسایی لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی کوردستانەوە.
https://www.hrw.org/reports/2007/kurdistan0707/5.htm

34 ئەمنیستی ئینتەرناشناڵ (2009). هیواو ترس: مافی مرۆڤ لەهەرێمی کوردستانی عێراق. https://www.amnesty.org/en/documents/mde14/006/2009/en

## ئازادی ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستانی عێراق

هەرچەندە ڕۆژنامەگەری سەربەخۆ لە هەرێمی کوردستانی عێراق بوونی هەیە، بەڵام زۆرێک لە دەزگاکانی میدیای هەرێم پشتگیری دەکرێن لەلایەن دوو گەورەترین حیزبی سیاسی هەرێم (پارتی و یەکێتی) یان سەر بەوانن (واتە لە ڕاستیدا هی ئەوانن). پارتە سیاسیە بچووکەکانیش کەناڵی تەلەفزیۆن و/یان بڵاوکراوەی خۆیان هەیە. زۆرێک لەو دەزگایانەی کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان نییە هاوکاری داراییان پێشکەش دەکرێت لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە.[35] کاتێک باسی هاوبەشکردنی زانیاری گشتی دەکرێت، پارتە سەرەکیەکان بە گشتی ئەولەویەتی دەستڕاگەیشتن دەدەن بە ئەو دەزگایانەی کە خۆیان کۆنترۆڵی دەکەن، ئەوەش بۆتە هۆی کە میدیا سەربەخۆکان یان ئەوانەی پەیوەندیان بە لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنەوە هەیە دەستڕاگەیشتنێکی سنووردار یان دەستی دووەمیان بە زانیاری هەبێت.[36] لە نێو میدیا سەربەخۆکاندا، هەندێک هەن کە ئامادەن ڕەخنە لە سیاسەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بگرن و کێشەی وەک پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و گەندەڵی بخەنە ڕوو، بەڵام زۆربەی دەزگاکان سانسۆر لەسەر خۆیان پیادە دەکەن و خۆیان بەدوور دەگرن لە ڕاپۆرتی ڕەخنەیی لەسەر حکومەتی هەرێم، ئاسایش و هێزە هەواڵگری و ئەمنییەکانی تر، پارتی و یەکێتی، بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی بە ڕاستەوخۆ.[37-38]

چەندین یاسای نیشتمانی و فیدراڵی هەن کە مەبەست لێیان پاراستنی ڕۆژنامەنووسان و ئازادی ڕادەربڕینە لە هەرێمی کوردستان. لە ساڵی ٢٠٠٧، حکومەتی هەرێمی کوردستان یاسایەکی نوێی ڕۆژنامەوانی (ژمارە ٣٥) دەرکرد، کە - لەسەر کاغەز - ئازادی ڕادەربڕینی لە هەرێمی کوردستانی عێراق فراوانکرد. یاساکە دەڵێت کە ئەو زانیاری و بۆچوونانەی لەلایەن ڕۆژنامەنووسانەوە بڵاوکراونەتەوە نابێت وەک هۆکارێک بۆ زیان پێگەیاندن و ئازاردانی یان دادگاییکردنیان بەکار بهێنرێت و هەرکەسێک پێشێلی ئەم مافانە بکات دەبێت سزا بدرێت (بە پێی مادەی پێنج و شەش) تەنانەت ئەگەر بەرپرسانی حکومی یان هێزە ئەمنییەکانیش بن.[39] سەرەڕای ئەوەش، دادگاکان لە کەیسی ڕۆژنامەوانان زۆرجار بە شێوەیەکی هەڵبژێر یاسای جیاواز بەکار دەهێنن، وەک یاسای سزادانی عێراقی (١٩٦٩) و یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی کردن (٢٠٠٨).[40] هەروەها یاسای ڕۆژنامەگەری ساڵی ٢٠٠٧ چەند کۆتوبەندێکی تێدایە کە کاریگەری بەرچاوی هەیە لەسەر کاری ڕۆژنامەنووسان. بۆ نمونە، بڵاوکردنەوەی زانیاری "نادروست" قەدەغە دەکات و بە تاوانی سزایی دادەنێت ئەگەر میدیای چاپ ئەو بابەتانە بڵاوبکەنەوە کە دەبنە هۆی "چاندنی تۆوی ڕق و کینە و دروستکردنی ناکۆکی و نا ئارامی لە نێوان توێژەکانی کۆمەڵگەدا" یان بە "تشهیر، ناوزڕاندن، و ئیهانە" دادەنرێن.[41-42]

یاسای پاراستنی ڕۆژنامەنووسانی عێراقی ساڵی ٢٠١٢ شێوەیەک لە قەرەبووکردنەوە بۆ مردن و برینداركردن تەرخان دەکات، هاوکات ڕۆژنامەنووسانیش دەپارێزێت لە دەستگیرکردن یان لێپرسینەوە بە بێ فەرمانی دادگا. بەڵام یاساکە پێناسەیەکی تەسک بۆ ڕۆژنامەنووس بەکاردەهێنێت وەک 'هەر تاکێک کە کاری ڕۆژنامەوانیی بە تەواووەخت [فولتایم] ئەنجام بدات'. ئەم پێناسەیە ڕۆژنامەنووسانی پارتایم و بلۆگنووس و ڕۆژنامەنووسانی هاوولاتی وەک سەردەشت پشتگوێ دەخات. هەرچەندە دەسەڵاتداران بە ئاشکرا پابەندبوونی خۆیان دەربڕیوە بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی ڕادەربڕین بۆ هەمووان و پاراستنی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لە هەرێم کار دەکەن، ئەو کۆتوبەند و پێناسە سنووردارانەی سەرەوە و لەسەر ئەرزی واقیع چیرۆکێکی جیاواز دەگێڕنەوە.

---

35 ئەمنیستی ئینتەرناشناڵ (14ی نیسانی 2009). هیواو ترس: مافی مرۆڤ لەهەرێمی کوردستانی عێراق.
https://www.amnesty.org/en/documents/mde14/006/2009/en

36 وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، نووسینگەی دیموکراسی، مافی مرۆڤ، و کار (2020). ڕاپۆرتی وڵات لەسەر مافەکانی مرۆڤ٢٠٢٠: عێراق
/https://www.state.gov/reports/2020-country-reports-on-human-rights-practices/iraq

37 ئەمنیستی ئینتەرناشناڵ (14ی نیسانی 2009). هیواو ترس: مافی مرۆڤ لەهەرێمی کوردستانی عێراق.
https://www.amnesty.org/en/documents/mde14/006/2009/en

38 وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، نووسینگەی دیموکراسی، مافی مرۆڤ، و کار (2020). ڕاپۆرتی وڵات لەسەر مافەکانی مرۆڤ٢٠٢٠: عێراق
https://www.state.gov/reports/2020-country-reports-on-human-rights-practices/iraq

39 ئیگناسیۆ دیلگادۆ کۆلیبراس (9ی ئەیلولی 2019). ئازادی ڕۆژنامەگەری لە "لێواری لەناوچونە" لە کوردستانی عێراق، ڕۆژنامەنووسان دەڵێن.
CBS.org/2019/09/Press-Freedom-Castingtion-Iraqi-Kurdistan-Book-Baddy

40 نووسینگەی کۆمسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان (ئایاری 2021). ئازادی ڕادەربڕین لە هەرێمی کوردستانی عێراق
HETTS:OW.Ohcher.org/Dokoments/Countress/EG/Freedom-expression-in-kurdistan-Rajion_N.BDV

41 ئەمنیستی ئینتەرناشناڵ (14ی نیسانی 2009). هیواو ترس: مافی مرۆڤ لەهەرێمی کوردستانی عێراق.
https://www.amnesty.org/en/documents/mde14/006/2009/en

42 نووسینگەی کۆمسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان (ئایاری 2021). ئازادی ڕادەربڕین لە هەرێمی کوردستانی عێراق
https://www.ohchr.org/Documents/Countries/IQ/Freedom-of-Expression-in-the-Kurdistan-Region_En.pdf

ڕۆژنامەنووسان و داكۆكیكارانی مافی مرۆڤ بە تۆمەتی هەمەجۆر زیندانی كراون، لەوانە سیخوڕی، خستنە مەترسی ئاسایشی وڵات، ناوزڕاندن، بێڕێزیكردن بە ئایین، 'لادان لە عاداتی كۆمەڵایەتی'، یان بڵاوكردنەوەی 'زانیاری هەڵە'. دەستەواژەی 'زانیاری هەڵە' لە یاسای خراپ بەكارهێنانی ئامێرە ئەلیكترۆنیەكاندا بەكارهاتووە، بەڵام لە یاسای ڕۆژنامەگەری ساڵی ٢٠٠٧ دا نیە.[43-44-45-46-47] دادگاكان لە هەرێمی كوردستان لە داوای یاسایی دژی ڕۆژنامەنووسان یاسای سزادانی عێراقی جێبەجێ دەكەن كە توندترە بە بەراورد بە یاسای ڕۆژنامەگەری كوردستانی ساڵی ٢٠٠٧. ئەمە ڕێگەیان پێ دەدات كە خۆیان لابدەن لە هەندێك لەو بڕگانەی یاسای ڕۆژنامەگەری كە پاراستنێكی زیاتر بۆ ڕۆژنامەنووسان و دەزگاكانی ڕاگەیاندن دابین دەكەن. ئەمەش زۆرجار دەبێتە هۆی ئەوەی كە ڕۆژنامەنووسان بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك یان زیاتر دەستبەسەر یان ڕابگیرێن تا دادگاییكردنیان دەست پێ دەكات و تەنیا پاش پێدانی پارەیەكی زۆر بە كەفالەت ئازاد دەكرێن.[48]

## توندوتیژی دژ بە ڕۆژنامەنووسان و كوشتنیان لە هەرێمی كوردستانی عێراق

ڕۆژنامەنووسان لە هەرێمی كوردستانی عێراق زۆربەی كات ناچارن بكەونە سانسۆركردنی خۆیان و خۆیان لە ڕووماڵكردنی هەندێك بابەت بەدوور دەگرن. هۆكاری بەشێكی زۆری خود-سانسۆركردن لە ڕۆژنامەگەری كوردی لە عێراق ئە وەیە كە لەسەر ئەرزی واقیع دەردەكەوێت كە پاراستنی یاسایی كەمە و هیچ سنوورێك نیە بۆ سەركوتكردنی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی ڕەخنە دەگرن لە حكومەت، بە تایبەتی بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی.[49-50] ڕاپۆرتەكان ئاماژە بەوە دەكەن كە ڕۆژنامەنووسان ڕووبەڕووی مامەڵەی خراپ، لێپرسینەوە، و هەڕەشە و دەستگیركردن دەبنەوە لە لایەن ئاسایش و دەزگا ئەمنییەكان، و هەروەها لایەنی نەناسراوەوە. سەنتەری میترۆ كە ڕێكخراوێكی چاودێری ئازادی ڕۆژنامەگەرییە لە هەرێم ڕایگەیاند كە لە نێوان ساڵانی ٢٠١١ و ٢٠٢٠ زیاتر لە (٢١٠٠) پێشێلكاری بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسان و دەزگاكانی ڕاگەیاندن لە هەرێم تۆمار كراوە. پێشێلكاریەكان لە هەڕاسانكردن و تێكشاندنی كەلوپەلەوە هەتا ڕفاندن و تیرۆركردنی تێدایە.[51] بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠١١، ئاسۆس هەردی، دامەزرێنەری ڕۆژنامەكانی هاوڵاتی و ئاوێنە، لەلایەن پەلاماردەرێكی نەناسراوەوە بە توندی هێرشی كرایە سەر. ئەو پێی وایە هێرشەكە پەیوەندی بە بڵاوكراوەكانی پێشوویەوە هەبێت كە ڕەخنەیان لە دەسەڵاتدارانی حكومەتی هەرێمی كوردستان گرتووە.[52] هەروەها چەند ڕۆژنامەنووسێك كە بۆ ئەم لێكۆڵینەوەیە چاوپێكەوتنیان لەگەڵ كراوە، دەڵێن هەڕەشەیان لێكراوە لە لایەن سەرچاوەی نەناسراوەوە و پێیان دەڵێن ڕاپۆرتەكانیان لەسەر چەند بابەتێكی دیاریكراو بوەستێنن، ئەگەر نا ڕووبەڕووی ئاكامی خراپ دەبنەوە. لە قسەكردنی بۆ ڕۆژنامەی نیویۆرك تایمز، ڕۆژنامەنووسێكی نیشتەجێی شاری سلێمانی وتی دوای تیرۆركردنی سەردەشت لە ئایاری ٢٠١٠ پێی ووتراوە كە واز لە ڕووماڵكردنی خۆپیشاندانەكان بهێنێت، ئەگەر نا "وەک سەگ دەكوژرێیت".[53] ڕووداوی لەم شێوەیە زۆر جار ڕوودەدەن دوای بڵاوكردنەوەی هەندێك پۆست لە تۆڕەكۆمەڵایەتییەكان یان وتاری هەواڵ و ڕاپۆرتی تایبەت بە خۆپیشاندانەكان یان بەر لە ڕوودانیان.

هەڕەشەی توندوتیژی دەكرێت بن بە هێرشی توندوتیژ و كوشتن كاتێك ڕۆژنامەنووسانی كورد هەندێ 'هێڵی سوور' دەبەزێنن. دەسەڵاتداران ئەو هێڵە سوورە دەكێشن بە دەوری ڕەخنەگرتنی ڕاستەوخۆ لە بنەماڵەی بارزانی یان تاڵەبانی یان ڕاپۆرت كردن لەسەر بابەتەكانی وەک مامەڵە دارایی و گەندەڵەكانی حكومەت یان بەرپرسەكانی.[54] ڕاپۆرت كردن لەسەر ئەمانە، بە ڕوونی ئەو هێڵە

43 پەیامنێرانی بێ سنوور (2021). عێراق. https://rsf.org/en/iraq

44 وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكا، نووسینگەی دیموكراسی، مافی مرۆڤ، و كار (2020). ڕاپۆرتی وڵات لەسەر مافەكانی مرۆڤ: عێراق (2020)
https://www.state.gov/reports/2020-country-reports-on-human-rights-practices/iraq

45 نووسینگەی كۆمسیاری باڵای مافەكانی مرۆڤی نەتەوە یەكگرتووەكان (ئایاری 2021). ئازادی ڕادەربڕین لە هەرێمی كوردستانی عێراق
HETTS:OW.Ohcher.org/Dokoments/Countress/EG/Freedom-expression-in-kurdistan-Rajion_N.BDV

46 لیژنەی داكۆكیكردن لە رۆژنامەنووسان (22ی نیسانی 2014). رۆژنامەنووسانی كوردستان لە ژێر شاخێک تاوانی بێ سزادا.
https://cpj.org/reports/2014/04/mountain-of-impunity-looms-over-kurdistan-journali

47 وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكا، نووسینگەی دیموكراسی، مافی مرۆڤ، و كار (2020). ڕاپۆرتی وڵات لەسەر مافەكانی مرۆڤ: عێراق (2020)
https://www.state.gov/reports/2020-country-reports-on-human-rights-practices/iraq

48 لیژنەی داكۆكیكردن لە رۆژنامەنووسان (22ی نیسانی 2014). رۆژنامەنووسانی كوردستان لە ژێر شاخێک تاوانی بێ سزادا.
https://cpj.org/reports/2014/04/mountain-of-impunity-looms-over-kurdistan-journali

49 پەیامنێرانی بێ سنوور (2021). عێراق. https://rsf.org/en/iraq

50 ئیگناسیۆ دیلگادۆ كۆلیراس (9ی ئەیلولی 2019). ئازادی ڕۆژنامەگەری لە "لێواری لەناوچونە" لە كوردستانی عێراق، ڕۆژنامەنووسان دەڵێن.
CBS.org/2019/09/Press-Freedom-Castingtion-Iraqi-Kurdistan-Book-Baddy

51 سەنتەری میترۆ (2021). ڕۆژنامەگەری لەهەرێمی كوردستان ٢٠٢١. https://en.calameo.com/read/00665792429db61cbfa02

52 لیژنەی داكۆكیكردن لە رۆژنامەنووسان (31ی ئابی 2011). ڕۆژنامەنووسێكی كورد لە عێراق بە شێوەیەكی دڕندانە دەستدرێژیی كردووەتە سەر.
https://cpj.org/2011/08/kurdish-journalist-brutally-assaulted-in-iraq

53 سام داگەر (6ی ئایاری 2010). ' نووسەرە كوردە ڕفێنراوەكە بە مردووی دۆزرایەوە'.
https://www.nytimes.com/2010/05/07/world/middleeast/07erbil.html

54 وتەی دێنیس ناتالی، لە: هیومان ڕایتس ووچ (29ی تشرینی یەكەمی 2010). كوردستانی عێراق: ڕۆژنامەنووسان لەژێر هەڕەشەدان ؛ سام داگەر (18ی ئایاری 2010).
كوشتن https://www.hrw.org/news/2010/10/29/iraqi-kurdistan-journalists-under-threat.

دەبەزێنێت،[55] بۆیە زۆربەی ڕۆژنامەنووسان خۆیان لە ڕووماڵکردنیان بەدوور دەگرن.[56] ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنوور (ئاڕ ئێس ئێف) ئاماژە بەوە دەکات کە بابەتەکانی وەکو سەرۆک هۆزەکان و سێکس و ئاینیش بەشێکن لە تابووەکان بۆ ڕۆژنامەنووسان.[57] کارزان محەمەد، ڕێکخەری سەنتەری دیما بۆ دیموکراسیەت و گەشەپێدانی مافەکانی مرۆڤ لە سلێمانی، بە لێکۆڵەرەوەکانی ئێمەی ڕاگەیاند کە "بە دواچوون بۆ خەڵکی خاوەن دەسەڵات لە کوردستان" زۆر مەترسیدارە. چەند ڕۆژنامەنووسێکی وەکو ئاسۆس هەردی[58] و کاوە گەرمیانی[59] و ویداد حسێن[60] و سۆران مامە حەمە[61]، کە پێشتر هێڵی سووریان بەزاندووە، بە توندی هێرشیان کرایە سەر یان تەنانەت کوژران.

لە دۆسیەی (سۆران مامە حەمە)، کە پەیامنێری لێکۆڵینەوەیی گۆڤاری لڤین بوو، لەساڵی ٢٠٠٨ لەبەردەمماڵەکەی خۆی لە کەرکووک لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە تەقەی لێکرا و کوژرا. ئەم کوشتنەکە ڕوویدا بە ماوەیەکی کەم دوای ئەوەی سۆران وتارێکی ڕەخنەگرانەی لەسەر دەسەڵاتدارانی کورد، پۆلیس، و بەرپرسانی ئەمنی و گومانی تێوەگلانیان لە تۆڕەکانی لەشفرۆشی کەرکووکدا بڵاوکردەوە. پێش ڕووداوەکە، پەیامی هەڕەشەی بۆ ڕۆشتووە کە تیایدا داوای لێکراوە ڕاپۆرتەکانی بوەستێنێت. تا ئەمڕۆش هیچ کەسێک بە هۆی مردنییەوە دەستگیر نەکراوە.[62-63-64]

کەیسێکی تری کوشتن هی ڕۆژنامەنوس (ویداد حسێن)ە کە لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە (ئاسایش) هەڕەشە و لێپرسینەوەی لێکرابوو و ئەشکەنجە درا بۆ ئەوەی ڕاپۆرتەکانی بوەستێنێت. لە ئابی ٢٠١٦، لە ڕۆژی ڕووناکدا لە شاری دهۆک لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە ڕفێندرا و پێیان ووت بوو کە دەستگیری دەکەن بە هۆی ڕووداوێکی ترەوە.[65] دوای دوو کاتژمێر جەستەی ویداد دۆزرایەوە کە لە قەراغ ڕێگایەک لە شارۆچەکەی سێمێل لە ڕۆژئاوای دهۆک فڕێدرابوو. شایەتحاڵێک ئاماژەی بەوە کرد کە دەزگا ئەمنییەکان ئۆتۆمبێلەکەی ویدادیان ڕاگرت و بەزۆر دەریان کرد و دەم و چاویان داپۆشی و پاشان فڕێیان دایە ناو ئۆتۆمبێلەکەی خۆیان و بەرەو شارێگەکە ڕۆشتن. شایەتحاڵەکە ژمارەی تابلۆ و جۆری هەردوو ئۆتۆمبێلەکە دەنوسێت و پۆستێکی گشتی لە فەیسبووک دادەنێت دەربارەی ئەوەی کە بینیویەتی.[66] شایەتحاڵەکە پۆستەکەی بەمە دەست پێکرد: "دوای ئەوەی ئەمە بڵاو دەکەمەوە، کەسێک لاشەی من لەسەر شەقامی شاردا دەدۆزێتەوە". چوار ڕۆژ دوای ئەوە، شایەتحاڵەکە پۆستەکەی لابرد و لەو کاتەوە پرۆفایلەکەی ناچالاک بووە.[67] هیچ کەسێک بەتۆمەتی کوشتنی ویداد حسێن دەستگیرنەکراوە.

55 شیهۆلیسملامی، جەی(2011). ناسنامەی کورد، گوتار و میدیای نوێ. نیویۆرک: ڕوتلێج

56 بۆ شیکردنەوەیەکی وردتر بۆ ئەو بابەتانەی کە بە 'هێڵە سوورەکان' دادەنرێن، بڕوانە ڕاپۆرتی تشرینی دووەمی 2010ی پەیامنێرانی بێ سنوور: https://www.reporterohnegrenzen.at/wp-content/uploads/pdf/RSF_Bericht_Autonome_Region_Kurdistan_2010.pdf

57 پەیامنێرانی بێ سنوور (2010). ڕاپۆرتی ئەرک، نێوان ئازادی و پێشێلکارییەکان: پارادۆکسی میدیا لە کوردستانی عێراق https://rsf.org/en/reports/between-freedom-and-abuses-media-paradox-iraqi-kurdistan

58 هیومان ڕایتس ووچ (30ی ئابی 2011). کوردستانی عێراق: دەستدرێژیکرایە سەر ڕۆژنامەوانێکی دیاری کورد https://www.hrw.org/news/2011/08/30/iraqi-kurdistan-prominent-kurdish-journalist-assaulted

59 دەستپێشخەری هاوبەندی کۆمەڵگەی مەدەنی عێراقی (10ی کانوونی یەکەمی 2013). ڕۆژنامەنوسی دژە گەندەڵی کاوە گەرمیانی لەسلێمانی کوژراو و خۆپیشاندان بۆ پاراستنی ڕۆژنامەنووسان لە سلێمانی. https://www.iraqicivilsociety.org/archives/2539

60 هیومان ڕایتس ووچ (25ی ئابی 2016). کوردستانی عێراق: ڕۆژنامەنووسێکی کورد ڕفێنراو کوژرا https://www.hrw.org/news/2016/08/25/iraqi-kurdistan-kurdish-journalist-abducted-killed

61 لیژنەی داکۆکیکردن لە رۆژنامەنووسان (2021). سۆران مامە حەمە https://cpj.org/data/people/soran-mama-hama

62 هیومان ڕایتس ووچ (29ی تشرینی یەکەمی 2010). کوردستانی عێراق: ڕۆژنامەنووسان لەژێر هەڕەشەدان https://www.hrw.org/news/2010/10/29/iraqi-kurdistan-journalists-under-threat

63 لیژنەی داکۆکیکردن لە رۆژنامەنووسان (2021). سۆران مامە حەمە https://cpj.org/data/people/soran-mama-hama

64 پەیامنێرانی بێ سنوور (22ی تەمموزی 2008). ڕۆژنامەنووسێک لە کەرکوک کوژرا و لێکۆڵەرەوەکان داوای کارکردن دەکەن لەسەر ئەگەری کوشتنی بەهۆی راپۆرتەکانییەوە https://rsf.org/en/news/journalist-gunned-down-kirkuk-investigators-urged

65 هیومان ڕایتس ووچ (25ی ئابی 2016). کوردستانی عێراق: ڕۆژنامەنووسێکی کورد ڕفێنراو کوژرا https://www.hrw.org/news/2016/08/25/iraqi-kurdistan-kurdish-journalist-abducted-killed

66 هەمان سەرچاوەی پێشوو.

67 هەمان سەرچاوەی پێشوو.

به پێی داتای لیژنەی داکۆکیکردن لە رۆژنامەنووسان (CPJ)، لە دوای تیرۆرکردنی سەردەشت لە ئایاری ٢٠١٠ەوە تا ئێستا لایەنیکەم (٢٢) ڕۆژنامەنووس لە عێراق بەهۆی کارەکانیانەوە کوژراون.[68] سەنتەری میترۆ دەڵێت هەشت لەو ڕۆژنامەنووسانە لە هەرێمی کوردستانی عێراق کوژراون.[69] ٢١ لەو ٢٢ کەیسە بە بێ سزادان مامەڵەیان لەگەڵ کراوە. لە دۆسیەی کوشتنی ڕۆژنامەنوس (کاوە گەرمیانی)دا تەنیا دادگەرییەکی نیوەچڵ بەدەستهات چونکە گومانلێکراوی سەرەکی - کە فەرماندەیەکی سوپا و ئەندامی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو - دواتر بەهۆی نەبوونی بەڵگەوە ئازادکرا.[70] ئەو ژمارەیەی سەرەوە سەدان رۆژنامەنوسی تێدا نییە کە کوژراون لە کاتی ئەرکی مەترسیدار یان ئاگربارانی چەندلایەنە. وەک سەردەشت عوسمان و سۆران مامە حەمە، زۆرێک لەڕۆژنامەنووسانی ناوچەکە گیانیان لەدەستداوە یان هێرش کراوەتە سەریان لە هەلومەرجێکی نادیاردا، و نەبوونی لێکۆڵینەوەی ڕاستەقینە و سەربەخۆ گومانی تێوەگلانی دەسەڵاتداران (بە دەزگا نهێنیەکانیشەوە) بەهێزتر دەکات.[71]

---

68 لیژنەی داکۆکیکردن لە رۆژنامەنووسان (2022). ڕۆژنامەنووسانی کوژراو لە عێراق لەنێوان (٢٠١٠ بۆ ٢٠٢٢) /https://cpj.org/data/killed/mideast iraq/?status=Killed&motiveConfirmed%5B%5D=Confirmed&type%5B%5D=Journalist&typeOfDeath%5B%5D=Murder&cc_fips%5B%5D=IZ&start_year=2010&end_year=2022&group_by=location

69 چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەحمان غەریب، ڕێکخەری سەنتەری میترۆ (30 ئەیلولی 2021).

70 لیژنەی داکۆکیکردن لە رۆژنامەنووسان (22ی نیسانی 2014). رۆژنامەنووسانی کوردستان لە ژێر شاخێک تاوانی بێ سزادا. /https://cpj.org/reports/2014/04/mountain-of-impunity-looms-over-kurdistan-journali

71 پەیامنێرانی بێ سنوور (2021). عێراق. https://rsf.org/en/iraq

# ٢. سەردەشت عوسمان: بوێر و بەهرەمەند

دوو کتێب لەسەر ژیان و مردنی سەردەشت نووسراون. ئاوات عەلی، سەرۆکی دامەزراوەی میدیایی نالیا (ئێن ئاڕ تی)، دەڵێت: "کتێبەکان کۆکراوەی هەموو ئەو شتانەن کە پێشتر لەبارەی سەردەشتەوە لە هەواڵەکاندا بڵاو کراونەتەوە". ئەم کتێبانە ئێستا لە هەولێر لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە قەدەغەکراون.[72] یەکەم کتێب، کە ناونیشانەکەی 'سەردەشت عوسمان'ە، لە لایەن سەرنووسەر کامەران ئەحمەد لە ٢٠١٣ بڵاوکرایەوە و کتێبی دووەم، بە ناونیشانی 'سەردەشت عوسمان'، لە ٢٠١٨ بە سەرپەرشتی بەهزاد موحسین ڕەئووف بڵاوکرایەوە. هەردوو کتێبەکە بە کوردی سۆرانی نووسراون و هەزاران جار چاپ کراون. کتێبی دووەم وێنەی سەردەشت و ئەو خۆپیشاندانانەی تێدایە کە وەک کاردانەوە دژی تیرۆرکردنەکەی ڕێکخران و هەروەها لێدوانی ئەندامانی خانەوادەکەی و ڕۆژنامەنووسان و چالاکوانان و سیاسەتمەدارانی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستانی عێراق لەخۆدەگرێت. (جیهانێکی ئارامتر بۆ ڕاستی) لە گەشتێکی مەیدانیدا بۆ هەرێمی کوردستان چاوپێکەوتنی لەگەڵ ژمارەیەک لەم کەسانە کرد لە کۆتایی ئەیلولی ٢٠٢١ و سەرەتای تشرینی یەکەمی ٢٠٢١ و هەروەها لە ڕێگەی بەرنامەکانی چات و ڤیدیۆ کۆنفراس لە بەینی نیسانی ٢٠٢١ و کانوونی دووەمی ٢٠٢٢. وێنەی ڕۆژنامەنووسێکی گەنجی بوێر و بەهرەمەند دەردەکەوێت کە لەڕێگەی نووسینەکانیەوە بیروڕای خۆی لەسەر زۆرداری، نایەکسانی، ئاسایش، و کەرامەت دەردەبڕێ.

## ژیان و کار

سەردەشت عوسمان حەسەن حەمەد لە (٢٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٧) لە گەڕەکی کرێکارانی شاری هەولێر لە عێراق لە دایک بووە. باوکی سەردەشتی بە کوڕێکی میهرەبان وەسفکرد. خانەوادەی سەردەشت جوتیار بوون، کە لە کۆتاییەکانی هەشتاکاندا بە زۆر لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە ئاوارە کران. لە دەشتی شەمامکی شاری هەولێر وەک ئاوارە مانەوە دوای ئەوەی ناچار بوون لە گوندی بچووکی گردی عازەبانێ ڕابکەن.[73] سەردەشت لە هەلومەرجێکی سەختدا لە دایک دەبێت و گەورە دەبێت، هەر زوو ئاشنا دەبێت بە زوڵم و زۆرداری و برسیەتی و نەبونی و ئاوارەیی.[74]

پەروەردەی سەردەشت لە تەمەنی پێنج ساڵییەوە دەستپێدەکات و دەخرێتە قوتابخانەی (نیگار)ی سەرەتای تێکەڵاو، لە گەڕەکی کرێکارانی شاری هەولێر. مامۆستا و بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکەی هەر زوو بۆیان دەردەکەوێت کە لە هاوپۆلەکانی جیاوازە و مۆڵەتی پێ دەدەن بچێتە پۆلێکی بەرزتر.[75]

بەکر عوسمان، برای سەردەشت، بە لێکۆڵەرەوەکانمانی ڕاگەیاند کە سەردەشت لە ساڵی ٢٠٠٦ دەستی بە خوێندنی زمانی ئینگلیزی کرد و دەبوو لە ساڵی ٢٠١٠ خوێندنەکەی تەواو بکات. بەکر وتی، "نەیتوانی لە هەولێر تەواوی بکات. ئەو فۆڕمەی کە بۆ تەواو کردنی خوێندنەکەی پێویست بوو لە ڕۆژی ڕفاندنەکەی پێی بوو و لەسەر زەوی دۆزرابووەوە. هاوڕێکانی بەڵگەنامەکەیان لەو شوێنە دۆزیەوە کە لێی ڕفێندرا"[76]

سەردەشت حەزی لە مۆسیقا و خوێندنەوە بوو. جگە لە نووسەرانی کورد، سەردەشت پەرۆشی خوێندنەوەی کاری نووسەرانی ناوداری ئینگلیزی بوو. توانای خوێندنەوەی وورد و ڕەخنەیی بەرەو جیهانی ڕۆژنامەگەری برد.[77] سەردەشت لە ساڵی ٢٠٠٤ دەستی بە ووتار نووسین کرد و تا ئەو کاتەی کە کوژرا لە نووسینی وتار و لێکدانەوە لە میدیاکان نەوەستا. بە وتەی کەسە نزیکەکانی، سەردەشت هەمیشە پرسیاری دەکرد و وەڵامی ئەو پرسیارانەی دەویست کە نەوەکەی نیگەران کردبوو، وەک نایەکسانی و هەژاری و نائارامی. لەو ماوە کورتەی کە سەردەشت وەک ڕۆژنامەنووسێک کاری کرد، هەر زوو لە نێوان هاوپیشە و دەزگا ئەمنییەکاندا ناسرا بە نووسینە ڕەخنەگرەکانی[78]، هەروەها بە بڵاوکردنەوەی وتارە ڕەخنەگرەکانی دەربارەی گەندەڵی و خراپ بەڕێوەبردنی سیاسی ناو نوخبەی دەسەڵاتداری کورد بە ئاراستەی هەر دوو حیزبی یەکێتی و پارتی.[79]

---

72 چاوپێکەوتن لەگەڵ بەکر عوسمان (12ی کانوونی دووەمی 2022)

73 کامەران ئەحمەد (2013). سەردەشت عوسمان.

74 هەمان سەرچاوەی پێشوو.

75 هەمان سەرچاوەی پێشوو.

76 چاوپێکەوتن لەگەڵ بەیکەر عوسمان (2ی تشرینی یەکەمی 2021)

77 هەمان سەرچاوەی پێشوو.

78 هەمان سەرچاوەی پێشوو.

79 سام داگەر (6ی ئایاری 2010). ' نووسەرە کوردە ڕفێنراوەکە بە مردووی دۆزرایەوە'.
https://www.nytimes.com/2010/05/07/world/middleeast/07erbil.html

چونکە سەردەشت ئاگاداری ئەو مەترسیانە بوو کە نووسینە ڕەخنەگرەکانی دروستیان دەکرد، هەندێک لە پۆستەکانی بە ناوی خوازراوی سارۆ سەردەشت بڵاو دەکردەوە.[80]

پەیمان عیزەدین، پارێزەر و پەرلەمانتاری پێشووی گۆڕان، بە لێکۆڵەرەوەکانی ئێمەی ڕاگەیاند کە سەردەشت خوێندکارێکی گەنجی زانکۆ بوو و حەزی لە خوێندنەوە و نووسین بوو. پەیمان وتی، "ئەو خوێندکارێکی زانکۆ بوو و بۆچوونی خۆی دەنووسی. کەسایەتی ئەو وابوو. بابەتی سیاسی یان وتاری سیاسی قووڵی نەدەنووسی تەنیا بۆ ئەوەی بکوژرێت". بەکر عوسمان، برای سەردەشت، وتی: "سەردەشت هەر لە تەمەنێکی گەنجەوە وەک ڕۆژنامەنووسێک ڕەفتاری دەکرد. لەسەر سەرکردە سەرکوتکەرەکان و کارەکانیان دژی ڕۆژنامەنووسان دەینوسی. هەم لە عێراق و هەم لە هەرێمی کوردستانی عێراق وتاری لە دژیان دەنووسی. هەمیشە دژی نادادپەروەری قسەی دەکرد".

## هێڵی سوور و هەڕەشەکان

سەردەشت لە کارەکانی پێشوویدا ڕەخنەی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنەکانی دەسەڵات هەبوو، بەڵام لە (١٣ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٩)، وتارێکی بڵاو کردەوە کە بە ئەگەری زۆرەوە دەکرێت هێڵی سووری بەزاندبێت: کە ئەویش تاوانبارکردنی ڕاستەوخۆی بنەماڵەی سەرۆک بارزانی بوو بە گەندەڵی و نیپۆتیزم. سەردەشت ئەم وتارەی بە ناوی سارۆ سەردەشتەوە[81] نارد بۆ کوردستانپۆست، کە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیە. بەکر عوسمان بە لێکۆڵەرەوەکانی ئێمەی وت: "وتارەکە کاردانەوەیەک بوو، وەڵامێک بوو بۆ شتێک کە لەسەری نووسرابوو، و زۆر سیاسی بوو".

پۆستەکە، بە ناونیشانی 'من عاشقی کچەکەی بارزانیم'، وەک دەقێکی تەنز ئامێز نووسرابوو و جیاوازی لە نێوان مەینەتی هاوڵاتیەکی ئاسایی کورد و خۆشگوزەرانی بنەماڵەی بارزانی خستەڕوو. سەردەشت نوسیویەتی: "ئەگەر ببم بە زاوای بارزانی، ئەوا مانگی هەنگوینیمان لە پاریس بەسەر دەبەین. یەك دوو شەوێکیش بۆ سەردان دەڕۆین بۆ کۆشکەکەی ماممان لە ئەمریکا، ماڵەکەم لە گەڕەکێکی هەژارنشینی هەولێرەوە دەگوازمەوە بۆ سەری ڕەش و شەوان سەگی ئەمریکی و پاسەوانی ئیسرائیلی چاودێری ماڵەکەم دەکەن".[82]

سەردەشت بەوردی باسی لە نیپۆتیزم و خزمگەری بنەماڵەی بارزانی کردووە لە ڕێی نموونەی ئەو ئیمتیازاتانەی کە خێزانەکەی دەستی دەکەوێت ئەگەر بێت و هاوسەرگیری لەگەڵ ئەندامێکی خێڵی بارزانیدا بکات: "من دەتوانم ئاوڕ لە باوکم بدەمەوە. باوکە بەدبەختەکەی پێشمەرگەی ئەیلولیشم کە تاوەکوو ئێستا پارتی خزمەتی پێشمەرگایەتی بۆ قەبوڵ ناکات بە بیانووی ئەوەی کە ئێستا پارتی نییە، باوکم دەکەم بە وەزیری پێشمەرگە. [...] بۆ مامەکانیشم چەند دیوەخانێك دەکەمەوە و ئامۆزا و خاڵۆزاکانم دەکەم بە نەقیب و عەمید و ئامر لیوا."[83]

پاشان سەردەشت پاکی ئایدیۆلۆژیی بارزانی دەخاتە ژێر پرسیارەوە کاتێک پرسیار دەکات بە ڕەوانبێژی) کە کێ لەگەڵ خۆی ببات کاتێک دەچێت بۆ داخوازی کچەکەی سەرۆک و پێشنیاری ئەوە دەکات کە باشترین کەس "ئەو کوردانەن کە هاوکاری ڕژێمی سەددام حوسێنیان کرد [جاش] و ئەو خۆفرۆشانەی کە دەستیان لە کۆمەڵکوژییەکانی ئەنفالدا هەبووە [ئەنفالچی]... مەسعوود زۆر حەزی بەوانە".[84]

80 هەمان سەرچاوەی پێشوو.

81 لیژنەی داکۆکیکردن لە رۆژنامەنووسان (22ی نیسانی 2014). رۆژنامەنووسانی کوردستان لە ژێر شاخێک تاوانی بێ سزادا.
https://cpj.org/reports/2014/04/mountain-of-impunity-looms-over-kurdistan-journali

82 سەردەشت عوسمان (13ی کانوونی یەکەمی 2009). من عاشقی کچەکەی بارزانیم. وەرگێڕانی مایکڵ ڕوبن/ئاریان بابان
https://ekurd.net/mismas/articles/misc2010/5/state3816.htm

83 سەردەشت عوسمان (13ی کانوونی یەکەمی 2009). من عاشقی کچەکەی بارزانیم. وەرگێڕانی مایکڵ ڕوبن/ئاریان بابان
https://ekurd.net/mismas/articles/misc2010/5/state3816.htm

84 نیقاش (بەرواری بڵاوکراوە نەزانراوە). https://www.niqash.org/en/articles/society/2673/Why-was-he-killed.htm

# من عاشقی کچەکەی بارزانیم

سەردەشت عوسمان

من عاشقی کچەکەی مەسعود بارزانیم، ئەو پیاوەی کە جار جارە دەردەکەوێت و دەڵێت من سەرۆکتم، بەڵام من حەز دەکەم خەزورم بێت، واتە دەمەوێت ببم بە ئاوەڵزاوای نێچیرڤان.

ئەگەر ببم بە زاوای بارزانی، ئەوا مانگی هەنگوینیمان لە پاریس بەسەر دەبەین و یەك دوو شەوێکیش بۆ سەردان دەڕۆین بۆ کۆشکەکەی مامیمان لە ئەمریکا،ماڵەکەم لە گەڕەکێکی هەژارنشینی هەولێرەوە دەگوازمەوە بۆ سەری رەش و شەوان سەگی ئەمریکی و پاسەوانی ئیسرائیلی چاودێری ماڵەکەم دەکەن.

باوکە بەدبەختەکەی پێشمەرگەی ئەیلولیشم کە تاوەکوو ئێستا پارتی خزمەتی پێشمەرگایەتی بۆ قەبوڵ ناکات بە بیانووی ئەوەی کە ئێستا پارتی نییە، باوکم دەکەم بە وەزیری پێشمەرگە.
برا بەدبەختەکەشم کە زانکۆی تەواو کردووە و ئێستا بێیشە و دەیەوێت بە قاچاغ بڕواتە هەندەران، ئەویش دەکەم بە بەرپرسی پاسەوانە تایبەتییەکانم.

خوشکەکەشم کە تاوەکوو ئێستا شەرم دەکات بڕواتە بازاڕ، دەبێت وەکوو کچە بارزانییەکان پڕادۆ و وەنەوشە لێبوخوڕێت.
دایکیشم لەبەر ئەوەی نەخۆشی شەکرە و دڵ و زەختی هەیە و پارەی نەشتەرگەری دەرەوەی وڵاتی نییە، دوو دکتۆری ئیتاڵی لەماڵەوە بۆ تەعین دەکەم.

بۆ مامەکانیشم چەند دیوەخانێك دەکەمەوە و ئامۆزا و خاڵۆزاکانم دەکەم بە نەقیب و عەمید و ئامر لیوا.

بەڵام هاوڕێکانم دەڵێن "وازبێنە سەرۆ خۆت بەکوشت مەدە، ئەوە ماڵی مەلایە هەرئەوەندە گوتیان هەڕڕە ئیدی ئیشت تەواوە"، باشە خۆ کفر ناکەم، سوێند بە دەسکی خەنجەرەکەی مەلا مستەفا ئیدریس بارزانی لەگەڵ باوکم سێ شەو لەژێر یەك لەتە شاخدا رۆژیان کردووەتەوە، ئاخر چیتێدایە با مەسعوود بارزانی خۆی بە سەرۆك بزانێت، ئەی ئەگەر سەرۆکە با بڵێ لەماوەی هەژدە ساڵی رابردوودا چەند جار سەری بە گەڕەکێکی هەولێر و سلێمانیدا کێشاوە؟

بەس کێشەکەم ئەوەیە ئەم پیاوە ئەوەندە عەشایەرە لەودیو سەری رەشەوە کەس بە پیاو نازانێت، ژنی هەموو سەرۆکەکانی دونیا لەڕێگەی یەك کلیکەوە دەدۆزمەوە کەچی هەتاوەکوو ئێستا نازانم خەسووەکەم چۆنە.

نازانم بۆ داخوازی کێ لەگەڵ خۆم ببەم؟ لەسەرەتادا ویستم چەند مەلا و ریش سپی و پێشمەرگەیەکی کۆن کۆکەمەوە و ئێوارەیەك ناوی خوای لێبێنین، بەڵام هاوڕێیەکی رۆژنامەنووسم وتی "کوڕی چاك هەندێك جاش و ئەنفالچی بدۆزەوە مەسعوود زۆر حەزی بەوانە".
برادەرێکی دیکە وتی وەڵاهی ئەگەر بەقسەی من دەکەی لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی نێچیرڤان بارزانیدا بڕۆ ژێر باڵی و بڵێ وەڵا ئیشێکی خێرم هەیە، یان ئەگەر نەشکرا کورە بە دەشنێ بڵێ ئەو زوو زوو دەیانبینێت با بۆتی تەرتیب بکەن.

سەرچاوە: کامەران ئەحمەد (٢٠١٣). سەردەشت عوسمان

ڕەنج عەلائەدین، پسپۆڕی ناوچەکە، وتی ئەم وتارە "هێڵی سووری تابووی ناوخۆیی بەزاندووە".[85] پەیمان عیزەدین وتی وا لێکدەدرێتەوە کە "ئەم ووتارە دیاریکراوە کە باسی کچی سەرۆک [بارزانی] و خێڵی بارزانی و هەرێمی کوردستان دەکات ڕەنگە بوبێتە هۆی کوشتنی سەردەشت."[86]. ڕۆژنامەنووسی بە ئەزموون ئاسۆس هەردی ئاماژەی بەوە کرد کە وتارەکە زۆر قورس و رەخنەگرانە بوو بەرامبەر بنەماڵەی بارزانی. ئاسۆس وتی: "هەموو ئەو وتارانەم خوێندەوە کە سەردەشت پێش مردنی نووسیبوونی. بڕوام وایە ئەو گەنجێکی زۆر بەتوانا بوو. ئەگەر ئەو هێشتا زیندوو بووایە پێم وایە دەکرا ببێتە کەسایەتیەکی زۆر ناسراو لە هەرێمی کوردستان. وتارێکی زۆر توندە و ڕەخنەی زۆر توندی بەرامبەر بە حیزبەکانی دەسەڵات تێدایە".[87]

دوای ئەوەی وتارەکە لە کوردستانپۆست بڵاوکرایەوە سەردەشت پەیامی ئیهانە و هەڕەشەی پێگەیشت. بەشدار عوسمان، یەکێک لەبراکانی سەردەشت، وتی سەردەشت لە مانگی کانوونی دووەم پەیوەندییەکی تەلەفۆنی پێگەیشت و تیایدا هەڕەشەی لێکرا هەولێر بەجێبهێڵێت.[88] ڕێناس سەلام، هاوڕێیەکی سەردەشت، وتی کە سەردەشت لە مانگی نیساندا هەڕەشەیەکی تری بە تەلەفۆن بۆ ڕۆشتووە لە کەسێکەوە کە وتبووی "هەفتەیەکی هەیە هەولێر بەجێبهێڵێت ئەگەر نا دەکوژرێت".[89] هەموو ئەو هەڕەشانەی لە سەردەشت کرابوون ئاماژەیان بە دوایین نووسینەکانی کردووە و هەندێکیشیان وتوویانە کە دەبێت باجی ئیهانەکانی بدات.[90]

لە پۆستێکی گشتیدا لە (٢١ی کانوونی دووەمی ٢٠١٠)، سەردەشت نوسیویەتی کە ڕاگری کۆلێژی لەم هەڕەشانە ئاگادارکردۆتەوە بەڵام ئەو پێی وتووە کە ئەو بابەتە پەیوەندی بە پۆلیسەوە هەیە. پاشان سەردەشت پەیوەندیکرد بەفەرماندەی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر (عەبدولخالیق تەلعەت) و پێ دەڵێت کەهەڕەشەی کوشتنی لێکراوە. ئەو فەرماندەیە داواکەی سەردەشتی بۆ یارمەتی پشتگوێ خست و پێی ووتوە ئەو مۆبایلەی کە بۆ هەڕەشەکان بەکارهاتووە لە دەرەوەی عێراق بووە و ووتوشیەتی کە "هەولێر زۆر ئارامە. لێرە هیچ شتێکی لەو شێوەیە ڕوونادات".[91] عەبدولخالیق تەلعەت لە ئێستادا پێگەیەکی بەرزی هەیە وەک نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ناو فەرماندەی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان لە بەغدا.[92]

پەرەگرافێکی کورت لەو کتێبەی کە سەبارەت بە سەردەشت لە ٢٠١٨ بڵاوکرایەوە کاردانەوەی سەردەشت بۆ ئەو هەڕەشانە بە کورتی دەخاتەڕوو. سەردەشت دەڵێت: "زۆر بەسادەییش تاکە هۆکاری نیگەرانی من لەم هەڕەشانە ئەوەیە، کە هێشتا زۆرشت ماون قسەیان لەسەربکەین و هەر ئاوا بەجێیان بهێڵین. بەدبەختی ئەم دەسەڵاتە ئەوەیە، کە باکی بەمردنی نەوەکانی خۆی نییە". بەکر عوسمانی برای گوتی سەردەشت نەیدەویست خانەوادەکەی تێوەبگلێنێت لەم دۆخەوە. بەکر وتی، "[سەردەشت] نەیدەویست خانەوادەکەی بخاتە مەترسییەوە و لە کەشێکی پڕ لەترسدا بژین. ئەو ئاگاداری نەکردینەوە".[93] بنەماڵەی سەردەشت تەنها دوای تیرۆرکردنی زانیان کە سەردەشت هەڕەشەی کوشتنی لێکرابوو.[94] (جیهانێکی ئارامتر بۆ ڕاستی) نەیتوانی بە سەربەخۆیی لە سەرچاوەی ئەو هەڕەشانە بکۆڵێتەوە کە لە سەردەشت کراون.

لە (٢١ی کانوونی دووەمی ٢٠١٠)، سەردەشت بە ناوی ڕاستەقینەی خۆی وتارێکی بەناونیشانی "یەکەمین زەنگی کوشتنم لێیدا" بڵاو کردەوە و تێیدا باسی ئەو هەڕەشانەی کرد کە لەدوای نوسینەکانی مانگی کانوونی یەکەمەوە لێی کرابوون. سەردەشت نوسیویەتی: "لەچەند رۆژی رابردوودا بۆ یەکەمین جار پێیان گوتم، کە تەمەنت چەندی نەماوە، یان بەگوتەی خۆیان مۆڵەتی هەناسەدانم لەم شارەدا نەماوە، بەڵام نە باکم بەمردنە و نە ئازاردان، لەچاوەڕوانی کۆتاییهاتنی مۆڵەتەکەمم تا دیداری بکوژەکانی خۆم بکەم، دوعاش دەکەم مردنێکی تراژیدیام پێببەخشن کە شایستەی ژیانە تراژیدیاکەم بێت."[95]

---

85 ڕەنج عەلائەدین (13ی ئایاری 2010) پێویستە کوشتنی ڕۆژنامەنووسە کوردەکە ڕوونبکرێتەوە.
https://www.theguardian.com/commentisfree/2010/may/13/zardasht-osman-death-kurdistan

86 چاوپێکەوتن لەگەڵ پەیمان عیزەدین (29ی ئەیلوولی 2021)

87 چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاسۆس هەردی (28 ئەیلولی 2021)

88 سام داگەر (6ی ئایاری 2010). ' نووسەرە کوردە ڕفێنراوەکە بە مردووی دۆزرایەوە'.
https://www.nytimes.com/2010/05/07/world/middleeast/07erbil.html

89 هەمان سەرچاوەی پێشوو.

90 هیومان ڕایتس ووۆچ (29ی تشرینی یەکەمی 2010). کوردستانی عێراق: ڕۆژنامەنووسان لەژێر هەڕەشەدان
https://www.hrw.org/news/2010/10/29/iraqi-kurdistan-journalists-under-threat

91 نیقاش (بەرواری بڵاوکراوە نەزانراوە). https://www.niqash.org/en/articles/society/2673/Why-was-he-killed.htm

92 چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێکی ناو ئاشکرانەکراو (31 کانونی دووەمی 2022)

93 چاوپێکەوتن لەگەڵ بەکر عوسمان (2ی تشرینی یەکەمی 2021)

94 چاوپێکەوتن لەگەڵ بەکر عوسمان (12ی کانوونی دووەمی 2022)

95 نیقاش (بەرواری بڵاوکراوە نەزانراوە). https://www.niqash.org/en/articles/society/2673/Why-was-he-killed.htm

دەردەکەوێت کە سەردەشت ئاگادار بووە چ چارەنوسێک چاوەروانێتی، بە بەڵێنێک بۆ پابەندبوون بە گوتنی ڕاستی ستوونەکەی دادەخات و دەڵێت: " خۆشحاڵیشم، کە هەمیشە شتێکم هەیە بۆ گوتن و کەسانێك نایانەوێت بیبیستن، بەڵام هەرکاتێك ئێمە بەچرپە قسە دەکەین ئەوا ئەوان گوێچکەکانیان نائارام دەبن. تا ئەو شوێنەی کە ماوین ئەبێت قسەبکەین."[96]

سەردەشت لەو چەند مانگەی دوایدا بەردەوام بوو لە نووسین و چەندین وتاری بەناوی خۆیەوە بڵاو کردەوە. لێکۆڵینەوەکەمان پێداچوونەوەی بە وتارەکانی مانگەکانی پێش کوشتنەکەیدا کرد و بۆی دەرکەوت کە زۆربەی نوسینەکانی بابەتی یەکجار زۆر هەستیار یان وتەی ڕەخنەگرانەیان تێدا نەبووە؛ زۆربەیان وەرگێڕانی کوردی بوون کە سەرچاوەکانی بڵاوکراوە ئینگلیزیەکان بوون.[97] لێکۆڵینەوەکەمان دوو ڕاپۆرتی دیاری کرد کە بە تایبەتی زۆر ڕەخنەگرانە بوون. لە یەکێکیاندا، سەردەشت ڕەخنە ئاراستەی جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری ئەوکاتی عێراق کردووەو و تۆمەتباری کردووە بە پشتگیریکردنی سەرۆک وەزیرانی عێراق نوری مالکی کە ئەویش بە شێوازی سەرکردایەتی ستەمکاری و تاکڕەوی ناسرابوو.[98] سەردەشت نوسیویەتی کە تاڵەبانی پشتیوانی لەمالکی کردووە تەنها بۆ ئەوەی کە پۆستەکەی وەک سەرۆک کۆمار بپارێزێت.[99] لە ووتارەکەی تردا، سەردەشت ڕەخنە لە سەرکردەکانی کورد دەگرێت لەسەر نەبوونی شەفافییەت و دابڕانیان لە خەڵکی ئاسایی.[100] لەبەر ئەوەی سەردەشت هەڕەشەکانی پێش ئەم دوو وتارە لێکرابوون، ئەگەر زۆرە کە بڵاوکردنەوەی شیعرەکەی پێشوو بووبێت بە هۆکاری دارشتنی پلانی کوشتنی. هەرچەندە ڕەخنەگرتنی ئاشکرا لە بنەماڵەی تاڵەبانی بە بەزاندنی "هێڵی سوور" دادەنرێت و مەترسیدارە بۆ ڕۆژنامەنووسانی کورد، بەڵام بەرواری ئەم نوسینەی دەگەڕێتەوە بۆ پاش ئەوەی کە هەڕەشەی بۆ ڕۆشتووە. بەبەردەوام بوونی لە بڵاوکردنەوەی وتاری ڕەخنەگرانە، سەردەشت ئەوەی پیشان دا کە بەتەنیا بەهەڕەشە بێدەنگ ناکرێت. لە جیاتی ئەوەی خۆی سانسۆڕ بکات، سەردەشت بەردەوام بوو لە نووسین و قسەکردن.

96 دانا ئەسعەد (11ی ئایاری 2010). با مردنم وەک ژیانم تراژیدی بێت.
https://web.archive.org/web/20110719054546/http://www.niqash.org/content.php?contentTypeID=74&id=2674&lang=0
97 نزیکەی هەموو وتارەکانی سەردەشت دەکرێت لێرە بدۆزرێنەوە: http://www.sardashtosman.com/ku
98 : MEI (2014). مالکی و کەرتی ئەمنی لەعێراق https://www.mei.edu/publications/maliki-and-security-sector-iraq ؛
پەیمانگای واشنتن (2009). پاپیولیزم و دەسەڵاتخوازی و ئاسایشی نەتەوەیی لە عێراقی مالیکیدا
https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/populism-authoritarianism-and-national-security-al-malikis-iraq
99 سەردەشت عوسمان (10ی ئازاری 2010). " ئەوەی تاڵەبانی دەکاتەوە بە سەرۆك کۆمار".
100 سەردەشت عوسمان " دەرگاکان دامەخەن ، دنیا لە پەنجەرەوە دەمانبینن".

# ٣. تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان

ئەم بەشە دۆکیومێنتی وردەکارییەکانی کوشتنی سەردەشت دەکات بە پێی چاوپێکەوتنی شایەتحاڵەکان، سەرچاوە نوسراوەکان، فایل و دۆسیەی فەرمی، بەڵگەی فۆتۆگرافی، و وێنەی ساتەلایتی. بەهۆی ترسی ئەمنییەوە سەرجەمی لێدوانەکانی خانەوادەی سەردەشت لەلایەن وتەبێژی خێزانەکەوە دراون، کە بەکر عوسمان (برای سەردەشت) ە کە ئێستا لە سوید نیشتەجێیە، یان بەر لە دەستپێکردنی لێکۆڵینەوەکانی ئەم ڕاپۆرتە بڵاوکراونەتەوە.

## ڕفاندن و تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان

سەر لەبەیانی سێشەممەی (٤ی ئایاری ٢٠١٠)، پێنج مانگ پاش لە بڵاوکردنەوەی ئەو نوسینەی کە ئێمە پێمانوایە بووەتە هۆی کوشتنی، سەردەشت لەلایەن سەرداری برایەوە لە بینای پەیمانگای هونەرە جوانەکانی زانکۆی سەڵاحەدین دادەبەزێنرێت لە بەرامبەر دەرگای سەرەکیدا.[101] سەردار لە ڕاپۆرتێکی نیویۆرک تایمزدا دەڵێت: ”[سەردەشت لە ئۆتۆمبیلەکە] دابەزی لەبەردەم پەیمانگای هونەردا، کە لانیکەم نیو دەرزەن سەرباز لە یەکەی زێرەڤانی، کە مەشقپێکراون و سەر بە هێزی چەکداری پێشمەرگەی کوردن، بەردەوام پاسەوانی دەرگاکەی دەکەن“.[102] ئەو کاتە شەقامەکە قەرەباڵغ بوو، کە کاتی پڕهاتوچۆی بەیانیان بوو لە هەولێر.[103] . ئەندامێکی یەکەی پێشمەرگە کە لە شوێنی ڕووداوەکە ئامادەبوو ڕایگەیاند کە شوێنەکە زۆر لەوە قەرەباڵغتر بووە کە بتوانێ ڕفاندنەکە ببینێ.[104]




نەخشەی هەولێر و موسڵ، شوێنی ڕفاندن

101 سام داگەر (6ی ئایاری 2010). ’ نووسەرە کوردە ڕفێنراوەکە بە مردووی دۆزرایەوە‘. https://www.nytimes.com/2010/05/07/world/middleeast/07erbil.html

102 هەمان سەرچاوەی پێشوو.

103 لیژنەی داکۆکیکردن لە رۆژنامەنووسان (22ی نیسانی 2014). رۆژنامەنووسانی کوردستان لە ژێر شاخێک تاوانی بێ سزادا. https://cpj.org/reports/2014/04/mountain-of-impunity-looms-over-kurdistan-journali

104 تێڕوانینی خاوەر حەسەن، ئەندامی هێزی پێشمەرگە، کە ئەو بەیانییە لە شوێنی ڕووداوەکە بووە، لە: سام داگەر (6ی ئایاری 2010). ’ نووسەرە کوردە ڕفێنراوەکە بە مردووی دۆزرایەوە‘. https://www.nytimes.com/2010/05/07/world/middleeast/07erbil.html

پاش ئەوەی سەردەشتی دابەزاندا، سەردار شوێنەکەی بەجێهێشت. دەستبەجێ پاش ئەوە سەردەشت ڕفێندرا، بۆیە سەردار ئاگاداری ڕفاندنەکە نەبوو.[105] ڕاپۆرتێکی پەیامنێرانی بێسنور و خانەوادەی سەردەشت ئامژەی بەوە کردووە کە کاتی ڕفاندنەکە نزیکەی ٨:٢٠ بەیانی بووە.[106-107-108]

دیار نییە کە دوای ئەوەی سەردەشت لەلایەن براکەیەوە دابەزێنرا بە دیاریکراوی چی ڕوویداوە. ئەمنیستی ئینتەرناشناڵ[109] ئاماژە بەوە دەکات کە سەردەشت لەلایەن "کۆمەڵێک چەکداری نەناسراوەوە ڕفێندراوە، کە بەزۆر خستویانەتە ناو تۆمبێلێکەوە و ڕۆیشتون".[110] ڕاپۆرتێکی پەیامنێرانی بێسنور وەسفی.[111] ڕفێنەرەکان دەکات وەک "چەند پیاوێك بە جلی مەدەنییەوە".[112] لە ڕاپۆرتێکی نیویۆرک تایمزدا، کە ئەنجامەکانی پشت بەستوە بە گێرانەوەی شایەتحاڵەکان، هاتووە کە سەردەشت لە لایەن چەند "پیاوێک بە مینی پاسێکی سپی"[113] ڕفێندراوە. سام داگەر نووسەری ئەم وتارەی نیویۆرک تایمز لە چاوپێکەوتنێکی جیادا لەگەڵ لێکۆڵەرەوەکانمان ئاماژەی بەوەدا کە ڕاپۆرتەکەی نوسیوە بە پێی ووتەی ئەو کەسانەی کە لە کەمپی زانکۆکە قسەیان بۆ کردووە: ئەوانەی کە شایەتحاڵی ڕفاندنەکە بوون و باسی مینی پاسەکەیان بۆ کردووە.[114] بەگوێرەی سەرچاوەیەکی نەناسراو کە چەند ڕۆژێک دوای کوشتنەکە سام داگەر چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردوە، ڕاگری کۆلێژەکە دوای ڕفاندنی سەردەشت گەیشتۆتە شوێنی ڕووداوەکە و دەفتەرەکانی سەردەشتی هەڵگرتۆتەوە کە لەسەر شەقامەکە کەوتبوون.[115] بەکر عوسمان وتی کە هەوڕێکانی سەردەشت لە زانکۆ دەستبەجێ پاش ئەوەی سەردەشت ڕفێندراوە خێزانەکەیان ئاگادار کردۆتەوە.[116]

بەکر عوسمان وردەکاری ڕفاندنەکەی لەو شایەتحاڵەنە وەرگرتووە کە ئەو کاتە[117] قسەی لەگەڵ کردوون و وەسفی ڕفاندنەکەی کرد بۆ لێکۆڵەرەوەکانمان بەو شێوەیەی کە ئەو لێی تێگەیشتبوو. بەکر وتی، "خێزانەکامان بۆی دەرکەوت کە لەو ڕۆژەدا ئۆتۆمبێلێکی گواستنەوەی سپی لەبەردەم زانکۆدا بووە لەگەڵ سێ کەسی ئەمنی و ١٠ مەتریش لەبەردەمیان خاڵێکی پشکنین هەبووە. دوو پیاو لە ئۆتۆمبێلەکە هاتنە دەرەوە و هێزێکی زۆریان بەکارهێنا بۆ ئەوەی سەردەشت ڕاکێشنە ناو ئۆتۆمبێلەکە. کتێبێک کە ناوی سەردەشتی لەسەر بووە و هەروەها بەڵگەنامەیەکی کە پێویستە بۆ خوێندنەکەی دواتر لەلایەن هاوڕێکانی سەردەشتەوە لە زانکۆ لە سەر زەوی هەڵگیراونەتەوە. هاوڕێکانی خۆیان ڕووداوەکەیان نەبینیوە بەڵام کاتێک بیستویانە کەسێک ڕفێندراوە پەیوەندیان بە خانەوادەی سەردەشتەوە کردووە. سەردەشت لە کاتژمێر ٨:٢٠ی بەیانی بردرا و پێش کاتژمێر٨:٣٠ی بەیانی هاوڕێکانی پەیوەندیان بە خانەوادەکەیەوە کردبوو. دوای تەلەفۆنەکە ئێمە [خانەوادەی سەردەشت] ڕاستەوخۆ هاتینە ئەو شوێنە، کاتژمێر ٩:١٥ی بەیانی گەیشتین". دواتر خانەوادە و هاوڕێکانی سەردەشت پەیوەندیان بە هەر کەسێکەوە کرد کە ناسیبێتیان لە بازگەکانی ئاسایش لە سەرانسەری شار و لەسەر ڕێگا سەرەکییەکانی بەرەو دەرەوەی هەولێر. بەکر بە لێکۆڵەرەوەکانمانی وت، "٢٠ بۆ ٢٥ خولەک دوای ڕووداوەکە هەموو خاڵێکی پشکنین لە هەولێر ڕاگەیەندراوێکی پێگەیشت کە کەسێک ڕفێندراوە، نەک لە ڕێگە فەرمیەکانەوە بەڵکو لە ڕێگەی هاوڕێکانیەوە چونکە لە هەرێمی کوردستان هەموو کەسێک ناسیاوێکی هەیە کە لە بازگەکانی بشکنین کار بکات. ئێمە [هاوڕێ و کەس وکار] هەموویانمان ئاگادارکردەوە. ئەمە ٢٥ خولەک دوای ڕووداوەکە بوو".

105 سام داگەر (6ی ئایاری 2010). ' نووسەرە کوردە ڕفێنراوەکە بە مردووی دۆزرایەوە'. https://www.nytimes.com/2010/05/07/world/middleeast/07erbil.html

106 پەیامنێرانی بێ سنوور (2010). ڕاپۆرتی ئەرک، نێوان ئازادی و پێشێلکارییەکان: پارادۆکسی میدیا لە کوردستانی عێراق
https://rsf.org/en/reports/between-freedom-and-abuses-media-paradox-iraqi-kurdistan

107 چاوپێکەوتن لەگەڵ بەکر عوسمان (2ی تشرینی یەکەمی 2021).

108 چاوپێکەوتن لەگەڵ بەکر عوسمان (12ی کانوونی دووەمی 2022).

109 بەبێ ئاماژەدان بە سەرچاوەکان.

110 ئەمنیستی ئینتەرناشناڵ (7ی ئایاری 2010). عێراق: دەسەڵاتدارانی کوردستان.
https://www.amnesty.org/download/Documents/40000/mde140072010en.pdf

111 بەبێ ئاماژەدان بە سەرچاوەکان.

112 پەیامنێرانی بێ سنوور (2010). ڕاپۆرتی ئەرک، نێوان ئازادی و پێشێلکارییەکان: پارادۆکسی میدیا لە کوردستانی عێراق
https://rsf.org/en/reports/between-freedom-and-abuses-media-paradox-iraqi-kurdistan

113 سام داگەر (6ی ئایاری 2010). ' نووسەرە کوردە ڕفێنراوەکە بە مردووی دۆزرایەوە'. https://www.nytimes.com/2010/05/07/world/middleeast/07erbil.html

114 چاوپێکەوتن لەگەڵ سام داگەر (18ی حوزەیرانی 2021).

115 سام داگەر (6ی ئایاری 2010). ' نووسەرە کوردە ڕفێنراوەکە بە مردووی دۆزرایەوە'. https://www.nytimes.com/2010/05/07/world/middleeast/07erbil.html

116 چاوپێکەوتن لەگەڵ بەکر عوسمان (12ی کانوونی دووەمی 2022).

117 بەکر عوسمان ناسنامەی ئەو شایەتحاڵانەی بۆ ئێمە ئاشکرا نەکرد بۆیە لێکۆڵەرەوەکانمان نەیانتوانی بە شێوەیەکی سەربەخۆ گێڕانەوەکانیان بسەلمێنن.

خانەوادەی سەردەشت بە پەیامنێرانی بێ سنووریان ڕاگەیاند کە لە (٤ی ئایاری ٢٠١٠)، ڕۆژی ڕفاندنەکە، مۆبایلەکەی سەردەشت تا کاتژمێر ٢:٠٠ی پاش نیوەڕۆ دانەخرابوو.[118] لە چاوپێکەوتنەکەی بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە، بەکر عوسمان ڕوونی کردەوە کە تەلەفۆنەکەی سەردەشت هەتا (٥ی ئایاری ٢٠١٠) بە کراوەیی ماوەتەوە. بەکر وتی، ”لە کاتی خۆپیشاندانێکدا لە ٥ی ئایاری ٢٠١٠ هاوڕێکانی سەردەشت هەوڵیان دا بە هێزەکانی ئاسایش بڵێن و پیشانیان بدەن کە کاتێک تەلەفۆن بۆ سەردەشت دەکەن هێشتاش زەنگ لێدەدا. داوایان کرد کە ئاسایش شوێنی تەلەفۆنەکە بدۆزێتەوە، بەڵام ئاسایش هیچ وەڵامێکی نەبوو“.[119]

## کاردانەوە بۆ کوشتنەکە

ڕۆژی چوارشەممە (٥ی ئایاری ٢٠١٠)، لەسەر کەناڵی (کوردستان تیڤی) ڕاگەیاندراوێک دەرکەوت کە تێیدا نووسرابوو: ”ئەگەر زانیاری زیاترتان دەوێت لەسەر سەردەشت عوسمان دەتوانن پەیوەندی بەم ژمارەیەوە بکەن“.[120] بەکر عوسمان وتی کە خانەوادەکەیان پەیوەندیان بە ژمارەکەوە کردووە و بۆیان دەرکەوتوە پیاوێکی کورد لە موسڵ زانیاری لەسەر تەرمی سەردەشت هەیە کە لە موسڵ دۆزراوەتەوە، کە شارێکە نزیکەی ٨٠ کیلۆمەتر لە ڕۆژئاوای هەولێر و دەکەوێتە دەرەوەی سنووری هەرێمی کوردستان.[121] بە بەگوێرەی بەکر ئە کوردەی موسڵ بە خانەوادەکەی وت کە ”تەرمی سەردەشتی بینیوە. دەستی بەستراوە و سەری بە عەلاگەیەک داپۆشراوە. ئۆتۆمبێلێک تەرمەکەی بردووەتە مردووخانە“.[122]

ڕفاندن و تیرۆرکردنی سەردەشت بووە هۆی کۆمەڵێك خۆپیشاندانی بێ پێشینە لە هەرێمی کوردستان بە تایبەتی لە هەولێر و سلێمانی.[123] . دوای چەند ڕۆژێک لە کوشتنەکە، سەدان خوێندکاری زانکۆ لە بینای زانکۆکەی سەردەشتەوە بەرەو بینای پەرلەمان بەڕێکەوتن و هاواریان دەکرد: ”کێن ئەوانەی دەستیان بە خوێنی سەردەشت سوورە؟“[124] خۆپیشاندەران تابوتێکی ڕەمزییان هەڵگرتبوو کە وشەی ”ئازادی“ لە هەدوولاوە لێنوسرابوو.[126-125]

کوشتنەکە لە میدیای ئۆپۆزسیۆن و سەربەخۆدا ئیدانەکرا.[127] لە (٦ی ئایاری ٢٠١٠)دا، ٧٥ ڕۆژنامەنووس و سەرنووسەر و ڕووناکبیری کورد بەیاننامەیەکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە و وتیان: ”ئەم کارە لە توانای کەسێک یان گروپێکی بچووکدا نیە. ئێمە پێمانوایە بە پلەی یەکەم حکومەتی هەرێمی کوردستان و هێزە ئەمنییەکانی بەرپرسیارن و دەبێت هەموو توانایەکیان بخەنەگەڕ بۆ دۆزینەوەی ئەم دەستە ڕەشە“.[128]

بەپێی ڕاپۆرتێکی (هەفینگتۆن پۆست)، کە پشتڕاستکراوەتەوە لەلایەن چەند شایەتحاڵێکی نەناسراوەوە، هێزە ئەمنییەکانی بەرپرس لە لێکۆڵینەوەکە لەم کاتەدا دەکەونە ژێر دەسەڵاتی یەکێک لەکوڕەکانی مەسعود بارزانی، مەسرور بارزانی، کە سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بوو.[129] لە (٢٢ی ئایاری ٢٠١٠)، دوای ١٨ ڕۆژ لە ڕفاندنی سەردەشت، سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بەیاننامەیەکی فەرمی بڵاوکردەوە لەسەر کوشتنی سەردەشت و خۆپیشاندانەکانی دوای کوشتنەکە و ڕایگەیاند کە ”[سەرۆکایەتی هەرێم] نیگەرانە بە هەواڵی ڕفاندن و کوشتنی بەڕێز سەردەشت عوسمان، قوتابی لە زانکۆی سەڵاحەدین.“ لە بەیاننامەکەدا هاتووە کە سەرۆکایەتی هەرێم فەرمانی بە وەزارەتی ناوخۆ، بە سەرۆکایەتی وەزیری ناوخۆ کەریم سنجاری، و دەزگا ئەمنییەکان کردووە کە ”هەموو

118 پەیامنێرانی بێ سنوور (2010). ڕاپۆرتی ئەرک، نێوان ئازادی و پێشێلکارییەکان: پارادۆکسی میدیا لە کوردستانی عێراق
https://rsf.org/en/reports/between-freedom-and-abuses-media-paradox-iraqi-kurdistan

119 چاوپێکەوتن لەگەڵ بەکر عوسمان (12ی کانوونی دووەمی 2022).

120 چاوپێکەوتن لەگەڵ بەکر عوسمان (2ی تشرینی یەکەمی 2021).

121 سام داگەر (6ی ئایاری 2010). ’ نووسەرە کوردە ڕفێنراوەکە بە مردووی دۆزرایەوە‘. https://www.nytimes.com/2010/05/07/world/middleeast/07erbil.html

122 چاوپێکەوتن لەگەڵ بەکر عوسمان (2ی تشرینی یەکەمی 2021).

123 نامۆ عەبدوڵلا (ی16 تەمموزی 2010). نیگەرانی لە کوشتنی ئاشکرانەکراوی ڕۆژنامەنووسێکی کورد
https://iwpr.net/global-voices/concern-over-kurdish-journalists-unsolved-killing

124 لیژنەی داکۆکیکردن لە رۆژنامەنووسان (22ی نیسانی 2014). رۆژنامەنووسانی کوردستان لە ژێر شاخێک تاوانی بێ سزادا.
https://cpj.org/reports/2014/04/mountain-of-impunity-looms-over-kurdistan-journal

125 هیومان ڕایتس ووچ (29ی تشرینی یەکەمی 2010). کوردستانی عێراق: ڕۆژنامەنووسان لەژێر هەڕەشەدان
https://www.hrw.org/news/2010/10/29/iraqi-kurdistan-journalists-under-threat

126 ئاوات عەلی (2010). دەنگی قەڵەم. ئێن ئاڕ تی.

127 نامۆ عەبدوڵلا (ی16 تەمموزی 2010). نیگەرانی لە کوشتنی ئاشکرانەکراوی ڕۆژنامەنووسێکی کورد
https://iwpr.net/global-voices/concern-over-kurdish-journalists-unsolved-killing

128 سام داگەر (6ی ئایاری 2010). ’ نووسەرە کوردە ڕفێنراوەکە بە مردووی دۆزرایەوە‘. https://www.nytimes.com/2010/05/07/world/middleeast/07erbil.htm

129 جۆن لاندبێرگ (15ی ئایاری 2010). نووسەرێک لەسەر شیعرێک لە عێراق کوژرا. https://www.huffpost.com/entry/writer-killed-over-a-poem_b_576817

سەرچاوە بەردەستەکان بخەنە گەڕ بۆ ئەوەی بەرپرسیارانی ئەم تاوانە سامناکە بدرێنە دادگا“.[130-131]

(١٨) پەیامنێری بیانی کە ڕووماڵی هەرێمی کوردستان دەکەن نامەیەکی کراوەیان بۆ دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێمی کوردستان نووسیو و داوایان لێکردن لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ لە ڕفاندن و تیرۆرکردنی سەردەشت بکەن. لەوەڵامدا وەزیری ناوخۆ کەریم سنجاری بەناوی نووسینگەی سەرۆک بارزانیەوە بەڵێنیدا بکوژانی سەردەشت بدۆزرێتەوە و نوسیویەتی کە “لەلێکۆڵینەوەکانیاندا هیچ بەڵگەیەک پشتگوێ ناخرێت“.[132]

لەسەر تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان، سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق مەسعود بارزانی دووپاتیکردەوە کە “ڕێگە بەکەس نادەین مەسەلەی تیرۆری سەردەشت عوسمان بقۆزێتەوە بۆ گەیشتن بەئامانجە سیاسییەکانیان” وتیشی: “ئێمە بەدوای دۆزینەوەی ڕاستییەکانی ئەم کوشتنەدا دەگەڕێین و ڕێگە بەکەس نادەین ئەم مەسەلەیە بە خراپ بەکار بێنێن بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سیاسییەکانیان“.

هەفتەیەک پاش مردنی سەردەشت و لەژێر فشارێکی بەرچاو لەلایەن خەڵکی ناوچەکە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، لێکۆڵینەوەیەکی حکومی لە ڕفاندن و کوشتنەکە ڕاگەیەندرا. بەیاننامەیەکی فەرمی ڕایگەیاند کە لێکۆڵینەوەکە بێ پێشینە دەبێت لە فراوانیەکەی و لەلایەن دەزگای دژە تیرۆرەوە هاوکاری دەکرێت و لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە سەرپەرشتی دەکرێت.[133]

130 لێدوانی ڕۆژنامەوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، وەرگیراوە لە پەیجی ئیکورد(22ی ئایاری ٢٠١٠). سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم ئیدانەی هێرش بۆ سەر ڕۆژنامەنووسێکی کورد دەکات. https://ekurd.net/mismas/articles/misc2010/5/state3807.htm ڕاگەیندراوی فەرمی وەرگێڕدراوە لەلایەن سەنتەری میترۆوە.

131 کەریم سنجاری لە ئێستادا سەرۆکی ستافی سەرۆک نێچیرڤان بارزانییە کە لە کاتی تیرۆرکردنەکەدا سەرۆکی حکومەتی بوو لە ژێر دەسەڵاتی مەسعود بارزانیدا.

132 ئیکورد (9ی حوزەیرانی 2010). نووسینگەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەڵامی پەیامنێرە ناسراوەکان دەداتەوە لەسەر ڕەخنەکانی ئازادی ڕۆژنامەگەری
https://ekurd.net/mismas/articles/misc2010/6/state3944.htm

نامۆ عەبدوڵڵا (ی16 تەمموزی 2010). نیگەرانی لە کوشتنی ئاشکرانەکراوی ڕۆژنامەنووسێکی کورد
https://iwpr.net/global-voices/concern-over-kurdish-journalists-unsolved-killing

133 نامۆ عەبدوڵڵا (ی16 تەمموزی 2010). نیگەرانی لە کوشتنی ئاشکرانەکراوی ڕۆژنامەنووسێکی کورد
https://iwpr.net/global-voices/concern-over-kurdish-journalists-unsolved-killing

# ٤. لێکۆڵینەوە و گوتاری فەرمی

لە (٢٢-ی ئایاری ٢٠١٠) حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق ڕایگەیاند کە لێکۆڵینەوە لەکوشتنی سەردەشت دەکرێت.[134] بەپێی لێدوانەکانی حکومەت، بڕیاردرا ئەم لێکۆڵینەوەیە لەلایەن "لیژنەی لێکۆڵینەوەی تایبەت" بەفەرمانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت. لیژنەکە لە ژێر دەسەڵاتی وەزارەتی ناوخۆدا بوو و ئەرکی دەستنیشانکردنی بکەرانی ئەو کوشتنە بوو.[135] . ئەم بەشە باس لەپێکهاتە و شێواز و ئەنجامەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوەی تایبەت و"دانپێدانان"ی یەکێک لە گومانلێکراوەکان دەکات، کە تاکە بەڵگەی لیژنە فەرمییەکە بوو کە لە بەیاننامەی کۆتاییاندا خرایە ڕوو.

## لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی نەناسراو

بەپێی ڕاگەیندراوێکی حکومی لە (٢٢-ی ئایاری ٢٠١٠) "لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی تایبەت" بۆ لێکۆڵینەوە لە کوشتنەکە پێکهێنرا بە فەرمانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان.[136] هیچ ڕاگەیاندنێکی گشتی لەبارەی ئەندامان و ڕاسپاردەی لیژنەکەوە نەبووە و تا ئیستاش پێکهاتەی لیژنەکە بە نەناسراوی ماوەتەوە. لە میانی سەردانێکی پەیامنێرانی بێ سنوور (ئاڕ ئێس ئێف) بۆ هەولێر بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە کوشتنەکە و ئاکامەکانی، بەرپرسانی حکومەت کە لەلایەن (ئاڕ ئێس ئێف)ەوە پەیوەندیان پێوەکرا "نەیانتوانی یان ئامادەنەبوون... ناوی تاکە ئەندامێکی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە کوشتنەکە دابین بکەن".[137] ". ئەو بەرپرسانەی لە لایەن (ئاڕ ئێس ئێف)ەوە پەیوەندیان پێوەکرابوو بریتین لە تاریق س. ڕەشید (کارەکەی نەزانراوە) و فایەق تۆفیق (جێگری وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان) و جەنەراڵ ئەڵدی بۆتانی (جێگری سەرۆکی ئاسایش) و چەند ڕاوێژکارێکی ناونەبراوی سەرۆکی حکومەتی کوردستان.

ڕاپۆرتێکی پەیمانگای ڕۆژنامەوانی جەنگ و ئاشتی (IWPR) لە زاری بەرپرسێکی ئەمنی ناونەبراوی کورد ئاماژە بەوە دەکات کە سەرجەم ئەندامانی لیژنەکە "لەپارتی دیموکراتی کوردستانەوە (پ. د. ک) نزیک" بوون.[138] هەروەها ڕاپۆرتەکە داوای لێدوانی لە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەت و گەورە بەرپرسانی ئەمنی کردووە بەڵام وەڵامی هیچ یەکێک لە داواکارییەکان نەدرایەوە.

نەبوونی شەفافییەت لەبارەی ئەندامانی لیژنەکە وا دەکات کە هەموو هەڵسەنگاندنێک مەحاڵ بێت دەربارەی لێهاتوویی و بێلایەنیی ئەندامانی لیژنەکە بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆی تایبەت بە کەیسی کوشتن. ئەگەر ئەندامەکان بە ڕاستی لە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە نزیک بووبێتن، وەک لە ڕاپۆرتەکاندا باسکراوە، ئەوا گومانی زۆر گەورە لە سەر سەربەخۆیی و بێلایەنی لیژنەکە دروست دەبێت، بە تایبەتی بەهۆی نوسینە ڕەخنەگرەکانی سەردەشت بەرامبەر نوخبەی باڵادەستی کوردی و ڕەخنەکانی لە بنەماڵەی بارزانی بە دیاریکراوی.

دوای چوار مانگ لە تیرۆرکردنی سەردەشت لە (١٥-ی ئەیلولی ٢٠١٠)، لیژنەکە لە ڕاگەیاندنێکی ٤٣٠ وشەیدا ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی بڵاو کردەوە بە ناونیشانی 'بەیاننامەیەک لە لیژنەی لێکۆڵینەوەی تایبەتی قوتابییە کوژراوەکە (سەردەشت عوسمان)'، کە تیایدا دەستگیرکردنی تۆمەتبارێک بە بەناوی (هیشام مەحمود ئیسماعیل) ڕاگەیەندرا.[139] ناسنامە و ڕاسپاردەی ئەندامانی لیژنەکە لە کاتی بڵاوکردنەوەی ئەنجامەکان بەنهێنی مایەوە.

---

134 هەمان سەرچاوەی پێشوو.

135 ڕاگەیندراوی ڕۆژنامەوانی (15 ئەیلولی 2010)، لە ئیکورد وەرگیراوە: بەیاننامەی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە کوشتنی ڕۆژنامەنووسێکی کوردی عێراق.
https://ekurd.net/mismas/articles/misc2010/9/state4209.htm

136 پەیامنێرانی بێ سنوور (2010). ڕاپۆرتی ئەرک، نێوان ئازادی و پێشێلکارییەکان: پارادۆکسی میدیا لە کوردستانی عێراق
https://rsf.org/en/reports/between-freedom-and-abuses-media-paradox-iraqi-kurdistan

137 پەیامنێرانی بێ سنوور (2010). ڕاپۆرتی ئەرک، نێوان ئازادی و پێشێلکارییەکان: پارادۆکسی میدیا لە کوردستانی عێراق
https://rsf.org/en/reports/between-freedom-and-abuses-media-paradox-iraqi-kurdistan

138 نامۆ عەبدوڵڵا (ی16 تەمموزی 2010). نیگەرانی لە کوشتنی ئاشکرانەکراوی ڕۆژنامەنووسێکی کورد
https://iwpr.net/global-voices/concern-over-kurdish-journalists-unsolved-killing

139 ڕاگەیندراوی ڕۆژنامەوانی (15 ئەیلولی 2010)، لە ئیکورد وەرگیراوە: بەیاننامەی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە کوشتنی ڕۆژنامەنووسێکی کوردی عێراق
https://ekurd.net/mismas/articles/misc2010/9/state4209.htm

## کوردستانی - لێژنەی لێکۆڵینەوە ناسنامەی بکوژانی قوتابی سەردەشت عوسمانی ئاشکرا کرد

PNA - لێژنەی لێکۆڵینەوە، ناسنامەی بکوژانی قوتابی ( سەردەشت عوسمان)ی ئاشکرا کرد و لەم بارەیەوە راگەیاندراوێکی بڵاوکردەوە، کە وێنەیەکی بەدەست ئاژانسی هەواڵی پەیامنێر گەیشتووە، ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

دوابەدوای راگەیاندنی سەرەتاییمان لەم دۆسیەیە لە رێکەوتی ( 23/5/2010 ) بۆ هەموو لایەك رایدەگەیێنین کە دوای ئەوەی لە رێکەوتی ( 4/5/2010 ) قوتابی کۆلێژی زمان لە بەشی ئینگلیزی ( سەردەشت عوسمان حەسەن ) رفێندرا لەبەردەم پەیمانگای هونەرە جوانەکان کە دەکەوێتە بەرامبەر کۆلێژی ئاداب ، دواتر لە رێکەوتی ( 5/5/2010 ) تەرمەکەی دۆزرایەوە لە شاری ( موصل ) و دوای وەرگرتنی رێوشوێنی یاسایی و ئەنجام دانی پشکنین لەسەر تەرمەکە لەلایەن فەرمانگەی پزیشکی دادی ( موصل ) ، تەرمەکەی رۆژی دواتر تەسلیم بە کەس وکاری کرا .

لەسەر فەرمانی بەرێز سەرۆکی هەرێم لێژنەیەکی تایبەت بە لێکۆڵینەوە لەم دۆسیە پێکهێنرا بۆ ئاشکراکردنی بکوژانی تاوانلێکراو ، لێژنەکە دەست بەکاربوو و سەرەتا هەڵسا بە وەرگرتنی ووتەی چەند شاهێدێکی نزیك لە شوێنی رووداو کە بەچاوی خۆیان بینیویانە چۆن ناوبراو بە ئۆتۆمبێلێکی جۆری هۆندا ( مینی پاس ) رەنگی سپی ژمارە ( فحص بغداد ) بردراوە .

لە پاش کۆکردنەوەو تاوتوێکردن و شیکردنەوەی چەندین زانیاری لەسەرچاوەی جیاجیا لەلایەن لێژنەی لێکۆڵینەوە دەرکەوت کەسێکی سەر بە گروپی ( انصار الاسلام ) بەناوی ( هشام محمود اسماعیل ) تەمەن ( 28 ) ساڵ بەرەگەز کوردە و دانیشتووی شاری( موصل ) پیشەی فیتەرە لە پیشەسازی شارۆچکەی ( بێجی ) دەستی هەبووە لە شەهید کردنی ناوبراو .

لەژێر چاودێری لێژنەکەوە لە رێگای دادگاوە ئاسایش بەهەماهەنگی لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی قەزای ( بێجی ) توانرا ناوبراو دەستگیر بکرێت و رەوانەی لێژنەی لێکۆڵینەوە کرا .

پاش لێکۆڵینەوە لەگەڵ تۆمەتباری دەستگیرکراو دانی نا بەتاوانەکەی کە لە رێکەوتی (4/5/2010 )لەلایەن بەرپرســـی ئەم باندە بەناوی ( ڕ . ڕ ) ئاگادار کراوەتەوە بچێتە شارۆچکەی ( شەرگات ) سەر بە پارێزگای (سەلاحەددین ) لەوێ پەیوەندی بە ئەندامێکی تری ئەم باندە بکات بەناوی ( ڕ . م ) کە ئەمانەتێك هەیە وەری بگرێت و بیگەێنێتە شاری ( موصل ) لەبەر ئەوەی ناوبراو شارەزایی هەیە لەم سنوورە ، تۆمەتبار دەچێتە شوێنی دیاریکراو لەوێ لە سێ تۆمەتباری تری ئەم باندە ئۆتۆمبێلەکە وەردەگرێت کە تاوانلێکراوی تێدابووە بەدەست و قاچ و دەم بەستراوی و بەزیندویی ، ئینجا تۆمەتبار خۆی ئۆتۆمبێلەکە لێدەخورێ و لەگەڵ تۆمەتبار ( ڕ.م ) دەچێتە شاری ( موصل ) لە گەرەکی ( انتصار ) ئۆتۆمبێلەکە و تاوانلێکراو تەسلیم بە بەرپرسی باندەکە ( ڕ . ڕ ) دەکات .

پاش چەند رۆژێك لەلایەن بەرپرسی باندەکە تۆمەتباری دەستگیرکراو دەزانێت کە تاوانلێکراویان کوشتووە و بەپێی ووتەکانی ناوبراو هۆکاری کوشتنەکەی بۆ ئەوە گەراندۆتەوە کە ( سەردەشت عوسمان حەسەن ) بەڵێنی بەم گروپە دابوو کە هەندێك کاریان بۆ بکات بەڵام کارەکانی بۆیان ئەنجام نەدابوو .

ئەوەی شایانی باسە ووتەی تۆمەتبار لەلایەن دادوەری دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر دادگەریانە وەرگیراوە وە لە هەوڵی بەردەوام داین بۆ دەستگیرکردنی تۆمەتبارانی تری ئەم باندە کە بە بریاری دادگا فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووە و لە ووردەکاریەکانی تر و هەر زانیاری و پێشوەچوونێکی نوێ سەبارەت بەم دۆسیەیە ئاگاداری هەموو لایەك دەکەینەوە .

هاوپێچ : - وێنەیەکی تاوانبار

لێژنەی لێکۆڵینەوە
15/9/2010

بەیاننامەی لیژنەی لێکۆڵینەوە

# ئەنجامی لیژنەی لێکۆڵینەوەی تایبەت

ئەنجامی لیژنەی لێکۆڵینەوە، کە بریتی بوو لە بەیاننامەیەکی کورتی ٤٣٠ وشەیی، وەسفێکی تەماوی و ناڕۆشنی تێدایە لەسەر ئەو هەنگاوانەی کە لەلایەن لیژنەی لێکۆڵینەوەوە دراون بۆ کۆکردنەوەی بەڵگە.[140] بەیاننامەکە وردەکاری تێدا نییە لەسەر مێتۆدی پەیڕەوکراو لە کۆکردنەوە و پاراستنی بەڵگەکان. هەروەها هیچ ئارگیومێنتێکی بەهێز بۆ ئەنجامە سەرەکییەکەی لەخۆ ناگرێت، ئەویش ئەوەیە کە کوشتنەکە لەلایەن گروپێکی چەکدارەوە بە ناوی ئەنسارولئیسلامەوە ئەنجام دراوە.[141]

بەپێی بەیاننامەکە، لێکۆڵینەوەکە لەم بەشانەی خوارەوە پێکهاتووە:

— ’تونێکاری تەرم لە فەرمانگەی پزیشکی دادی موسڵ لە نەخۆشخانەی موسڵ ئەنجام دراوە‘؛”إجراء مقابلات وشهادات “للعديد من
— ’چاوپێکەوتن و شایەتی ”زۆر شایەتحاڵ“ (ئەوانەی کە خۆیان لە نزیک شوێنی ڕووداوەکەبوون)‘؛
— ’کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیاری جیاواز لە سەرچاوەی جیاجیا‘.[142]

بەگوێرەی لیژنەی لێکۆڵینەوەکە، چەند شایەتحاڵێک وتویانە ئەو ئۆتۆمبێلەی کە سەردەشتی پێ بردراوە ”مینی پاسێکی سپی ژمارە کاتی بەغدا“ بووە.[143] خانەوادەی سەردەشت ئەوە پشتڕاستدەکەنەوە کە ئەو ئۆتۆمبێلەی بەکارهاتووە بۆ ڕفاندنی سەردەشت مینی پاسێکی سپی بووە هەر وەک لە بەیاننامەی فەرمی لیژنەکەدا هاتووە.

پاشان لێکۆڵینەوەکە گوایە گەیشتووە بە دەستنیشانکردنی یەکێک لە تاوانبارەکان کە لە دوایدا دەستگیرکراوە. ڕاپۆرتەکە ئەو کەسە دەناسێنێت وەک ”هیشام مەحمود ئیسماعیل، تەمەن ٢٨ساڵ، کوردێکی دانیشتووی شاری موسڵ، وەک فیتەر لە ناوچەی پیشەسازی شارۆچکەی بێجی کاردەکات“.[144] بەپێی بەیاننامەکە، هیشام مەحمود ”لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کراوە و دانی ناوە بە تاوانەکەی“.

بەیاننامەکە دەڵێت کە ڕۆڵی هیشام مەحمود ئیسماعیل بریتی بووە لە وەرگرتنی ئۆتۆمبیلەکە – کە لەو کاتەدا سەردەشتی بەزیندوویی تێدابووە – لە شارۆچکەی شەرگات، ئینجا لێخوڕینی ئۆتۆمبێلەکە بەرەو گەڕەکی ئینتیساڕی شاری موسڵ، و پاشان ڕادەستکردنی ئۆتۆمبێلەکە بە بەرپرسەکەی. بەپێی ڕاپۆرتەکە، ئەمە ڕۆژی ٤-ی ئایار ڕوویداوە، واتە هەمان ئەو ڕۆژەی کە سەردەشت لەبەردەم زانکۆکەی لە هەولێر ڕفێندراوە. چەند ڕۆژێک دواتر بەرپرسەکەی هیشام پێی گوتووە کە سەردەشت کوژراوە چونکە سەردەشت ”بەڵێنی دابوو یارمەتی گرووپەکە بدات، بەڵام بەڵێنەکەی جێبەجێ نەکرد“.[145]

دوای چوار مانگ لێکۆڵینەوە لیژنەکە تەنها پشتی بە دانپێدانانی هیشام مەحمود ئیسماعیل بەستووە. جگە لەو دانپێدانانە، ڕاپۆرتەکە هیچ بەڵگەیەکی تر یان شایەتیەکی پشتڕاستکراوە ناخاتە ڕوو، بەڵام دەڵێت کە لیژنەکە بەردەوام کاردەکات بۆ دەستگیرکردنی گومانلێکراوەکانی تری کوشتنەکە. ڕوون نیە ئەو شایەتحاڵانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە لەلایەن لیژنەکەوە کێ بوون و ئایا ئەوان شایەتحاڵی باوەڕپێکراو بوون یان نا. نزیکەی ١٢ ساڵ دوای ئەوە، لیژنەکە شکستی هێناوە لە خستنەڕووی هیچ بەڵگەیەک یان شایەتحاڵێک یان گومانلێکراوێکی تر لەسەر کوشتنەکە.

140 ڕاگەیندراوی ڕۆژنامەوانی (15 ئەیلولی 2010)، لە ئیکورد وەرگیراوە: بەیاننامەی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە کوشتنی ڕۆژنامەنووسێکی کوردی عێراق. https://ekurd.net/mismas/articles/misc2010/9/state4209.htm

141 ڕاگەیندراوی ڕۆژنامەوانی (15 ئەیلولی 2010)، لە ئیکورد وەرگیراوە: بەیاننامەی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە کوشتنی ڕۆژنامەنووسێکی کوردی عێراق. https://ekurd.net/mismas/articles/misc2010/9/state4209.htm

142 ڕاگەیندراوی ڕۆژنامەوانی (15 ئەیلولی 2010)، لە ئیکورد وەرگیراوە: بەیاننامەی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە کوشتنی ڕۆژنامەنووسێکی کوردی عێراق. https://ekurd.net/mismas/articles/misc2010/9/state4209.htm

143 ڕاگەیندراوی ڕۆژنامەوانی (15 ئەیلولی 2010)، لە ئیکورد وەرگیراوە: بەیاننامەی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە کوشتنی ڕۆژنامەنووسێکی کوردی عێراق. https://ekurd.net/mismas/articles/misc2010/9/state4209.htm

144 ڕاگەیندراوی ڕۆژنامەوانی (15 ئەیلولی 2010)، لە ئیکورد وەرگیراوە: بەیاننامەی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە کوشتنی ڕۆژنامەنووسێکی کوردی عێراق. https://ekurd.net/mismas/articles/misc2010/9/state4209.htm

145 ڕاگەیندراوی ڕۆژنامەوانی (15 ئەیلولی 2010)، لە ئیکورد وەرگیراوە: بەیاننامەی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە کوشتنی ڕۆژنامەنووسێکی کوردی عێراق. https://ekurd.net/mismas/articles/misc2010/9/state4209.htm

## گومانلێکراو هیشام مەحمود ئیسماعیل

لە (٢١ی ئەیلولی ٢٠١٠)، دوای ١٠ ڕۆژ لەبڵاوکردنەوەی ئەم بەیاننامەیەی سەرەوە، کوردستان تیڤی، کە سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە، تۆمارێکی دانپێدانانی گومانلێکراوە هیشام مەحمود ئیسماعیلی بڵاوکردەوە.[146] لە دانپێدانانەکەیدا ناوبراو باسی ئەو ڕووداوانە دەکات کە پەیوەندی بەڕۆڵی ئەوەوە هەیە لەکوشتنی سەردەشتدا وەک شۆفێرێک و دانپێدانەکەی بەتەواوی گونجاوە لەگەڵ بەیاننامەی لیژنەی لێکۆڵینەوە فەرمییەکە کە لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە.

بەپێی تۆمارەکە، هیشام مەحمود دانیشتوی موسڵ بووە و لە شارۆچکەی بێجی وەک میکانیک (فیتەر) کاری کردووە. کەسێک بەناوی (ئەبو ئەحمەد) پەیوەندی پێوەدەکات کە پێشتر یەکتریان ناسیوە چونکە دوکانێکی چاککردنەوەی میکانیکی هەبووە. بەگوێرەی هیشام، ئەبو ئەحمەد داوای لێکردووە کە ڕۆژی سێشەممە (٤ی ئایار) لە کاتژمێر ١١ بۆ ١٢ بە تاکسییەک بچێتە دوکانەکە و پەیوەندی بە "ئەبو مەریەم"ەوە بکات. ئەبو مەریەم بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆی (ئۆپل ڤیکتۆریا)[147] دەچێت و هیشام دەبات بۆ شوێنێک کە تەنها سێ کەسی لێبووە: یەکێک بە ناوی سوهەیب و دوو پیاوی عەرەب.

هیشام وتی کە کاتێک ڕۆیشتووە ئۆتۆمبێلەکە لێبخوڕێت، لە دواوە 'کوڕەکەی' [سەردەشت] بینی کە دەستی لە پشتیەوە بە پارچە پەڕۆیەک بەستراوەتەوە و قاچیشی بە پارچە دارێکەوە بەستراوەتەوە. چادرێکی ئۆتۆمۆبێلشی بە سەر دادراوە و دەمیشی بەستراوە.[148]

سوهەیب بە هیشامی وتووە کە ئۆتۆمبێلەکە لەگەڵ ئەبو مەریەم بەرەو موسڵ لێبخوڕێت.[149] هیشام وتی ڕۆیشتنی بۆ موسڵ ئاسان بووە چونکە ئەو ڕێگاکەی بە باشی دەزانی و هەموو پۆلیسەکان ئەویان دەناسی و ئەوان ئەویان ڕانەگرت. کاتێک هیشام گەیشتە موسڵ یەکسەر پەیوەندی بە ئەبو ئەحمەدەوە کرد و ئەویش پێی دەڵێت: "من لە حەی ئیتسالّم، وەرە بۆ شەقامی سی."[150] هیشام ئۆتۆمبێلەکە ڕادەستی ئەبو ئەحمەد دەکات.  پاش ماوەیەک ئەبو ئەحمەد بە هیشام دەڵێت کە سەردەشتیان کوشتووە بەهۆی جێبەجێنەکردنی بەڵێنەکانی.[151]

بەگوێرەی ئاسۆس هەردی و نیاز عەبدوڵا، دوو ڕۆژنامەنووس کە لەنزیکەوە بەدواداچوونیان بۆ کەیسەکە کردووە و بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە، هیشام لە ئازاری ٢٠١٢دا لەدادگا دەرکەوت و ڕەتیکردەوە کە لەکەیسەکە تێوەگلابێت.[152] بەکر عوسمان بە لێکۆڵەرەوەکانی ئێمەی وت کە هیشام بە ڕوونی بۆ دادوەرەکەی ڕوونکردۆتەوە کە لە ڕاستیدا لە (٤ی ئایاری ٢٠١٠) ئەو لە زینداندا بووە.[153] دوای سێ ساڵ لە کوشتنی سەردەشت، لە (١٥ی ئایارت ٢٠١٣)، دەزگای هەواڵی (ئاوێنە) بڵاویکردەوە کە هیشام مەحمود ئیسماعیل بەهۆی نەبوونی بەڵگەوە ئازادکراوە و پاش ئەوەی بەپێی ڕاپۆرتەکان لە دانپێدانانەکەی پاشگەز دەبێتەوە.[154] لە کاتی نووسینی ئەم ڕاپۆرتەدا، خانەوادەی سەردەشت ڕایانگەیاند کە زانیاریان پێگەیشتووە کە هیشام هێشتا لە زینداندایە. سەرەڕای ئەوەی کە وتەی هیشام تاکە بەڵگە بووە لە لێکۆڵینەوە فەرمییەکەدا، بەڵام هیچ دەستگیرکردنێکی زانراوی تر نەبووە کە پەیوەندی بە دانپێدانەکەی هیشامەوە هەبێت و هیچ لێدوانێک بۆ ڕای گشتی نەدراوە سەبارەت بە دۆخی ئازادکردن یان زیندانیکردنی ئێستای هیشام. جیهانێکی ئارامتر بۆ ڕاستی نەیتوانی بە سەربەخۆیی لە شوێنی ئێستای هیشام مەحمود ئیسماعیل بکۆڵێتەوە.

---

146 کوردستان تیڤی (21 ئەیلولی 2010). دانپێدانانی پەخشکراوی هیشام مەحمود ئیسماعیل
https://www.youtube.com/watch?time_continue=3&v=yuGvI0vj4g8&feature=emb_logo

147 کوردستان تیڤی (21 ئەیلولی 2010). دانپێدانانی پەخشکراوی هیشام مەحمود ئیسماعیل.
https://www.youtube.com/watch?time_continue=3&v=yuGvI0vj4g8&feature=emb_logo

148 کوردستان تیڤی (21 ئەیلولی 2010). دانپێدانانی پەخشکراوی هیشام مەحمود ئیسماعیل.
https://www.youtube.com/watch?time_continue=3&v=yuGvI0vj4g8&feature=emb_logo

149 کوردستان تیڤی (21 ئەیلولی 2010). دانپێدانانی پەخشکراوی هیشام مەحمود ئیسماعیل.
https://www.youtube.com/watch?time_continue=3&v=yuGvI0vj4g8&feature=emb_logo

150 کوردستان تیڤی (21 ئەیلولی 2010). دانپێدانانی پەخشکراوی هیشام مەحمود ئیسماعیل.
https://www.youtube.com/watch?time_continue=3&v=yuGvI0vj4g8&feature=emb_logo

151 کوردستان تیڤی (21 ئەیلولی 2010). دانپێدانانی پەخشکراوی هیشام مەحمود ئیسماعیل.
https://www.youtube.com/watch?time_continue=3&v=yuGvI0vj4g8&feature=emb_logo

152 چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاسۆس هەردی (28 ئەیلولی 2021)؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ نیاز عەبدوڵا (بەروار نەزانراوە)

153 چاوپێکەوتن لەگەڵ بەکر عوسمان (12ی کانوونی دووەمی 2022).

154 ئاوێنە (15ی ئایاری 2013). گومانلێکراو دانپێدانان لەدادگا دەکشێنێتەوە و ئازاد دەکرێت. http://www.sardashtosman.com/ku/?p=664

# ٥. کەلێن و لاوازی لە لێکۆڵینەوەی فەرمیدا

ڕاپۆرت و گووتاری فەرمی لەسەر ڕفاندنی سەردەشت عوسمان، وەک لەلایەن (لیژنەی لێکۆڵینەوەی تایبەت)ەوە پێشکەشکراوە، چەندین گیروگرفت لەخۆدەگرێت کە گومانی زۆر گەورە لەسەر باوەڕپێکراویی لێکۆڵینەوە فەرمییەکە دروست دەکەن. لە میانەی لێکۆڵینەوەکەمان، خاڵی ناکۆک و نەگونجاوی گرنگمان دەرخست لە گێڕانەوەی لێکۆڵینەوە فەرمییەکە. دەسەڵاتدارانی کورد هەڕەشەیان لە خانەوادەی سەردەشت کردووە لە دوای تیرۆرکردنەکە و بڵاوکردنەوەی ئەنجامی لیژنەکە؛ ئەمە گومانێکی زۆر گەورە دەخاتە سەر گێڕانەوەی فەرمی بۆ ڕووداوەکان کە لەلایەن لیژنەی لێکۆڵینەوەکە بڵاوکراوەتەوە. ناکۆکییەکانی ناو ڕاپۆرتە فەرمییەکە بە تایبەتی زۆر زەقن دەربارەی ڕفاندنی سەردەشت، گواستنەوەی سەردەشت (یان تەرمەکەی) لە هەولێرەوە بۆ موسڵ، توێکاری فەرمی تەرم، و ئەو تۆمەتەی کە ئەنجامدەران ئەنسارولئیسلام بوون، و پاڵنەری تیرۆرکردنەکە.

## هەڕەشەکانی دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێمی کوردستان

دەسەڵاتداران و دەزگا ئەمنییە کوردیەکان، بەتایبەتی ئاسایش، خێزان و دۆستانی سەردەشتیان هەراسان کردووە و هەڕەشەیان لەو ڕۆژنامەنووسانە کردووە کە لەسەر ئەم کەیسە نووسیویانە. هەروەها، دەسەڵاتداران هەستاون بە قەدەغەکردنی ئەو فیلمە بەڵگەنامەیی و کتێبانەی کە وردەکارییکانی دۆسیەی سەردەشت دەخەنە ڕوو.

یەکەم، لەکاتی خۆپیشاندانەکانی دوای کوشتنەکە، ژمارەیەک لەڕۆژنامەنووسانی کورد هەڕەشەی توندیان لێکراوە. سەرنوسەری گۆڤارێکی کاریگەر دەڵێت لەکاتی بەشداریکردنی لەخۆپیشاندانێکدا بۆ سەردەشت لە سلێمانی ئەم کورتەنامەیەی لە ژمارەیەکی نەناسراوەوە پێگەیشتووە: "ئێمە وەک سەگ دەتکوژین".[155] هەروەها کەمال چۆمانی، ڕۆژنامەنووسێک کە ووتاری لە سەر تیرۆرکردنی سەردەشت نووسیوە و وەرگێڕاوە، بە (هیومان ڕایتس ووچ)ی وتووە کە لە ئابی ٢٠١٠ ئیمەیڵێکی پێگەیشتووە کە تیادا نوسراوە: "واز لەو کارە بهێنە کە دەیکەیت. ئەگەر بیر لە خۆت ناکەیتەوە، بیر لە دایک و باوکت بکەرەوە. ئێمە هەرچیەکمان بوێت دەتوانین بیکەین".[156] ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی وەک سام داگەر، کە ئەوکات وەک پەیامنێری ڕۆژنامەی( نیویۆرک تایمز) کاری دەکرد، ئاماژەی بەوەدا کە نووسینگەی بارزانی نیگەران بووە بەوەی سام لەسەر کەیسی سەردەشت نوسیویەتی.[157] سام وتی: "ئەوان وازیان هێنا لە وەڵامدانەوەی داواکاریەکانم بۆ کۆبوونەوە یان کۆمێنت دوای ئەم ڕاپۆرتە [بڵاوکراوەی نیویۆرک تایمز ، ٧ی ئایاری ٢٠١٠]  و دڵنیام کە منیان کردە لیستی ڕەشەوە".

دووەم، دوای تیرۆرکردنەکە، بەرپرسان چەند جارێک هەوڵیاندا لەگەڵ خانەوادەی سەردەشت ڕێکبکەون و کاتێک ئەمە سەری نەگرت، خانەوادەی سەردەشتیان ئاگادار کردەوە کە بێدەنگ بن. بەرپرسان هەوڵیاندا خانەوادەی سەردەشت ڕازی بکەن کە واز لە کەیسەکە بهێنن، بەڵام ئەوان ئەو هەوڵانەیان ڕەتکردەوە. بەکر عوسمان بە لێکۆڵەرەوەکانمانی وت کە گوایە دواتر بەرپرسان بە خێزانەکەیان وتووە "با چیرۆکەکە لەبیر بکەین". بەکر گوتی، "هاتنە لای باوکم و گوتیان: کوڕەکەت لە دەست داوە، بەڵام بەنزین مەکە بە ئاگرەکەدا". هەر لە یەکەم ڕۆژی دوای تیرۆرکردنەکەوە تا ئێستا، خانەوادەی سەردەشت بە بەردەوامی لە لایەن دەسەڵاتەوە هەڕەشەیان لێکراوە. بەکر وتیشی: "لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر دەگۆڕێت، بەڵام ئێستاش ئەگەر هەر شتێک لە هەولێر ڕووبدات، ئەگەر لە بەر هەر هۆیەک خۆپیشاندانێک بکرێت، ئەوا دەزگای ئاسایش دەستبەجێ دوو ئۆتۆمبێل دەنێرێت بۆ ئەوەی لە دەرەوەی ماڵەوەمان بوەستن".

نموونەیەک لەو هەڕەشە و فشارانەی کە خانەوادەی سەردەشت پاش تیرۆرکردنەکە ڕووبەڕوی بونەوە لە (٩ی ئایاری ٢٠١٠) ڕوویدا. کوردستان تیڤی، کە میدیای سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە، بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ بەکر و باوکی چوونە ماڵی خێزانەکە. هەروەها لیژنەیەکیان لە گەڵدا بووە کە سێ ئەفسەری ئاسایش بوون. پێش دەستپێکردنی چاوپێکەوتنەکە، ئاسایش بۆ ماوەی ١٥ خولەک قسەیان لەگەڵ خێزانەکە کردووە و پێیان وتوون کە چاوەڕێی چ وەڵامێك لە خێزانەکە دەکەن. ئەو ئەفسەرانە بە خێزانەکەیان وتووە: "باشتر وایە بۆ بنەماڵەکەت کە بەنەرێنی وەڵامی ئەو خۆپیشاندەرانە بدەنەوە کە ئێمە یان پارتی دیموکراتی کوردستان بەم کوشتنە تۆمەتبار دەکەن".[158] کوردستان تیڤی دواتر پرسیاری لە بارەی کەیسەکە کرد؛ لە وەڵامدا بەکر بۆ ماوەی ٦ خولەک قسەی کرد و باوکیشی بۆ ماوەی ٣ خولەک قسەی کرد. لە کۆتاییدا هیچ کام لە قسەکانی بەکر پەخش نەکرابوو و تەنیا ٣٠ چرکە لە قسەکانی باوکەکە بەکارهاتبوو.

---

155 سام داگەر (18ی ئایاری 2010). کوشتن وێنەی کوردستانی عێراو ناشرین دەکات https://www.nytimes.com/2010/05/19/world/middleeast/19iraq.html

156 هیومان ڕایتس ووچ (29ی تشرینی یەکەمی 2010). کوردستانی عێراق: ڕۆژنامەنووسان لەژێر هەڕەشەدان
https://www.hrw.org/news/2010/10/29/iraqi-kurdistan-journalists-under-threat

157 چاوپێکەوتن لەگەڵ سام داگەر، پەیامنێری نیویۆرک تایمز (18ی حوزەیرانی ٢٠٢١).

158 چاوپێکەوتن لەگەڵ بەکر عوسمان (12ی کانوونی دووەمی 2022).

ئەم هەڕەشانە بەردەوام بوون تەنانەت دوای دەرچوونی بەیاننامەی فەرمی لیژنەی لێکۆڵینەوەش لە (١٥ی ئەیلولی ٢٠١٠). خانەوادەکەی وتیان کە لەلایەن دەزگا ئەمنییەکان و ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڕەشەیان لێکراوە دوای ئەوەی لە دژی ئەنجامی لیژنەکە قسەیان کردووە.[159] هەڕەشەی ناڕاستەوخۆ هەبوون و بەردەوامن. بەکر عوسمان وتی کە "خەڵک" هەندێک جار نێردراوە بۆ لای خانەوادەکە بۆ ئەوەی لێیان بپرسن: "چۆن شەڕ لەگەڵ بنەماڵەی بارزانیدا دەکەن؟ ئەوان زۆر دەسەڵاتیان هەیە؛ خێزانێکی گەورەن! ئەندامانی ئەو خێزانە هەموو کارێک دەکەن بۆ سەرۆکی خێزانەکە".[160] هیومان ڕایتس ووچ هەروەها بڵاویکردەوە کە خانەوادەی سەردەشت چەندین جار سەردان کراون لە لایەن کەسانێکەوە کە زۆر بە کەمی ناسیویانن، بەڵام زانیویانە کە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان و دەزگا ئەمنییەکانن.[161]

لەکۆتاییدا، فیلمی بەڵگەنامەیی و کتێب دەربارەی سەردەشت بەبەردەوامی قەدەغەکراون لە هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی لە هەولێر. دۆکیومێنتاری "دەنگی قەڵەم" ڕاستەوخۆ پاش تیرۆرکردنی سەردەشت بەرهەمهێنراوە. هەموو ئەو زانیاریانەی تێدابوو کە دەرهێنەرەکان توانیان لە ماوەی ٤٠ ڕۆژدا لەسەر کەیسەکە کۆیبکەنەوە.[162] دەرهێنەر ئاوات عەلی بە لێکۆڵەرەوەکانی تیمەی ڕاگەیاند کە بڕیار بوو لە یەکەم مەراسیمی یادکردنەوەی سەردەشتدا دۆکیومێنتاریەکە نمایش بکرێت، بەڵام بەرپرسانی ئاسایش داوایان کرد سەرەتا دۆکیومێنتاریەکە ببینن. پاش بینینی، دەزگا ئەمنییەکان دۆکیومێنتاریەکەیان ڕەتکردەوە. ئاوات وتی خانەوادەکەی سەردەشت بڕیاریان دا کە لە مەراسیمەکەدا دۆکیومێنتاریەکە نیشان نەدەن بۆئەوەی کێشەی زیاتریان بۆ دروست نەکرێت.[163] لە بنەڕەتدا، کەیسی سەردەشت بۆتە بابەتێکی تر کە هێڵی سوورە بۆ ڕۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

دوو کتێبەکەش، کە باس لە ژیانی سەردەشت و کار و خۆپیشاندانەکانی دوای کوشتنەکە دەکەن، لە هەولێر قەدەغەکراون. بەکر عوسمان بە لێکۆڵەرەوەکانمانی ڕاگەیاند کەسێک لە کاتی گواستنەوەی ئەو کتێبانە لە سلێمانییەوە بۆ هەولێر لە بازگەیەکی پشکنین ئاشکرا بووە و ڕاگیراوە. ئەو پیاوە لە کاتی پشکنیندا پرسیاری ئەوەی کردووە کە بۆچی هێنانی کتێبەکان بۆ هەولێر قەدەغەکراوە: "بۆچی من ڕاگیراوم، ئەمانە کتێبن، نە مادەی هۆشبەر و نە تی ئێن تین." دەزگا ئەمنییەکانی بازگەکە وەڵامیان دایەوە: "ئەم کتێبانە لە مادەی هۆشبەر یان تی ئێن تی مەترسیدارترن".[164]

ئەو ڕووداوانەی باسکراون پێشنیاری تێوەگلانی بەرپرسانی پارتی دیموکراتی کوردستان و دەزگا ئەمنییەکانی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان، بە تایبەتی ئاسایش، دەکەن. لەو بارەیەشەوە بەکر عوسمان ڕایگەیاند: "لە سەرەتای کەیسەکەدا بەڵگەیەکی زۆر نەبوو لەسەر ئەوەی کە کێ لەپشت ئەم کوشتنەوە بووە، بەڵام کاتێک کە بەردوام هەڕەشەی زیاترمان پێگەیشت، دەرکەوت کێ بەرپرسیارە لە ڕفاندن و تیرۆرکردنی سەردەشت".[165] لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاپۆرتە فەرمیەی کە لەلایەن لیژنەکەوە خراوەتەڕوو ئەم هەڕەشانە لەلایەن دەسەڵاتدارانی کوردەوە بێ مانایە و بۆیە گومانی زیاتر لەسەر ڕاستی ئەنجامی لیژنەکە دروست دەکات.

---

159 هیومان ڕایتس ووچ (29ی تشرینی یەکەمی 2010). کوردستانی عێراق: ڕۆژنامەنووسان لەژێر هەڕەشەدان
https://www.hrw.org/news/2010/10/29/iraqi-kurdistan-journalists-under-threat

160 چاوپێکەوتن لەگەڵ بەکر عوسمان (12ی کانوونی دووەمی 2022).

161 هیومان ڕایتس ووچ (29ی تشرینی یەکەمی 2010). کوردستانی عێراق: ڕۆژنامەنووسان لەژێر هەڕەشەدان
https://www.hrw.org/news/2010/10/29/iraqi-kurdistan-journalists-under-threat

162 یادکردنەوەیەک بۆ سەردەشت ٤٠ ڕۆژ دوای تیرۆرکردنی بەڕێوەچوو.

163 چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاوات عەلی (18 کانونی یەکەمی 2021).

164 چاوپێکەوتن لەگەڵ بەکر عوسمان (12ی کانوونی دووەمی 2022).

165 چاوپێکەوتن لەگەڵ بەکر عوسمان (12ی کانوونی دووەمی 2022).

## چیرۆکێکی باوەڕپێنەکراو سەبارەت بە ڕفاندنی سەردەشت عوسمان

چیرۆک و گێڕانەوەی فەرمی بۆ ڕفاندنی سەردەشت وەک لە لایەن (لیژنەی لێکۆڵینەوەی تایبەت)ەوە خراوەتەڕوو کۆمەڵێك گیروگرفتی تێدایە کە گومانی زۆر گەورە لەسەر باوەڕپێکراویی لێکۆڵینەوەکە دروست دەکات.

یەکەم، لە کاتی لێکۆڵینەوەکانمان ئاماژەیەکی بەهێزمان دۆزیەوە کە شوێنی ڕفاندنەکە لەلایەن پاسەوانی ئەمنی چەکدارەوە پارێزراوە و لەلایەن کامێرای ئەمنی (سی سی تی ڤی)ەوە چاودێری کراوە. ڕەنج عەلائەدین – ڕۆژنامەنووسی گاردیان - تێبینی کرد کە ڕفێنەرەکان کاتێک سەردەشتیان فڕێداوەتە ناو ئۆتۆمبێلێکەوە ڕووبەڕووی هیچ ڕێگریەک نەبوونەتەوە لە لایەن پاسەوانە چەکدارەکانی بەردەم زانکۆکە.[166] هەروەها دانا ئەسعەد، ڕۆژنامەنووس بۆ نیقاش قسەی لەگەڵ چەند شایەتحاڵێک کرد کە ڕووداوەکەیان بینیوە. یەکێک لە شایەتحاڵەکان وتی: "چوار چەکدار بە ئۆتۆمبێلێکەوە هاتن بۆ زانکۆ و سەردەشتیان گرت و بردیان". شایەتحاڵەکە دواتر ئەوەشی وت کە پاسەوانە ئەمنییەکانی بەشی ئینگلیزی و هونەرە جوانەکان لەوێ بوون بەڵام هیچیان نەکرد.[167] لە ڕاگەیەندراوی لێکۆڵینەوە فەرمییەکەدا هیچ ئاماژەیەک بەوە نەکراوە کە پاسەوانەکان یان ئەو شایەتحاڵەنەی کە لە شوێنی ڕووداوەکە بوون چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کرابێت بۆ لێکۆڵینەوە فەرمییەکان.



پاسەوانێکی چەکدار لە دەروازەی زانکۆی سەڵاحەدین دەبینرێت لە ٢٠١٠. سەرچاوە: نەخشەی گوگڵ.

هەروەها، ڕفاندنەکە – ماوەی پێش ڕوودانی ئاکامە ڕاستەوخۆکە – بە ئەگەری زۆرەوە لە ڕێی کامێرای (سی سی تی ڤی)ەوە تۆمار کراوە. بەڵام، هێزە ئەمنییەکان نە هیچ گرتەیەکی ڕفاندنەکەیان بڵاو کردەوە، نە ئەوەشیان ڕاگەیاندووە کە لە کاتی لێکۆڵینەوەی فەرمیدا ڤیدیۆی (سی سی تی ڤی) شیکرابێتەوە. بەکر عوسمان بۆ لێکۆڵەرەوەکانمان دووپاتی کردەوە کە کامێرای (سی سی تی ڤی) بەردەوام چاودێری دەروازەی کۆلێژی هونەرەکانی کردووە، لەو شوێنەی سەردەشت ڕفێندراوە.[168] لێکۆڵەرەوەکانی ئێمەش چەند ئاماژەیەکیان دۆزیەوە کە ئەو شوێنەی سەردەشتی لێ ڕفێندراوە لەلایەن چەند کامێرایەکی (سی سی تی ڤی)ەو چاودێری کراوە.[169] ئەم گرتەیە دەگەڕێتەوە بۆ ٢٠١٥، بەڵام پشتگیری گێڕانەوەی شایەتحاڵەکان دەکات کە دەروازەکە لە ژێر چاودێری دابووە.

---

166 ڕەنج عەلائەدین (13ی ئایاری 2010) پێویستە کوشتنی ڕۆژنامەنووسە کوردەکە ڕوونبکرێتەوە.

https://www.theguardian.com/commentisfree/2010/may/13/zardasht-osman-death-kurdistan


167 دانا ئەسعەد (11ی ئایاری 2010). با مردنم وەک ژیانم تراژیدی بێت

https://web.archive.org/web/20110719054546/http://www.niqash.org/content.php?contentTypeID=74&id=2674&lang=0


168 چاوپێکەوتن لەگەڵ بەکر عوسمان (12ی کانوونی دووەمی 2022).

169 ماکس بێرنارد( ئایاری 2021).




کامێرای ١



کامێرای ٢



کامێرای ٣

دەرگای کۆلێژی هونەر لە زانکۆی سەڵاحەدین لە 2015. بەلایەنی کەمەوە سێ کامێرا دەبینرێن. کەسەکانی ناو ئەم وێنەیە پەیوەندیان بە لێکۆڵینەوەکە نییە. سەرچاوە: نەخشەی گوگڵ.

دووەم ناتەواوی لە گێڕانەوە فەرمییەکەدا سەبارەت بەڕفاندنی سەردەشت ئەوەیە کە گواستنەوەی قوربانیەک بەزیندوویی بە ناو چەند خاڵێکی پشکنینی پارێزراو و تۆکمە زۆر زەحمەت دەبێت بۆ هەرکەسێکی دەرەوەی دەزگا ئەمنیە کوردیەکان. (جیهانێکی ئارامتر بۆ ڕاستی) شیکردنەوەی بۆ ڕێگا زۆر بەکارهاتووەکان و بازگەکانی نێوان هەولێر و موسڵ کرد بۆ لێکدانەوەی ئەگەری چیرۆکی لێکۆڵینەوە فەرمییەکە. لە میانەی شیکردنەوەی گرتەی سەتەلایتی (سەرچاوە کراوە) و چەند وێنەیەک کە لە نزیک کاتی ڕفاندنەکە گیراون، بۆمان دەرکەوت کە لانیکەم (١٥) خاڵی پشکنینی ئەمنی لەنێوان هەولێرو موسڵ و دەوروبەری هەیە.[170] بە ئەگەری زۆرەوە، ژمارەی راستەقینەی بازگەکان بگرە زیاترە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە هیچ وێنەیەکی سەتەلایتی بۆ نزیکی چارەگێک لە ڕێگاکە نییە. زۆربەی ئەو بازگانە لەلایەن دەزگا ئەمنیی و هەواڵگرییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کۆنترۆڵکراون.

دەزگا ئەمنییە کوردیەکان ئەم بازگانە بەکاردێنن بۆ ئەوەی ئاسایشی هەرێم بە شێوەیەکی زۆر توند کۆنترۆڵ بکەن.[171] بە وتە کۆمیساری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران (**UNHCR**) کاتێک خەڵک لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کوردی لەشارێکەوە دەچن بۆ شارێکی تر، دەبێت بازگەکانی پشکنین تێپەڕێنن، لانیکەم کاتێک شارێک بەجێدەهێڵن و دەچنە ناو شارێکی ترەوە.[172] (**UNHCR**) ئەوەشی وت کە هەرچەندە هەندێک جار دەکرێت لە بازگەیەکی پشکنینی دیاریکراودا بەرتیل بدرێت بۆ دەرچوون لە بازگەکە، بەڵام ئەمە ئەگەرێکی پێکهاتەیی نییە.[173] هەروەها دوو توێژەری تایبەت بە ئاسایشی هەرێم، پاشەو و سیدەوەی، تێبینی ئەوەیان کرد کە ئاسایش تۆڕێکی ئەمنی توند بەڕێوەدەبات لەهەرێم لەسەر بنەمای چەندین ئاستێکی چاودێری: کۆنترۆڵکردنی جوڵە، کۆچبەران و کارتی ناسنامە، و چاودێریکردنی ڕەفتاری گوماناوی.[174] توانای ئاسایش بۆ "کۆنترۆڵکردنی جووڵە" لە ڕێگەی بەربەست و خاڵی پشکنین لە نێوان هەرێم و ناوچە جێناکۆکەکان بەهێزە. بە گوێرەی پاشەو و سیدەوەی، "ئەم سیستەمی بەربەستە لە ناو هەرێمدا وا دەکات کە مەحاڵ بێت جووڵە بکرێت بەبێ ئەوەی لەلایەن ئاسایشەوە پشکنین بکرێت. جگە لە پشکنینی دیدەیی بۆ ئۆتۆمبێلەکان بۆ دیاریکردنی هەڵسوکەوتی گوماناوی، حکومەتی هەرێمی کوردستان سیستەمێکی ژمارە تابلۆی ناساندووە کە ڕێگە بە کۆنترۆڵکردنی خێرا دەدات... ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە ژمارەی عێراق یان ناوچەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان پێوەیە بەناچاری جیا دەکرێنەوە و پشکنیان بۆ دەکرێت بۆ تەقەمەنی و چەک".[175] بەپێی ڕاپۆرتی فەرمی کە لەلایەن لیژنەی لێکۆڵینەوەی تایبەتەوە پێشکەشکراوە، ئەو مینی پاسە سپییەی کە سەردەشتی بە زیندوویی لە نێوان هەولێر و موسڵ گواستووەتەوە ژمارە تابلۆی بەغدای پێوەبووە، بۆیە دەبوایە لانیکەم جارێک لە گەشتێکی (٨٠) کیلۆمەترییدا لە هەولێرەوە بۆ موسڵ بپشکنرایە.

بە پێی ئەوە، ڕێی تێناچێت کە کەسێک لەدەرەوەی دەزگا ئەمنییەکان توانیبێتی سەردەشت بەڕۆژی ڕووناک لەناوەندی شاری هەولێرەوە بڕفێنێت و بیخاتە ناو ئۆتۆمبیلێکی ژمارە عێراق و بەزیندوویی بیگوازێتەوە بۆ موسڵ بە ناو چەند بازگەیەکی پشکنین کە لەلایەن پاسەوانەوە چاودێری دەکرێن.

---

170 ماکس بێرنارد( ئایاری 2021).

171 ڕەنج عەلائەدین (13ی ئایاری 2010) پێویستە کوشتنی ڕۆژنامەنووسە کوردەکە ڕوونبکرێتەوە.
https://www.theguardian.com/commentisfree/2010/may/13/zardasht-osman-death-kurdistan

172 ئەنجومەنی پەنابەرانی دانمارکی (نیسانی 2016). هەرێمی کوردستانی عێراق: ئەگەری پاراستن و ڕەوشی ئاسایش و مرۆیی
https://www.refworld.org/pdfid/570cba254.pdf

173 هەمان سەرچاوەی پێشوو.

174 پاشە، تی. ئێف. و سیدەوەی، جەی. دی. (2015). ئاسایش و بۆشایی لەکوردستانی عێراق. ژینگە و پلاندانان (47)، 2133-2113.

175 پاشە، تی. ئێف. و سیدەوەی، جەی. دی. (2015). ئاسایش و بۆشایی لەکوردستانی عێراق. ژینگە و پلاندانان (47)، 2133-2113.




گرتەی سەتەلایتی شیکراوە کە وردەکاریی زۆربەی ڕێگا بەکارهاتووەکانی نێوان هەولێر و موسڵ دەخاتە ڕوو. شیکارییەکەمان بە تایبەتی تیشکی ختستە سەر ڕێگاکانی دەروەی هەولێر و بەروەو ناو موسڵ. ڕێگاکانی باکوری موسڵ بە وردی شی نەکراونەتەوە بەڵام ویکیماپیا لانیکەم سێ خاڵی پشکنین لە نێوان بەعشیقە و موسڵ نیشان دەدات. سەرچاوەکان: نەخشەی گوگڵ و ویکیماپیا




نمونەی یەکێک لە بازگە دیاریکراوەکان. ئەم بازگەیە، کە لەلایەن پێشمەرگەوە بەڕێوەدەبرێت و دەکەوێتە سەر ڕێگای سەرەکی نێوان هەولێر و موسڵ، 12 ڕۆژ دوای ڕفاندن و تیرۆرکردنەکە لە 16ی ئایاری 2010 لە ڕێگەی مانگی دەستکردەوە وێنەی گیراوە. لە بەشی خوارەوەی لای ڕاستی وێنەکە، ڕیزی ئۆتۆمبێل دەبینرێت کە چاوەڕێی بشکنینن. سەرچاوە: ویکیماپیا

## نەبوونی ڕاپۆرتی توێکاری فەرمی باوەڕپێکراو و گونجاو لە کاتی خۆیدا

ئامرازێکی گرنگ کە دەکرا بەڵگەی زیاتر دەربارەی کوشتنەکە دابین بکات بریتییە لە ئەنجامدانی توێکاری تەرم. بەڵام، ڕاپۆرتی فەرمی توێکاری تەرم، وەک لە لایەن لیژنەی لێکۆڵینەوە فەرمییەکەوە پێشکەش کراوە، متمانەی نییە بەهۆی دواخستن لە گەیاندنی بە خانەوادەی سەردەشت و نەگونجاوی لەگەڵ گێڕانەوەی شایەتحاڵەکان و وێنەی جەستەی سەردەشت.

لێکۆڵەرەوەکانمان کۆپیەکی ڕاپۆرتی فەرمی توێکارییەکەی دەست کەوت کە لە لێکۆڵینەوەی لیژنە تایبەتەکەدا بەکارهێنراوە. ڕاپۆرتەکە دەریخستووە کە تۆێکاری بۆ تەرمی سەردەشت ئەنجام دراوە لە (٦ی ئایاری ٢٠١٠ ) لە کاتژمێر ٨:٠٠ی بەیانی، ڕۆژێک دوای دۆزینەوەی تەرمەکە. هەروەها، بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕاپۆرتی فەرمی توێکارییەکە، وێنە و تۆماری ڤیدیۆیی جەستەی سەردەشتمان دەست کەوت. توێکارییەکە ئاڕاستەی بنکەی پۆلیسی ئەحراری موسڵ کراوە و لە لایەن دکتۆر سەید ئیبراهیم عەبدوڵاوە واژۆکراوە، کە بە پێی ڕاپۆرتەکە توێکارییەکەی ئەنجام داوە.[176] ڕاپۆرتەکە لەسەر پەڕاوی بەشی تەندروستی نەینەوا چاپکراوە و مۆرکراوە.[177]


المناقشة: تناقش مختلف التقارير المقدمة إلى الطبيب الفاحص أو التي يطلع عليها في طلبة المصاب ونتائج الفحوص المختبرية وكذلك ظروف الوفاة على ضوء المشاهدات التشريحية:

١- تبين من الفحص التشريحي للإصابات ان المتوفى قد اصيب بطلق ناري واحد غير نافذ مخترقاً القحف من الامام ومتوسط بالقحف من الداخل من الجبهة الخلفية ما ادى الى تصدع القحف وانحراف المقذوف بمساره الى الاسفل مخترقاً قاعدة الجمجمة من الجهة اليسرى ومستقراً خلف الفقرات العنقية العليا وقد استخرج وارفق طياً.

٢- لا توجد آثار او علامات تدل على خنق.

٣- لا توجد علامات لواطة قديمة او حديثة سريرياً كما ثبت بالفحص المختبري للتحري عن المني عدم وجود آثار مني من القضيب او من الشرج وارفق نسخة من فحص المختبري.

الاستنتاج: يذكر الطبيب سبب الوفاة ويجيب على أسئلة المحقق ويدون الملاحظات التي ينسب تقديمها يستنتج مما تقدم:

تهتك الدماغ ونزف
نتيجة طلق ناري



د. سمير ابراهيم عبدالله 19/5/2010
التوقيع: اختصاصي
مدير شعبة الطبابة العدلية
الوظيفة:

ملاحظة: تؤشر مواضع الإصابات النارية أو القاطعة أو الإصابات الأخرى التي يرى الطبيب ضرورة تأشيرها في المخطط المرفق بهذه

دوایین لاپەڕەی ڕاپۆرتی توێکاری فەرمی. وێنەکە ئەو شوێنە پیشان دەدا کە گوایە خاڵی چوونەژوورەوەی گوللەکە بووە لە سەری سەردەشتدا. سەرچاوە: ئەرشیفی ناوخۆیی.

176 ڕاپۆرتی توێکاری ژمارە (147052) بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی نەینەوا، بەشی پزیشکی دادوەری ژمارە (616) . (19ی ئایاری 2010).

177 هەمان سەرچاوەی پێشوو.

وێنەی تری تەرمەکە لە ڕاپۆرتێکدا دەرکەوت کە لە لایەن کەسێکی نەناسراوەوە نووسراوە و لە ڕاپۆرتەکەدا دەڵێت ئەو ناتوانێت ناسنامەی خۆی ئاشکرا بکات لەبەر هۆکاری ئەمنی. وێنەکانی ناو ئەم ڕاپۆرتە پێدەچێت لە مردووخانە گیرابێتن و ڕوخساری سەردەشت نیشان دەدەن کە دیارە پاککراوەتەوە.[178] نازانرێت کێ وێنەکانی گرتووە و لە چ بەروارێک. وێنە کۆکراوەکان و شایەتیەکان ناتەباو نەگونجاون لەگەڵ گەیاندن و ئەنجامی ڕاپۆرتی فەرمی توێکارییەکە.

یەکەم، خانەوادەی سەردەشت باس لەوە دەکەن کە ڕێگرییان لێکراوە لە بەدەستهێنانی (کۆپیەک لە) ڕاپۆرتی توێکارییەکە. بەگوێرەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، توێکاری پزیشکی دادی لەسەر تەرمەکەی سەردەشت ئەنجام دراوە لەلایەن فەرمانگەی دادی پزیشکی موسڵ لەنەخۆشخانەی موسڵ.[179] یەکێک لەبراکانی سەردەشت ئاماژە بەوە دەکات کە پزیشکێک لەنەخۆشخانەی موسڵ تەلەفۆنی کردووە و پێی وتووە دەتوانێت ڕاپۆرتی توێکارییەکە وەربگرێتەوە. کاتێک دەگاتە نەخۆشخانەکە، پێشتر ڕاپۆرتە ڕەسەنەکە لەلایەن کەسێکی ترەوە وەرگیراوە و هیچ کۆپیەکی نەماوە.[180] بەکر عوسمان بە لێکۆڵەرەوەکانمانی وت کە داوایان کردووە قسە لەگەڵ ئەو پزیشکە بکەن کە تەلەفۆنی کردووە بۆیان، بەڵام هیچ کەسێک لە نەخۆشخانەکە پزیشکێکی بەو ناوە نەناسیوە. بەکر عوسمان وتی، "ئەو 'دکتۆرە' بە تەلەفۆن بەڵێنی دابوو کە خێزانەکەمان ڕاپۆرتی ئەسڵی توێکارییەکە وەربگرن بەڵام هەمووو جارێک دوادەخرا. وا پێ دەچوو کە دکتۆرەکە لە پڕ نەما بێ."[181] بە گوێرەی بەکر، خانەوادەکەی دواتر ڕاپۆرتێکی توێکارییان لە ئاسایشەوە وەرگرتووە، نەک لە نەخۆشخانەکەوە. ئەو ڕووداوانەی کە لە ڕاپۆرتەکەدا باسکراون وای لە خێزانەکەی سەردەشت کردووە کە دروستی ڕاپۆرتی فەرمی توێکارییەکە ڕەتبکەنەوە.[182]

دووەم، ڕاپۆرتی فەرمی توێکارییەکە لە ئەنجامدا دەڵێت کە سەردەشت لە ناوەڕاستی ناوچاوانیدا تەنها یەک کونی فیشەکی یەک سانتیمەتری هەبووە.[183] ئەو وێنانەی لاشەی سەردەشت کە لە مردووخانەی شاری موسڵ گیراون بە ڕوونی ئەوە نیشان دەدەن کە سەردەشت لە ناوەڕاستی ناوچاوانیدا گوللەی لێ نەدراوە وەک لە توێکارییە فەرمییەکەدا بانگەشەی بۆ کرابوو. [184] خانەوادەی سەردەشتیش ئاماژەیەن بەوە کردووە کە سەردەشت لە ڕاستیدا گوللە لە نێودەمی دراوە، نەک لە ناوەڕاستی ناوچاوانی.[185]

سێیەم، ڕاپۆرتی فەرمی توێکارییەکە ئاماژە بە هیچ برینێکی زیاتر ناکات. بەڵام، ڕاپۆرتەکانی هیومان ڕایتس وۆچ و گاردیان ئاماژە بەوەدەکەن کە، بەگوێرەی چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڕێ و کەس و کاری سەردەشت، شوێن و ئاسەواری ئەشکەنجەدان لەسەر تەرمەکە بەدی کراوە.[186-187] هەروەها، خانەوادەی سەردەشت، کاتێک بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کرا، دووپاتیان کردەوە کە تێبینی ئەوەیان کردووە کە پێستی ڕووشاوە و شوێنەواری شین و سوور لەسەرجەستەی دیار بووە.[188] بەکر عوسمان وتی: "ڕەنگی پێستی شین و سوور بوو وەک ئەوەی بە توندی لێیدرابێت".[189]

چوارەم، بەپێی ڕاپۆرتی فەرمی توێکارییەکە ئەو فیشەکەی لەتیرۆرکردنەکەدا بەکارهاتووە لەسەری دەرهاتووە بەڵام هیچ ئاماژەیەک بە شیکردنەوەی بالستیکی بۆ ئەو فیشەکە نەکراوە و هیچ ڕاپۆرتێکیش نییە لەسەر ئەوەی کە چی لە گوللەکە کراوە دوای دەرهێنانی. هەروەها، هیچ ئاماژەیەک بە مۆبایلەکەی سەردەشت نەکراوە کە لەکاتی ڕفاندنەکە پێی بووە و تا ڕۆژی دواتر دانەخراوە. ئەمە هەمان ئەو مۆبایلە بووە کە سەردەشت لەڕێیەوە هەڕەشەی کوشتنی لێکراوە. دوای نزیکەی ١٢ ساڵ، ئەستەمە تیشک بخرێتە سەر زنجیرەی چاودێری کە دەبوایە بۆ هەر بەڵگەیەکی پەیوەست بە کەیسەکەوە پەیڕەوبکرێت. بە پێی ستاندارده نێودەوڵەتییەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ بەڵگە، وەک پرۆتۆکۆلی مینیسۆتا، دەبێت شوێنی تاوان بە وریاییەوە بپشکنرێت و بەڵگەکان بەپێی ستانداردەکانی 'زنجیرەی

---

178 نەناسراوە. دۆکیومێنت (126634). وێنەکان لێرە بڵاو نەکراونەتەوە بۆ ڕێزگرتن لە سەردەشت.

179 ڕاگەیندراوی ڕۆژنامەوانی (15 ئەیلولی 2010)، لە ئیکورد وەرگیراوە: بەیاننامەی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە کوشتنی ڕۆژنامەنووسێکی کوردی عێراق.
https://ekurd.net/mismas/articles/misc2010/9/state4209.htm

180 چاوپێکەوتن لەگەڵ بەکر عوسمان (12ی کانوونی دووەمی 2022).

181 چاوپێکەوتن لەگەڵ بەکر عوسمان (12ی کانوونی دووەمی 2022).

182 چاوپێکەوتن لەگەڵ بەکر عوسمان (12ی کانوونی دووەمی 2022).

183 ڕاپۆرتی توێکاری ژمارە (147052) بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی نەینەوا، بەشی پزیشکی دادوەری ژمارە (616) . (19ی ئایاری 2010).

184 وێنەی ناو دۆکیومێنتی (126634).

185 سام داگەر (6ی ئایاری 2010). ' نووسەرە کوردە ڕفێنراوەکە بە مردووی دۆزرایەوە'.
https://www.nytimes.com/2010/05/07/world/middleeast/07erbil.html

186 هیومان ڕایتس وۆچ (29ی تشرینی یەکەمی 2010). کوردستانی عێراق: ڕۆژنامەنووسان لەژێر هەڕەشەدان
https://www.hrw.org/news/2010/10/29/iraqi-kurdistan-journalists-under-threat

187 ڕەنج عەلائەدین (13ی ئایاری 2010) پێویستە کوشتنی ڕۆژنامەنووسە کوردەکە ڕوونبکرێتەوە.
https://www.theguardian.com/commentisfree/2010/may/13/zardasht-osman-death-kurdistan

188 چاوپێکەوتن لەگەڵ بەکر عوسمان (12ی کانوونی دووەمی 2022).

189 چاوپێکەوتن لەگەڵ بەکر عوسمان (12ی کانوونی دووەمی 2022).

چاودێری' مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت بۆ پاراستنیان لە دەستکاریکردن یان ئەگەری بزربوون.[190] لە کەیسی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان، ئەم پێوەرە نێودەوڵەتییانە پەیڕەو نەکراون بۆ مامەڵە کردن لە گەڵ ئەو بەڵگەکانەی کە لە شوێنی تاوانەکەدا دۆزراونەتەوە.

## ڕێتێنەچوونی ئەنسارولئیسلام وەک ئەنجامدەر

دەسەڵاتدارانی کورد بەرپرسایەتی تیرۆرکردنی سەردەشتیان خستە پاڵ ئەنسارولئیسلام. ئەم لێکدانەوەیە ڕێتێنەچـوو و ناژیرانەیە. لەگەڵ ئەوەی کە هیچ پاڵنەرێک نییە، ئەنسارولئیسلامیش بەئاشکرا ئەو تۆمەتەی ڕەتکردەوە، لە کاتێکدا کە بەشێوەیەکی ئاشکرا بەرپرسیارێتی خۆیان لەو جۆرە هێرشانە ڕادەگەیاند. بێجگەلە ئەوەش، ئەنسارولئیسلام توانای ئەنجامدانی هێرشێکی وەها ئاڵۆزی نەبوو لە هەرێمی کوردستان.


# ئەنسار: ئێمە "سەردەشت"مان تیرۆر نەکردووە

گروپی (ئەنسار ئیسلام) دوای تۆمەتبارکردنیان بەرفاندنو تیرۆرکردنی رۆژنامەنووسو خوێندکار (سەردەشت عوسمان) لەڕوونکردنەوەیەکدا ئەو تۆمەتەیان رەتکردەوەو لیژنەی لێکۆڵینەوەش لەئاسایشی هەولێر ئامادە نین لێدوان لەبارەی ئەو بەیاننامەیەی (ئەنسار) بدەن.

هەولێر، ئاوێنە: لیژنەی لێکۆڵینەوە لەتیرۆر کردنی رۆژنامەنووسو خوێندکار (سەردەشت عوسمان) لەڕاپۆرتەکەیاندا کە هەفتەی رابردوو بڵاویانکردەوە، گروپی (ئەنسار ئیسلام)یان تۆمەتبارکرد بەرفاندنو تیرۆرکردنی سەردەشت، ئەوەش لەزاری تۆمەتبارێکەوە کە لەکاتی لێکۆڵینەوەدا وتویەتی "سەردەشت پێشتر بەڵێنی کارکردنی پێدابووین، بەلام دواتر بەڵێنەکەی جێبەجێ نەکرد، بۆیە رفاندمانو تیرۆرمان کرد"، بەڵام لەسەرەتای ئەم هەفتەیەدا گروپی ئەنسار ئیسلام لەڕوونکردنەوەیەکدا ئەو تۆمەتەیان رەتکردەوەو رایانگەیاندووە "ئێمە وەک ئەنسار الاسلام ئەو راپۆرتەی بەناو لیژنەی لێکۆڵینەوەی سەرۆکی پارتی رەتدەکەینەوە کە فراندنو کوشتنی سەردەشت عوسمان دەخاتە پاڵ موجاهیدنو کەتیبەکانی ئەنسار ئیسلام، ئەوە بەتۆمەتو بوختان دەزانین"، لەبەشێکی تری روونکردنەوەکەشدا هاتووە "ئێمە وەک گروپێکی جیهادیو دژ بە کوفرو داگیرکاری ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی لەپارتیو یەکێتی، هەر کەسێک بفرێنین یان بیکوژین بەئاشکراو بێ دوو دڵی لە چالاکیەکانماندا رایدەگەیەنین".

ئاوێنە سەبارەت بەم روونکردنەوەیەی گروپی (ئەنسار ئیسلام)، هەوڵیدا رای لیژنەی لێکۆڵینەوە وەربگرێت، بەڵام ئامادە نەبوون لێدوان بدەن.

وتاری ڕۆژنامە سەبارەت بەو لێدوانەی ئەنسارولئیسلام لە (23ی تشرینی یەکەمی 2010)، کە تێیدا نکۆڵیانکرد لە تێوەگلانیان لە تیرۆرکردنەکەدا. نووسەری وتارەکە داوای وەڵامی لە پارتی دیموکراتی کوردستان کردبوو بۆ نکۆڵییەکەی ئەنسارولئیسلام بەڵام هیچ وەڵامێکی پێنەگەیشتووە. سەرچاوە: ئەرشیفی ناوخۆیی.

یەکەم، ئەنسارولئیسلام بەئاشکرا ئەو دەنگۆیانەی ڕەتکردەوە کە گوایە لەپشت کوشتنی سەردەشتەوەن. لە (٢٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٠) لە چەند ڕۆژنامەییەکی کوردیدا ئەم گروپە ڕایگەیاند، "ئەگەر کەسێک بفرێنین یان بکوژین، ئەوا خۆمان ڕایدەگەیەنین. پێویستمان بە هیچ کەسێک نییە کە درۆمان بۆ بکات. هەر ڕفاندن و کوشتنێک کە ئێمە ئەنجامی بدەین بە عیبادەتی دەزانین وپاداشتی لەسەر وەردەگرین."[191]

دووەم، دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایانگەیاند کە پاڵنەری ئەنسارولئیسلام بۆ کوشتنی سەردەشت خیانەت کردن بووە لە گروپەکە. بە گوێرەی دەسەڵاتداران، سەردەشت بەڵێنی داوە یارمەتی ئەو گروپە بدات، بەڵام دواتر لەو بڕیارەی پەشیمان بۆتەوە. ئەمەش لەلایەن هاوڕێیان و خانەوادەی سەردەشتەوە بە تەواوی نکۆڵی لێکرا و وتیان کە سەردەشت هەرگیز پەیوەندی بە گروپەکەوە نەبووە و هەوڵی دەسەڵاتدارانیان بۆ تۆمەتبارکردنی سەردەشت وەک تیرۆریست ڕەت کردەوە. هەروەها ئەویان بە عەلمانی وەسف کرد، نەک توندڕەوێکی ئاینی.[192] بەکر عوسمان، برای سەردەشت، بە گوێرەی ئیکورد وتی، "ئێمە وەک خانەوادەکەی نەک تەنها ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە ڕەتدەکەینەوە، بەڵکو ئیدانەی ئەو کارە دەکەین و ناڕەزایی خۆمان دەردەبڕین بەرامبەر بەو هەوڵانەی دەیدەن بۆ ئەوەی بە تیرۆریست تۆمەتباری بکەن".m[193] نووسینەکانی سەردەشت ئەم بۆچوونانە پشتڕاست دەکەنەوە.[194]

190 نووسینگەی کۆمسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان (2016). پرۆتۆکۆلی مینیسۆتا لەسەر لێکۆڵینەوە لە مردنی نایاسایی (٢٠١٦).
https://www.ohchr.org/Documents/Publications/MinnesotaProtocol.pdf

191 پەیامنێرانی بێ سنوور (4ی ئایاری 2012). ڕێزگرتن لە سەردەشت عوسمان لە دووەمینساڵیادی کوشتنیدا.
https://rsf.org/en/news/tribute-sardasht-osman-second-anniversary-his-murder

192 نامۆ عەبدوڵلا (6 تشرینی یەکەمی 2010). کوشتنی ڕەخنەگرێکی دەسەڵاتدارانی کوردستانی عێراق.
https://ekurd.net/mismas/articles/misc2010/10/state4265.htm

193 ئەی ئێف پی (16ی ئەیلولی 2010). خێزان و چاودێران ڕەخنەی توند لە لێکۆڵینەوەیەک لەمردنی پەیامنێرێکی کورد دەگرن
https://ekurd.net/mismas/articles/misc2010/9/state4203.htm

194 سەردەشت عوسمان (بەرواری نەزانراوە). http://www.sardashtosman.com/ku

سێیەم، ئەنساروئیسلام لە نێوان هەڵگیرسانی شەڕی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ و شەڕی سوریا لە ساڵی ٢٠١١ لەڕووی کارایییەوە لەناوبرابوو. بنکەکانییان لەناوچەی هەورامانی نزیک سلێمانی لەسەرەتای جەنگەوە لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە بۆردومانکرابوون بەشێوەیەک کە توانای ئۆپەراسیۆنی گروپەکەی بۆ هەماهەنگی و جێبەجێکردنی هێرش و ڕفاندن، بەتایبەتی لەناوەندی هەولێر، زۆر سنووردارکردبوو.[195]

لە کۆتایدا، ئەو چیرۆکەی کە گوایە گروپی ئەنساروئیسلام لە پشت ئەو کوشتنەوە بوون بێبنەما دەردەکەوێت، بە تایبەتی لەبەر ئەوەی گروپەکە پاڵنەریان نەبووە و بە ئاشکرا نکۆڵییان لە تێوەگلانیان کردووە و ئەو توانایەیان نەبووە.

## لیژنەی لێکۆڵینەوەکە خانەوادەی سەردەشت و نووسین و هەڕەشەکانی دژی پشتگوێ خست

لە لێکۆڵینەوەکەیاندا، (لیژنەی لێکۆڵینەوەی تایبەت) چاوپێکەوتنی لەگەڵ خانەوادەی سەردەشت نەکردووە، نوسینەکانی شی نەکردووەتەوە بۆ دۆزینەوەی پاڵنەرێکی ئەگەردار، و لێپێچینەوەی لە هەڕەشەکانی دژی نەکردووە. بۆیە لیژنەکە گوێیان بۆ هیچ پاڵنەرێکی تر نەگرتووە بۆ ڕفاندن و تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان جگە لەو پاڵنەرەی کە لە بەیاننامەکەی خۆیاندا باس کراوە.

یەکەم، هیچ کام لەکەسوکار و هاوڕێکانی سەردەشت چاوپێکەوتنیان لەگەڵ نەکراوە لەلایەن لیژنەی لێکۆڵینەوەکە.[196] بەپێی ستاندارده نێودەوڵەتییەکانی وەک پرۆتۆکۆلی مینیسۆتا، پەیوەندی کردن بەکەسوکاری قوربانی بەشێکی سەرەکی هەر لێکۆڵینەوەیەکی تاوانکارییە.[197] لیژنەی لێکۆڵینەوەی تایبەت دەیتوانی پێشەوەچوونەکانی ڕوونبکاتەوە، کەسوکاری سەردەشت دڵنیا بکاتەوە، و وەک شایەتحاڵێکی گرنگ چاوپێکەوتنیان لەگەڵ بکات. لە جیاتی ئەوە، لیژنەکە هیچ کاتێک قسەی لەگەڵ خێزان یان هاوڕێیانی سەردەشت نەکردووە. بەکر عوسمان وتی، "تەنانەت جارێکیش پەیوەندیمان پێوە نەکراوە لەلایەن ئەم لیژنەیەوە بۆ لێکۆڵینەوەکەیان. هیچ زانیارییەکمان نییە کە ئەوان کێن".

دووەم، لێکۆڵینەوە فەرمیەکە نوسینەکانی سەردەشتی بەهەند وەرنەگرتووە لە کاتی دیاریکردنی پاڵنەری ئەگەردار بۆ تیرۆرکردنەکە. بەیاننامە ٤٣٠ وشەییەکەی لیژنەی لێکۆڵینەوەکە تیشک دەخاتە سەر بانگەشەی پەیوەندی سەردەشت لەگەڵ ئەنساروئیسلام و نوسینەکانی پشتگوێ دەخات. هەروەها، ڕاگەیەندراوەکەیان جەخت لەوە دەکاتەوە کە سەردەشت قوتابی بووە، نەک ڕۆژنامەنووس.[198] ناونیشانی بەیاننامەکە بریتییە لە: "ڕاگەیەندراوێک لە لیژنەی لێکۆڵینەوە لەسەر کەیسی قوتابیە کوژراوەکە (سەردەشت عوسمان)". خودی دەقەکەش وەک قوتابی بەشی ئینگلیزی ئاماژە بە سەردەشت دەکات. ئەو سەرچاوانەی کە لە لایەن ڕۆژنامەنووس ڕەنج عەلائەدینەوە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە ئاماژەیان بەوەدا کە ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوە فەرمی نووسینەکانی سەردەشت و پەیوەندی بە ڕۆژنامەوانییەوە وەلاناوە بۆ ئەوەی سەرنجی زیادی (نێودەوڵەتی) بۆ کەیسەکە ڕانەکێشن.[199]

سێیەم، (لیژنەی لێکۆڵینەوەی تایبەت) لێکدانەوەی بۆ ئەو هەڕەشانە نەکردەووە کە سەردەشت دوای بڵاوکراوە ڕەخنەییەکانی لێی کرابوو. بەرلە کوشتنەکە، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر و زانکۆکەی سەردەشت، داواکارییەکانی سەردەشتیان بۆ پاراستنی پشتگوێ خست.[200] گوایە فەرماندەی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر (عەبدولخالق تەلعەت) بە سەردەشتی ڕاگەیاندووە کە یەکێک لەو ژمارە تەلەفۆنانەی کە بەکار هاتووە بۆ هەڕەشەکان هی دەرەوەی عێراق بووە. پاشان فەرماندەکە سەرزەنشتی کردوو و وتویەتی "شتی وا [لە هەولێر] ڕونادات".[201] بەیاننامەکەی لیژنەی لێکۆڵینەوە ئاماژە بەوە ناکات کە ڕاگر و فەرماندەی پۆلیسی هەولێر چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کرابێت.

---

195 نامۆ عەبدوڵڵا (6 تشرینی یەکەمی 2010). کوشتنی ڕەخنەگرێکی دەسەڵاتدارانی کوردستانی عێراق.
https://ekurd.net/mismas/articles/misc2010/10/state4265.htm

196 هیومان ڕایتس ووچ (29ی تشرینی یەکەمی 2010). کوردستانی عێراق: ڕۆژنامەنووسان لەژێر هەڕەشەدان
https://www.hrw.org/news/2010/10/29/iraqi-kurdistan-journalists-under-threat

197 نووسینگەی کۆمسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان (2016). پرۆتۆکۆلی مینیسۆتا لەسەر لێکۆڵینەوە لە مردنی نایاسایی (٢٠١٦).
https://www.ohchr.org/Documents/Publications/MinnesotaProtocol.pdf

198 لیژنەی لێکۆڵینەوە (15ی ئەیلولی 2010). ڕاگەیندراوێک لەلیژنەی لێکۆڵینەوە لەسەر کەیسی قوتابییە کوژراوەکە (سەردەشت عوسمان).

199 ڕەنج عەلائەدین (13ی ئایاری 2010) پێویستە کوشتنی ڕۆژنامەنووسە کوردەکە ڕوونبکرێتەوە.
https://www.theguardian.com/commentisfree/2010/may/13/zardasht-osman-death-kurdistan

200 بەڵێن ئیزەت میکا (14ی ئایاری 2020). دەربازبوون لە سزا: هاندەرێک بۆ بەردەوامی تیرۆرکردن و توندوتیژی دژ بە ڕۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستان.
https://kirkuknow.com/en/news/62228

201 نیقاش (بەرواری بڵاوکراوە نەزانراوە). https://www.niqash.org/en/articles/society/2673/Why-was-he-killed.htm

# ئەنجام و ڕاسپاردەکان

سەردەشت عوسمان ڕۆژنامەنووسێکی هاوولاتی بوێر و بەتوانای تەمەن ٢٣ ساڵ بوو، کە لەسەر گەندەڵی و خراپ بەڕێوەبردنی سیاسی لە ناو حکومەتی هەرێمی کوردستاندا و لە قۆناغی هەڵچوونێکی سیاسیدا دەینوسی. لە (13ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٩) سەردەشت وتارێکی تەنز ئامێزی نووسی و تێیدا بنەماڵەی سەرۆک بارزانی تۆمەتبارکرد بە گەندەڵی و نێپۆتیزم، ئەمەش "هێڵی سوور"ە لە هەرێمی کوردستانی عێراق. وتارەکە، بە ناونیشانی "من عاشقی کچەکەی بارزانیم"، جیاوازی لە نێوان مەینەتی هاولاتیەکی ئاسایی کورد و خۆشگوزەرانی بنەماڵەی بارزانی خستەڕوو. هاوکار و خێزان و هاوڕێ و شارەزایان بە لێکۆڵەرەوەکانی ئێمەیان وت کە ئەگەری زۆرە ئەم وتارە بووبێت بە هۆی کوشتنی سەردەشت.

لە نێوان کانوونی یەکەمی ٢٠٠٩ و ئایاری ٢٠١٠، سەردەشت چەند جارێک لە ڕێی نامە و پەیوەندی تەلەفۆنی هەڕەشەی لێکرا. هەندێک لەو هەڕەشانە پێیان وتووە کە دەبێت هەولێر بەجێبهێڵێت ئەگەر نا دەکوژرێت و هەندێکی تریش ئاماژەیان بە دوایین نووسینەکانی کردووە و وتوویانە کە دەبێت باجی ئیهانەکانی بدات. سەردەشت ڕاگری کۆلێژەکەی لە هەڕەشەکان ئاگادار کردەوە، ئەویش ڕەوانەی پۆلیسی کردووە. بەڵام، کاتێک سەردەشت چووە لای فەرماندەی پۆلیسی هەولێر، (عەبدولخالیق تەلعەت) داواکەی سەردەشتی بۆ یارمەتی پشتگوێ خست و گوتی ئەو ژمارە مۆبایلەی بەکارهاتووە بۆ هەڕەشەکان هی دەرەوەی عێراقە و ئەوەشی وت "هەولێر ئارامە و شتی ئاوای لێ ڕوونادات".[202]

سەردەشت زیاتر ئاگادار دەبێتەوە لەو چارەنوسەی کە چاوەڕوانێتی. لە کانوونی دووەمی ٢٠١٠، لە نویسنێکدا دەڵێت کە پێی وتراوە کە "تەمەنت چەندی ماوە".[203] ئەو نامەیەی پێی گەیشت گوتی، "مۆڵەتی هەناسەدانت لەم شارەدا نەماوە". سەرەڕای ئەمەش، سەردەشت سوور بوو لەسەر وتنی ڕاستیەکان: " بەڵام  نە باکم بەمردنە و نە ئازاردان، لەچاوەڕوانی کۆتاییهاتنی مۆڵەتەکەمم تا دیداری بکوژەکانی خۆم بکەم... هەمیشە شتێکم هەیە بۆ گوتن و کەسانێك نایانەوێت بیبیستن، بەڵام هەرکاتێك ئێمە بەچرپە قسە دەکەین ئەوا ئەوان گوێچکەکانیان نائارام دەبن. تا ئەو شوێنەی کە ماوین ئەبێت قسەبکەین".[204]

سەر لەبەیانی ڕۆژی سێشەممە (٤ی ئایاری ٢٠١٠) نزیکی کاتژمێر ٨:٢٠ ی بەیانی سەردەشت لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە بە مینی پاسێکی سپی لەبەردەم بینای کۆلێژی هونەری زانکۆی سەلاحەدین لەهەولێر ڕفێندرا دوای کەمتر لە نیو کاتژمێر هاوڕێکانی و خێزانەکەی ئەو کەسانەیان ئاگادار کردەوە کە لە بازگەکانی دەوروبەری هەولێر دەیانناسین و کاریان دەکرد. مۆبایلەکەی سەردەشت تا ڕۆژی دواتر بە کراوەیی مایەوە. ڕۆژی چوارشەممە (٥ی ئایاری ٢٠١٠) تەرمی سەردەشت لە موسڵ دۆزرایەوە، لە ناوچەی ئەل وەحدە، کە ٨٠ کیلۆمەتر لە هەولێرەوە دوورە.

لێکۆڵینەوەی فەرمی لە کوشتنەکە باوەڕپێکراو و شەفاف و کاریگەر نەبوو. ڕاسپاردە و پێکهاتەی لیژنەکە کە بە فەرمانی سەرۆک مەسعود بارزانی دامەزرا بۆ لێکۆڵینەوە لە کوشتنەکە تا ئەمڕۆش نەزانراوە. لە (١٥ی ئەیلوولی ٢٠١٠ ) لیژنەکە لە ڕاگەیندراوێکی کورتی ٤٣٠ وشەییدا ئەنجامەکەی بڵاوکردەوە و دەستگیرکردنی هیشام مەحمود ئیسماعیلی ڕاگەیاند. بەپێی لێکۆڵینەوە فەرمییەکە، سەردەشت ڕفێندراوە و کوژراوە چونکە بەڵێنی دابوو لەگەڵ ئەنسارولئیسلام، کە گروپێکی تیرۆریستی ناوخۆییە، کار بکات و لە بەڵێنەکەی پەشیمان بۆتەوە. ئەم چیرۆکە دوای دانپێدانانەکەی هیشام ئیسماعیل هات کە لە کوردستان تی ڤی، کەناڵی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان، پەخش کرا و تێیدا هیشام چیرۆکە فەرمییەکەی دووپات کردەوە.

لێکۆڵینەوە و گێڕانەوە فەرمییەکان کەلێن و لاوازیی بەرچاویان تێدایە کە پێویستی بە دووبارە لێکۆڵینەوە لە کەیسەکە دەسەلمێنن و پێشنیاری تێوەگلانی دەسەڵات و دەزگا ئەمنییەکان دەکەن. لێکۆڵینەوەکەمان ئەوەی بۆ دەرکەوت کە (لیژنەی لێکۆڵینەوەی تایبەت) پشتی بە تەنها یەک بەڵگە بەستووە کە بریتی بووە لە دانپێدانانێکی گوماناوی لەلایەن هیشام مەحمود ئیسماعیل کە دواتر لێی پەشیمان بووەتەوە.

جگە لەکەموکورتی ئەو شێوازانەی کە لیژنەی لێکۆڵینەوەی تایبەت بەکاریان هێناوە بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکەیان، لێکۆڵینەوەکەمان ناتەواویی و ناڕێکی گەورەیان دۆزیەوە لە ئەنجامی لیژنەکەدا.

---

202 نیقاش (بەرواری بڵاوکراوە نەزانراوە). https://www.niqash.org/en/articles/society/2673/Why-was-he-killed.htm

203 نیقاش (بەرواری بڵاوکراوە نەزانراوە). https://www.niqash.org/en/articles/society/2673/Why-was-he-killed.htm
؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ بەکر عوسمان (12ی کانوونی دووەمی 2022).

204 نیقاش (بەرواری بڵاوکراوە نەزانراوە). https://www.niqash.org/en/articles/society/2673/Why-was-he-killed.htm

یەکەم، وەک بەشێک لە لێکۆڵینەوە فەرمییەکە، توێکارییەکی تەرم لەلایەن فەرمانگەی دادی پزیشکی موسڵ لە نەخۆشخانەی موسڵ ئەنجام درا لە (٦ی ئایاری ٢٠١٠) کاتژمێر ٨:٠٠ی بەیانی. یەکێک لەبراکانی سەردەشت لەلایەن نەخۆشخانەوە بانگکرا بۆ وەرگرتنەوەی ڕاپۆرتی توێکارییەکە. کاتێک گەیشتە نەخۆشخانەکە، ئاگادار کرایەوە کە پێشتر ڕاپۆرتی ڕەسەنی یان ئەسڵی توێکارییەکە لەلایەن کەسێکی ترەوە وەرگیراوەتەوە و هیچ کۆپیەکیشی نییە. بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک خێزانەکە نە توانیان کۆپیەک لە ڕاپۆرتی توێکارییە فەرمییەکەیان دەست بکەوێت و نە ئەو پزیشکەش بدۆزنەوە کە توێکارییەکەی ئەنجام داوە. کە دواجار کۆپیەکیان بۆ هات، لە ئاسایشەوە پێیان گەیشت و لە پزیشکەوە نەبوو و چەندین نەگونجاوی و دژبەیەکی تێدابوو بە بەراورد بەوەی کە خێزانەکەی بینیویانە لە کاتی وەرگرتنەوەی تەرمەکە و وێنەکانی جەستەی سەردەشت کە لە مردووخانە گیراون.

بەپێی ڕاپۆرتە فەرمییەکە، سەردەشت برینێکی گوللەی (١) سانتیمەتری لە ناوەڕاستی ناوچاوانی هەبووە و هیچ برینێکی دیکەی پێوە نەبووە. ئەو وێنانەی لە مردووخانە گیراون بەڕوونی ئەوە نیشان دەدەن کە سەردەشت هیچ برینێکی گوللە لە ناوەڕاستی ناوچاوانی نەبووە. ئەو وێنانە هەروەها شوێنەواری ڕووشان و برینی بەرچاو لەسەر جەستەی سەردەشت نیشان دەدەن. هەروەها گوللە و بەڵگەکانی تر کە لە شوێنی تاوان یان لە لاشەکە کۆکراونەتوە دیار نەماون. هیچ زنجیرەیەکی چاودێری دیار نەبووە سەبارەت بە گوللەکە یان بەڵگەکانی تر، و نە شیکردنەوەیەکی بالستیکیش لەسەر فیشەکەکە کراوە بۆ دیاریکردنی کالیبەر و جۆری ئەو چەکەی کە دەکرێت لە کوشتنەکەدا بەکارهێنرابێت.

دووەم، بەپێی گووتاری فەرمی ڕووداوەکان، هیشام مەحمود ئیسماعیل بە ئۆتۆمبێلێک سەردەشتی بە زیندوویی بە ناو چەند بازگەیەکی پشکنینی پتەو لە نێوان هەولێر و موسڵ گواستووەتەوە. شیکردنەوەکەی ئێمە، لەگەڵ شایەتی شایەتحاڵەکان و وێنەکانی ئەو شوێنەی سەردەشت لێی ڕفێندرا، ئاماژە بە ئەوە دەکات کە ئەگەری ئەوە زۆر کەمە کە ئەندامێکی ئەنسارولئیسلام بەڕۆژی ڕووناک و لەبەردەم کارمەندانی ئەمنی زانکۆ و کامێرای (سی سی تی ڤی) کەسێک بڕفێنێت بە بەبێ ئەوەی تێبینی بکرێت. هەرەوەها جێیگومانە کە ئەندامێکی ئەنسارولئیسلام توانیبێتی سەردەشت بە زیندوویی لەناو مینی پاسێکی سپی ژمارە بەغدا لە هەولێرەوە (لە هەرێمی کوردستان) بۆ موسڵ (لە ناوچە جێناکۆکەکان)  بگوازێتەوە، بە ناو چەند بازگەیەکی پشکنین کە بە توندی پاسەوانی دەکرێن و هەندێکیشیان لەو کاتەدا لەلایەن هاوڕێیان و خانەوادەی سەردەشتەوە ئاگادارکراونەتەوە، بەبێ ئەوەی تەنها جارێکیش بپشکنرێت. لە ئەنجامدا، ئەمە گومانێکی زۆر گەورە دەخاتە سەر گێڕانەوە و لێکدانەوەی لیژنەکە بۆ ڕووداوەکان.

سێیەم، تاکە بەڵگە کە لیژنەکە لە ڕاگەیندراوی کۆتاییدا پشتی پێبەستبوو شایەتییەکی گوماناوی هیشام مەحمود ئیسماعیل بوو کە بە وتەی لیژنەکە یەکێک لە تاوانکارەکان بووە. بەڵام کاتێك هیشام مەحمود ئیسماعیل هێنرایە بەردەم دادگایەکی هەولێر، پەشیمان بووەوە لەو دانپێدانانەی کە پێشتر لە کوردستان تی ڤی پەخش کرابوو و گوتی لە ڕاستیدا ئەو لە (٤ی ئایاری ٢٠١٠) لە زینداندا بووە. دوای سێ ساڵ و لە (١٥ی ئایاری ٢٠١٣) بەهۆی نەبوونی بەڵگەوە و پاش کشانەوەی دانپێدانانەکەی، تۆمەتەکان لە سەر هیشام لابران. هیچ ڕاگەیەندراوێک بۆ ڕای گشتی دەربارەی ئازادکردنی هیشام بڵاونەکرایەوە و هیچ دەستگیرکردنێکی تری زانراو پەیوەست بە لێکۆڵینەوە فەرمیەکە نەبووە.

جگە لەوەش ئەنسارولئیسلام، ئەو گروپەی کە گوایە هیشام مەحمود بەشێک بووە لێی، بە ئاشکرا ئەو تۆمەتانەی ڕەتکردەوە کە گوایە ئەو گروپە لەپشت کوشتنی سەردەشتەوەن، سەرەڕای ئەوەی کە ئەم گروپە بەشێوەیەکی ئاسایی بەرپرسیارێتی خۆیان لەو جۆرە هێرشانە ڕادەگەیاند. لە چەندین ڕۆژنامەی کوردیدا گروپەکە ڕایگەیاند: "ئەگەر کەسێک بفڕێنین یان بکوژین، ئەوا خۆمان ڕایدەگەیەنین. پێویستمان بە هیچ کەسێک نییە کە درۆمان بۆ بکات."

لەکۆتاییدا، لەدوای تیرۆری سەردەشتەوە لە ئایاری ٢٠١٠ دەسەڵاتداران و بەرپرسانی کورد کە پەیوەندیان بەپارتییەوە هەیە بەردەوام هەڕەشەیان لە خێزان و هاوڕێکانی سەردەشت کردووە. خێزانی سەردەشت ئاماژەیان بەوە کرد کە کاربەدەستان هاتن بۆ ماڵەکەیان و بە باوکیان گوت: "تۆ ئێستا کوڕەکەت لە دەست داوە، بەڵام ئاگرەکە گەورەتر مەکە". هەروەها ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە ڕاپۆرتیان بڵاو دەکردەوە لەسەر کەیسەکە و خۆپیشاندانەکانی کە بە دوایدا هات بە توندی هەڕەشەیان لێکراوە لە لایەن دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە و هەندێک پێیان وتراوە کە "وەک سەگ دەکوژرێن". لە ئەنجامدا کەیسی سەردەشت عوسمان مەترسی ئەوەی لەسەرە ببێتە هێڵێکی  سووری دیکە بۆ ڕۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

ئەم ڕاپۆرتە دەریخستووە کە لێکۆڵینەوە لە ڕفاندن و تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان شکست دەهێنێت لە جێبەجێکردنی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان بۆ لێکۆڵینەوە وەک پرۆتۆکۆلی مینیسۆتا. هەروەها ئەنجامەکانمان چەندین گیروگرفت لە شیکردنەوەی فەرمی بۆ ڕووداوەکان و ئەنجامی دواتری لیژنەکە خستۆتە ڕوو. ئەم خاڵانە پێشنیاری تێوەگلانی دەسەڵاتدارانی کورد و دەزگا ئەمنییەکانیان دەکەن لە ڕفاندن و تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان: ناکۆکی لە ڕاپۆرتی تۆپکاری و دواکەوتن لە گەیاندنی بە خانەوادەی سەردەشت؛ باوەڕپێنەکراوی ئەوەی کە ئەنسارولئیسلام توانای ڕفاندن و گواستنەوەی سەردەشتی هەبێت بە بەرچاوی دەزگا ئەمنییەکان و بەناو بازگەکانی پشکنین کە لەلایەن پاسەوانەوە چاودێری دەکرێن؛ کشانەوەی تاکە بەڵگەی بەکارهاتوو؛ هەروەها هەڕەشەکانی دواتر بۆ سەر خانەوادەی سەردەشت لەلایەن بەرپرسانی حکومەتەوە. هەر بۆیە لێکۆڵینەوەکەمان نیشانە و ئاماژەی باوەڕپێکراوی دۆزیەوە کە ڕەنگە دەسەڵاتدارانی کورد بەرپرس بن لە ڕفاندن و تیرۆرکردنی سەردەشت، و دواتر دەستیان هەبووە لە فشارخستنە سەر ئەندامانی خێزان و هاوڕێیانی سەردەشت و هەڕەشەکردن لێیان بۆ ئەوەی بێدەنگ بن.

لەسەر بنەمای ئەم ئەنجامانە، داوای ئەمانەی خوارەوە دەکەین.

بۆ دەسەڵاتدارانی لێکۆڵینەوەی کوردی پەیوەندیدار:

— **بە شێوەیەکی سەربەخۆ و شەفاف دووبارە لێکۆڵینەوە لە ڕفاندن و تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان بکرێت بە گوێرەی پێوەرە جیهانییەکان بۆ لێکۆڵینەوەی کاریگەر و ورد و بێلایەن و شەفاف.** دوای نزیکەی (١٢) ساڵ لەتیرۆرکردنی سەردەشت، هیچ پێشکەوتنێک نەبووە و نە هەوڵێکی ڕاستەقینەش بۆ لێکۆڵینەوە لە کوشتنەکە دراوە.

— **لەچوارچێوەی ستانداردی نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوەکانی تاوان وەک پرۆتۆکۆلی مینیسۆتا (Minnesota Protocol)، بەدواداچوون بکرێت بۆ کەیسی ڕۆژنامەنووسانی کوژراو لە هەرێمی کوردستانی عێراق بە شێوەیەکی شەفاف و بێلایەن و کاریگەر و تەواو و خێرا.** لەکۆی ئەو (٢٢) ڕۆژنامەنوسانەی کە بەهۆی کارەکانیانەوە کوژراون لەعێراق لەدوای تیرۆرکردنی سەردەشتەوە، هەشتیان بە پێی ڕاپۆرتەکان لە هەرێمی کوردستان کوژراون. پێشکەوتن لە هیچ کام لەم کەیسانەدا نەبووە یان هێواش و نادیار بووە بۆ ئەندامانی خێزان و هاوکاران و ڕای گشتی. ئەم نەبوونی لێپێچینەوە و سزانەدانە دەبێتە هۆی گەشەکردنی خود-سانسۆرکردن و ڕێگەگرتن لە بڵاوکردنەوەی زانیاری.

بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان:

— **وەستاندنی هەراسانکردن و تۆقاندن و هەڕەشەکان دژی خانەوادە و هاوڕێیانی سەردەشت عوسمان.** دووبارە لێکۆڵینەوە لە کەیسی سەردەشت لەگەڵ داوای لێبوردنێکی فەرمییدا بۆ ڕاستکردنەوەی بەیاننامەکەی لیژنەی لێکۆڵینەوەی فەرمی کە سەردەشتی بە تیرۆریست لەقەڵەم دابوو و دانپێدانان بەوەی کە لێکۆڵینەوەکە ناتەواو و پڕ لە هەڵە بووە. هەروەها دەستبەجێ وەستاندی هەڕەشەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەلایەن دەسەڵاتەوە بۆ سەر خانەوادەی سەردەشت و هەر کەسێک کە باسی کەیسی سەردەشت بکات.

— **جێبەجێکردنی تەواوی یاسا و ڕێسای نیشتمانی و نێودەوڵەتی تایبەت بە پاراستنی ڕۆژنامەنووسان و دەستەبەرکردنی لێکۆڵینەوەی شەفاف و گشتگیر لە هەڕەشە و تاوان دژی ڕۆژنامەنووسان.** مادەی (٥) و ماددەی (٦) ی یاسای ڕۆژنامەگەری کوردی ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧) داوای سزادانی توندی هەر کەسێک دەکات، بە هێزە ئەمنییەکانیشەوە، کە هێرش دەکەنە سەر میدیاکاران. لە ماوەی نزیکەی (١٤) ساڵدا، هیچ تاوانبارکردنێکی سەرکەوتوو لەسەر بنەمای ئەم ماددانە جێبەجێ نەکراوە.

— **دانانی میکانیزمێکی بەرگیری سەربەخۆی فەرمی کەئەرکی لێکۆڵینەوە بێت لە هەڕەشە و هێرش بۆ سەر ڕۆژنامەنووسان.** ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە هەڕەشەیان لێدەکرێت و دەکرێنە ئامانج، بە تایبەتی لەو حاڵەتانەی کە سەرچاوەی هەڕەشەکە بەرپرسانی حکومەتن، لە ئێستادا ناتوانن نیگەرانییەکانیان بخەنە بەردەم دەسەڵات و لایەنێکی لێهاتوو. بۆیە داوا لەدەسەڵاتدارانی کوردی دەکەین کە میکانیزمێکی بەرگیری سەربەخۆی فەرمی دابمەزرێنن کە بتوانێت بەدواداچوون بۆ هەموو ئەو بانگەشە باوەڕپێکراوانە بکات کە دەخرێنە ڕوو لەلایەن ڕۆژنامەنووسانی (هاووڵاتی)، بە بلۆگەرەکانیشەوە، کە هەڕەشەیان لێکراوە یان هێرشیان کراوەتە سەر، بە شێوەیەک کە رۆژنامەنووسان و میدیاکاران بتوانن دەسبەجێ دەستیان بگات بە لایەنە پەیوەندیدارەکان کە توانا و سەرچاوەی پێویستیان هەبێت بۆ ئەوەی ڕێوشوێنی پاراستنی کاریگەر بگرنە بەر.

بۆ یەکێتی ئەوروپا و وڵاتانی ئەندام، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، شانشینی یەکگرتوو، و وڵاتانی دیکە کە پەیوەندی دیپلۆماسی و ئابووریان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە:

— **فشاری بەردەوام بخەنە سەر دەسەڵاتدارانی کورد بۆ لێکۆڵینەوە لە هەڕەشەلێکردن و پەلاماردان و کوشتنی رۆژنامەنوسان بەپێی ستاندارده جیهانییەکان، لەوانەش دووبارە لێکۆڵینەوە لە کەیسی سەردەشت عوسمان.** وڵاتانی ئەندام لە هاوپەیمانی ئازادی میدیا (**Media Freedom Coalition**) کەپەیوەندی دیپلۆماسی و ئابووریان هەیە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت زامنی ئەوە بکەن کە پێشێلکردنی ئازادی بیروڕا، ئازادی ڕادەربڕین، و ئازادی زانیاری بەشێکی گرنگن لەگفتوگۆکانیان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و فشار بخەنە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پشتگیریکردن لەم ئازادییانە.

لە (ئایاری ٢٠٢١) ، نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاریی عێراق (یونامی) و نووسینگەی کۆمسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان (**OHCHR**) پێشنیاریان کرد کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لێکۆڵینەوەیەکی خێرا و کاریگەر و تەواو و سەربەخۆ و بێلایەن و شەفاف ئەنجام بدات لە هەڕەشەکردن و دەستدرێژیکردنە سەر ڕۆژنامەنووسان و ئەندامانی خێزانەکەیان و دەڵێن کە قوربانییەکان و ئەندامانی خێزانەکانیان مافی دادپەروەری و ڕاستی و قەرەبووکردنەوەیان هەیە. پێویستە ئەو دەوڵەتانەی پەیوەندی دیپلۆماسی و ئابووریان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە بەدواداچوون بۆ ئەو ڕاسپاردانە بکەن کە لەلایەن یونامی و (**OHCHR**) ئاراوە پێشکەش کراون و فشارە دیپلۆماسی و ئابوورییەکانیان بۆ سەر دەسەڵات و تاکەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان چڕ بکەنەوە بۆ جێبەجێکردنی یاسا و ستاندارده نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی تاوان.

— **لەداهاتووشدا، بەبەردەوامی سزای ئامانجدار بسەپێنن بەسەر ئەو بەرپرسانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە پەیوەندیان هەیە بەتاوانی دژ بەڕۆژنامەنووسان، هەروەها بە سەر دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ڕێگریکردن لە لێکۆڵینەوەی خێرا و کاریگەر و ورد و بێلایەن و شەفاف لەتاوانەکانی دژ بەڕۆژنامەنووسان.** سزاکان پارمەتیدەرن بۆ هێشتنەوەی فشار لەسەر کاراکەتەر و لایەنەکان و دوورخستنەوەیان لە درێژەدان بە ڕەفتاری توندوتیژانە. سزا ئامانجدارەکان ئامرازی کاریگەرن کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێن بۆ وەستاندنی سامانی تاکەکان و قەدەغەکردنی چوونەژوورەوەیان بۆ چەند وڵاتێکی دیاریکراو و ڕێگەگرتن لە ئەنجامدانی بازرگانی لە چەند وڵات و بە دراوی دیاریکراو. بۆیە ئەم ڕاپۆرتە پێشنیاری وڵاتانی ئەندامی (هاوپەیمانی ئازادی میدیا) دەکات کە ڕژێمەکانی سزای دەمەزراویان هەیە کە سزای ئامانجدار بگرنە بەر لە دژی بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە پەیوەندیان هەیە بە تاوان دژی ڕۆژنامەنووسان.

پانێلی باڵای سەربەخۆی شارەزایانی یاسایی لە ئازادی میدیا (**The Independent High Level Panel of Legal Experts on Media Freedom**) بە دیاریکراوی دەڵێت: ”بەکارهێنانی بەردەوامی سزا ئامانجدارەکان کاتێک رۆژنامەنووسان دەکوژرێن و بە هەڕەمەکی زیندانی دەکرێن یارمەتیدەر دەبێت بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری نێودەوڵەتی و گۆڕینی کەمتەرخەمی سزانەدان بەرەو لێپرسینەوە. دەرفەتێکی گرنگ هەیە بۆ ئەوەی دەوڵەتەکان بە مۆدێلێکی نوێ ڕێبەری بکەن: کە کاتێک هێرش دەکرێتە سەر میدیا، سزای ئامانجدار دەبێتە دژەهێرش. ئەو حکومەتانەی کە بە ڕاستی دەیانەوێت ڕۆژنامەنووسان بپارێزن، دەبێت ئەو دەرفەتە بقۆزنەوە.“

# پاشکۆ: هێڵی کات لەگەڵ ڕووداوە سەرەکیەکان

| | |
|---|---|
| تەمموزی ٢٠٠٩ | بزوتنەوەی گۆڕان دەبێتە دووەم گەورەترین حیزب لەهەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان. پارتی و یەکێتی بۆ یەکەم جار لە دەیان ساڵ لە فەرمانڕەوایی بێبەرهەڵست ڕووبەڕووی ڕکابەرییەک دەبنەوە. |
| ١٣ی کانوونی یەکەم ٢٠٠٩ | سەردەشت عوسمان وتارێک دەنوسێت کە بە "هێڵی سوور" دادەنرێت بە ناونیشانی "من عاشقی کچەکەی بارزانیم". تیایدا بنەماڵەی بارزانی بە گەندەڵی و نێپۆتیزم تۆمەتبار دەکات. |
| کانوونی یەکەمی ٢٠٠٩-ئایاری ٢٠١٠ | سەردەشت بە نامە و پەیوەندی تەلەفۆنی هەڕەشەی لێدەکرێت و ئاماژە بە وتارەکەی دەکرێت و پێی دەوترێ کە دەبێت باجی ئیهانەکانی بدات. |
| ٢١ی کانوونی دووەمی ٢٠١٠ | سەردەشت پێی دەوترێت کە 'ژیانی کۆتایی دێت'. سەردەشت راگری زانکۆ و فەرماندەی پۆلیسی هەولێر عەبدولخالیق تەلعەت لەم هەڕەشانە ئاگادار دەکاتەوە. هەردوکیان داواکاری سەردەشت بۆ یارمەتیدانی پشتگوێ دەخەن. |
| سێ شەممە، ٤ی ئایاری ٢٠١٠ | کاتژمێر ٨:٢٠ بەیانی: سەردەشت لە بەردەم بینای پەیمانگای هونەری زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە بە مینی پاسێکی سپی رفێندرا.<br>کاتژمێر ٨:٤٥ بەیانی: هاوڕێیان و خانەوادەی سەردەشت ناسیاوەکانیان لە بازگەکانی پشکنین ئاگادار دەکەنەوە بۆ چاو گێران بۆ ئەو ئۆتۆمبێلە سپییەی کە سەردەشت دەگوازێتەوە. |
| چوار شەممە، ٥ ئایاری ٢٠١٠ | تەرمی سەردەشت لە موسڵ دۆزرایەوە کە ٨٠ کیلۆمەتر لە هەولێرەوە دوورە. لەو ڕۆژەدا تەلەفۆنەکەی هێشتا زەنگی بۆ دەچێت بەڵام هەرگیز نادۆزرێتەوە. |
| پێنج شەممە، ٦ی ئایار ٢٠١٠ | فەرمانگەی دادی پزیشکی موسڵ لە نەخۆشخانەی موسڵ توێکاری لەسەر تەرمی سەردەشت ئەنجام دەدات. کاتێک خێزانەکەی بۆ وەرگرتنەوەی راپۆرتی توێکاری دەڕۆن، پێیان دەڵێن کەسێکی تر پێشتر ڕاپۆرتەکەی وەرگرتۆتەوە. ئەو پزیشکەی کە یەکەمجار زانیاری داوە پێیان لەبارەی راپۆرتەکەوە دیار نامێنێت. دوای چەند هەفتەیەک لەهەوڵدان بۆ گەیشتن بە دکتۆری پەیوەندیدار، ئاسایش کۆپیەکی پشتڕاستنەکراوی ڕاپۆرتی توێکارییەکە دەدەن بە خانەوادەکەی. |
| ٢٢ی ئایار ٢٠١٠ | دوای دوو هەفتە لە خۆپیشاندانی گەورە سەرۆک بارزانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوە لە کوشتنی 'قوتابی' سەردەشت عوسمان ڕادەگەیەنێت و دەڵێت لێکۆڵینەوەکە بێ پێشینە دەبێت و "هیچ بەڵگەیەک پشتگوێ ناخرێت". وردەکاری پێکهاتەی لیژنەکە و ڕاسپاردەکەی بە نهێنی دەمێنێتەوە. |
| ئایاری ٢٠١٠ | ژمارەیەک ڕۆژنامەنووس کە ڕوومالّی کەیسەکە و خۆپیشاندانە پەیوەندیدارەکان دەکەن لەلایەن بەرپرسان و دەزگا ئەمنییەکانەوە بە توندی هەڕەشەیان لێ دەکرێت و هەندێک دەڵێن پێیان وتراوە کە "وەک سەگ دەکوژرێن". |
| حوزەیرانی ٢٠١٠ | دۆکیومێنتارییەک لەسەر سەردەشت، کە لە لایەن (ئێن ئاڕ تی)ەوە لە ماوەی ٤٠ ڕۆژ لە دوای تیرۆرکردنەوە بەرهەمهێنراوە، لەلایەن بەرپرسانەوە پێشوەخت دەبینرێت و لە کاتی یادکردنەوەیەک بۆ سەردەشت ڕێگری لە پەخشکردنی دەکرێت. |
| ١٥ ئەیلولی ٢٠١٠ | لیژنەی لێکۆڵینەوەی تایبەت لە لێدوانێکی کورتی ٤٣٠ وشەییدا ئەنجامەکەی بڵاو دەکاتەوە. هەروەها لیژنەکە دەستگیرکردنی گومانلێکراوێک بە ناوی هیشام مەحمود ئیسماعیل ڕادەگەیەنێت کە دوای لێپرسینەوە دانی ناوە بە تاوانەکەی. لێپرسینەوەی لیژنەکە لێکۆڵینەوەیەکی تاوانکاری کاریگەر و تەواو و خێرا و سەربەخۆ و شەفاف نییە و ڕەچاوی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان ناکات. |
| ٢١ ئەیلولی ٢٠١٠ | پەخشکردنی دانپێدانانی هیشام مەحمود ئیسماعیل لە کەناڵی کوردستان تیڤی، کە پارتی دیموکراتی کوردستان خاوەنییەتی. |
| تشرینی یەکەمی ٢٠١٠ | ئەنسارولئیسلام لەڕۆژنامە سەرەکییەکانی کوردستان بانگەشەیەک بڵاو دەکاتەوە و کە تێیدا نکۆڵی لە تێوەگلانیان لە کەیسەکەدا دەکەن و دەڵێن: "ئەگەر کەسێک بفرێنین یان بکوژین، ئەوا خۆمان ڕایدەگەیەنین. پێویستمان بە هیچ کەسێک نییە کە درۆمان بۆ بکات." |
| ئەیلول بۆ کانوونی یەکەمی ٢٠١٠ | خانەوادە و هاوڕێکانی سەردەشت ڕایدەگەیەنن کە لەلایەن بەرپرسانی پەیوەندیدار بە پارتییەوە هەڕەشەیان لێ دەکرێت بۆ ئەوەی دەست لە کەیسەکە هەڵبگرن. ئەندامانی خانەوادەکە ئەوەش دەڵێن کە لە لایەن بەرپرسانەوە پەیوەندییان پێوەکراوە دەربارەی پێشنیاری سازان یان ڕێککەوتن. |
| ١٥ی ئایار٢٠١٣ | تۆمەتەکانی سەر هیشام مەحمود ئیسماعیل لابران بەهۆی نەبوونی بەڵگەوە و دوای پەشیمان بوونەوەی لە دانپێدانانەکەی. ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە لە ڕاستیدا لە (٤ی ئایاری ٢٠١٠) ئەو لە زینداندا بووە. باوەڕ وایە کە هیشام مەحمود هێشتا لە زینداندایە. |

# A Safer World For The Truth

Free Press Unlimited

Committee to Protect Journalists
Defending Journalists Worldwide

Reporters sans frontières